ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە٧٣٠ ▪ یەکشەممە ٣١ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٢٢ی جولای ٢٠١٨
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## کچانی شیناوێ و بەردەوامیی بێبەشی و بەشمەینەتییان



کچانی زامداری شیناوی لەبەر سووتانی سەرەقامکەکانیان و پێویستیی تۆمارکردنی جێپەنجە بۆ کارتی نیتشمانی، ئەم کارتی پێناسەیان نادرێتێ.

حوسێن ئەحمەدی‌نیاز، پارێزەری کچانی شیناوێ دەڵێ دەوڵەت لەسەریەتی هەموو مافێکی ئەو منداڵانە بدا، بەڵام تا ئێستا کاری دەوڵەت خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکان بووە و ئەو کەمە مافەش کە تا ئێستا پێیان دراوە وەک بڵێی خێریان پێکردبێتن؛ تەنانەت هیچ مشوورێک لە خوێندنیان نەخوراوە و هەر جارە کە بۆ چارەسەری برینەکانیان دێنە تاران لە خوێندن دادەبڕێن.

کچانی شیناوی کە ماوەی زیاتر لە ٦ ساڵە عەودالّی داودەرمان و مافەکانیان، جارێکی دیکەش چوونەوە تاران و ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ی پووشپەڕ لەبەردەم دامەزراوەی سەرۆک کۆماری کۆبوونەوە. ئەوان دەڵێن تا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ جار نەشتەرگەرییان بۆ کراوە و بۆ چارەسەریی پزیشکی دەبێ بەڕێی دەرەوەی وڵات بکرێن، بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت بە کەمتەرخەمیی زۆرەوە هەر جارێ بە بیانوویەک ئەو سەفەرە وەدوا دەخەن.

# تێرۆری ڤییەن و پەلهاویشتنی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی

کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داوانامەیەکدا ڕوو بە دەوڵەتی ئوتریش ڕایگەیاندوە کە کردنەوەی پروەندەی تێرۆری ڤییەن دەتوانێ پێش بە پەرەسەندنی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بگرێ. دەقی ئەو داوانامەیە لە لاپەڕەی ٥دا داندراوە

▪ سەروتار

## ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟


عەلی بداغی

لەوەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران جڵەوی دەسەلاتی ئێرانی بەدستە، قەت ئەوندەی ئێستا چییەتی و چۆنیەتیی ئەم نیزامە سیاسییە و هەروەها کۆمەڵگەی وڵات جێی سەرنج و وردبوونەوە نەبووە. ئەوەندەی بۆ خەڵک و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، دەبینین کە بێکاری، هەژاری، بێهیوایی، قەیرانی ئابووری، قەیرانی ئاو و ژینگە و دەیان قەیرانی دیکە کە هەمووی دەرەنجامی شێوەی ڕوانین و دەسەلاتی کۆماری ئیسلامین؛ بینەقاقای ئەم وڵاتەیان گرتووە و کۆمەڵگەی خستووەتە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەخت، بەڵام یەکلاکەرەوە. بێتوانایی دەوڵەت و حکومەتیش لە چارەسەری کێشەکانی خەڵک، یان لە بنەڕەتدا بێبایەخبوونی ئەو کێشە و ئارێشەیانە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیدی هیچ هیوایەکی بۆ خەڵک، جیا لە هیواداربوون بە تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی نەهێشتۆتەوە. ڕاپرسییە جۆراوجۆرەکان کە لەلایەن ناوەندە جۆربەجۆرەکانەوە دەکرێن لە یەک دەراوێشتەدا پێک دەگەن، ئەویش ئەوەی زیاتر لە سەتا ٨٠ی خەڵکی ئێران دەخوازن ئەم ڕێژیمە نەمێنی.

لەولاش کۆماری ئیسلامییە کە لەلایەک بە سیاسەتی قەیرانخولقێنیی لە ناوچە و جیهاندا ئێرانی خستووەتە بەردەم تیغی قورسترین سزا و گەمارۆ ئابوورییەکانی زلهێزێکی وەک ئەمریکا؛ لەنێوخۆی وڵاتیش بە گەندەڵیی هەوسارپچراو و لە شووشەکردنی خوێنی خەڵک و تەمابڕاوکردنیان لە ئیسلاح و چابوون، هیندەی دیکە لە چاوی خەڵک لە نێوخۆ و لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا تەرە بوون. ئەم بارودۆخە و ئەم کەلێن و لەبەریەکوەستانە کۆمەڵگە بەرەو گۆڕانێکی بنەڕەتی و دەسەلاتیش بەرەو ڕووخانی زووتر پاڵ پێوەدەنێ، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە چی دەبن و تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ئاوابوونی خۆری ئەم ڕێژیمە چۆن دەبێ؟

ئێستاش لەوانەیە ئەم بۆچوونە تین و گیانی لەبەردا مابێ کە دەکرێ لە ڕێگەی هێزە ئیسلاحخوازەکانەوە قەیرانی گۆڕانکارییەکان لە ئێراندا مودیرییەت بکرێن، بەتایبەت کە لەلایەک ئێستاش بۆچوون و خوێندنەوەی زۆر لە وڵاتانی ئورووپا لەو خانەیەدا چڕ دەبێتەوە کە لە نەبوونی هێزێکی بەهێزی جێگرەوەی تۆکمە و ڕێکخراو لەجێی کۆماری ئیسلامی، تاکەهێز کە هەم توانای ڕێکخستنی خەڵک و هەم ئەزموونی ئیدارەکردنی وڵاتیان هەبێ هەر ئیسلاحتەڵەبەکانن. ئەوان تەنانەت...

٢






وتووێژ لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەن زادە/٢-٣


لە تاوانی ڤییەن هەتا بڕیاری میکونووس/٤


قاسملوو وەک هێمایەک/٥


دیالۆگی ڕەخنەگرانە و گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم.../٥


دەمانەوێ حیزبەکەمان قسەی کۆتایی بکا.../٦


مێژوو و ڕابردوو یەک نین/٧


پیشمەرگە مەندیل سپییەکان/٨


فێمینیزم، یاسا و شەریعەت/١٠

## ٢٢ی پووشپەڕ، دەرفەتێک بۆ زیندووکردنەوەی پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو

کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستانی ئێران بە تایبەتی یەکێ لە قوربانییەکانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران لە دژی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ و لە دادگا چەند چرکەییەکانی سادق خەڵخالییەوە دەستی پێکرد و هەتا ئێستاش گەورەترین مەترسیی سەر چالاکانی سیاسیی کوردستانی ئێران هەمان تێرۆریزمی دەوڵەتییە کە لە مێتۆدە نەگۆڕەکانی دەسەلاتی تارانە. لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لە درێژەی هەمان سیاسەتی تیرۆریسم هەوڵی لە خشتەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان دراوە و هاوکات بە سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و سازمانی خەبات و کۆمەڵە و باقی هێز و لایەنە سیاسییەکان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تیرۆری ئاخوندەکانی ئێران و تێرۆری فیزیکی کران. هەموو ئەو تاوانە نەبەخشراوانە بە بەرچاوی جیهان کرا و مخابن لە دونیای سات و سەودای ئابووریدا ئەو جینایەتانە دێزەبەدەرخۆنە کران و تاوانباران تا تاران ئیسکۆرت کران. لە دەرکەوتەکانی گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا لەڕاست ئێران ئاماژەدان بە تێرۆری نەمران دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکەندی بەدەستی دەوڵەتی ئێران لەلایەن بەرپرسانی باڵای ئەمریکا بوو کە ئەوەش دەکرێ وەک بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران قوربانیی دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لێی بڕوانرێ. قۆناغی ئێستا لەوانەیە باشترین دەرفەت بێ بۆ زیندووکردنەوەی هەموو کەیسەکانی تێرۆری تێکۆشەرانی سیاسی لە کوردستانی ئێران و بە تایبەتی تێرۆری دکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان و هاوکات پێویستە و زەرووره بۆ بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، هەموو وڵاتانی بەرپرس لە بەرانبەر ئاسایشی جیهانیدا، بەتایبەتی وڵاتانی ئورووپایی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەلایان ڕێژیمی تاران و تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمە بۆ بەرژەوەندیی کورتخایەن نەخەنە پشتگوێ و؛ لەو چوارچێوەشدا بێدەنگی و بێهەلوێستیی تاهەنووکەی دەوڵەتی ئوتریش مەحکووم دەکەین. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێرای مەحکوومکردنی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران و تێرۆری ڤییەن، تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی کوردستانی ئێران وەک دۆسیەیەکی کراوە سەیر دەکا و ئامادەیە لەگەڵ هەر دادگایەکی بێلایەن هاوکاری بکا بۆ ئەوەی دۆسیەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردستان لەو دادگایەدا تاوتوێ بکرێ و، چیتر لە بێدەنگی جیهانیدا کەسایەتی و چالاکانی سیاسیی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئێران تێرۆر نەکرێن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی**

دریژەی:

# ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟

ئێستاش بەو خۆشباوەڕییەوە چاوی خۆیان لەو ڕاستییە دەنووقێنن کە ئیسلاحتەڵەبەکان و بناژۆخوازەکان لە حوکمەتی کۆماری ئیسلامیدا لەسەر بنەما فیکری و ئیدۆلۆژییەکانی سیستم کەمترین ناکۆکییان لەگەڵ یەکتر هەیە. ڕوونە کە ئیسلاحتەڵەبەکان و بناژۆخوازەکان هەتا ئێستاش لە هەموو شتێکی جەوهەریدا _سیاسەتی هێژمۆنیخوازیی ئێران لە ناوچە، سیاسەت لە بەرامبەر ئەمریکا، بەرنامەی ئەتومی و مووشەکی، کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، پرسی نەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی دیکە لە نێوخۆی وڵات_ ئەو دوو قوڵەی نیزام هێندە لێک نیزیکن ئاو نادەڵێن، ئەوەی دیکە دەمێنێتەوە سەر شەڕی دەسەڵات و شێوەی ڕاییکردن و بەڕێوەبەریی وڵاتە؛ ئەگینا لە هیچ کام لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە دەرحەق بە خەڵکی ئێران کراون و لە هیچ کام لەو قەیرانگەلەی لە چوار دەیەی ڕابردوودا تووشی ئەو وڵاتە کراوە، ئیسلاحتەڵەبەکان نە دەتوانن خۆیانی لێ دەراوێن و بێبەری بن؛ نە تا ئێستاش گۆڕانێکیان لە بابەتە مەبدەئییەکاندا تێدا پێک هاتووە. ئەوەی پردیارە ئەوەیە کە هەردوولا هەموو شتێک دەکەن لە پێناو مانەوەی ڕێژیمەکەیاندا و هەموویان دانیشتووی کەشتییەکن کە ئێستا ئیدی بە تەواوی لەقوڕ چەقیوە.

ئێستا ئیدی هەموو دەرهاویشتەکان پێمان دەڵێن کە ئەم ڕێژیمە قابلییەتی گۆڕان و چابوونی نییە و ناشیهەوێ تۆخ فڕێ بدا، ئەو پەیامەش بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا دەدا، بەڵام ئەوەی تا ئێستا یارمەتیی مانەوەی ڕێژیمی داوە وەرنەگرتنی ئەو پەیامەیە بە چەند هۆ. یەکەم؛ لە نێو ئەوانە کە دەتوانن دەوری کاریگەریان هەبێ کەم نین ئەوانەی دژبەری سەرەکیی ڕێژیمیشن، بەڵام بەرژەوندییە جەوهەرییەکانیان لە مانەوەی ڕێژیم دایە. دووهەم؛ ئەوەی کەسان و گرووپگەلێک هەن کە پێیان وایە کێشەی ئێران قووڵتر لە کۆماری ئیسلامییە و لە ئەگەری ڕووخانی ئەم ڕێژیمەدا بگرە ئێرانیش لەبەر یەک هەڵوەشێ، یان نیزامێکی سیاسیی بەستراوە بێتە سەرکار و لەو سۆنگەیەوە مانەوەی کۆماری ئیسلامییان پێ باشتر بووە. هەشن ئەوانەی تا سەر ئێسقان دژی ئەم ڕێژیمەن، بەڵام زراویان لە شەڕ و شۆڕش و هەروەها ئیستیعدادەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیو چووە؛ هەروەها ئەو ترسەش کە ڕێژیم زیرەکانە و بەبەرنامە لە بەسووریە و بەیەمەن و بەعێراقبوونی وڵات لە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیدا بڵاوی دەکاتەوە، لەو ئاکامگیرییەدا بێ هۆ نییە. بەشی زۆری کۆمەڵگەش کە ئامارە ڕەسمییەکان خۆیان دەڵێن سەرووی سەتا٨٠ی کۆمەڵگە ڕێژیمی ناوێ، بەپارێزن و چاویان ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز نابینێ کە بچنە پشتی.

لەو گۆشەنیگایەشەوە کە بڕوانین دەبینین خاڵی بەهێزی مانەوەی تا ئێستای ڕێژیم، لە بێهێزییەکەی تا ئێستای ئۆپۆزیسیۆندا بووە کە لە ئێستادا خەریکە تۆخ فڕێ دەدا و خۆی ڕێک دەخاتەوە. ئەوەی لەو نێوەدا گرینگە متمانەیەکی کاڵوەبووەی خەڵکە بە ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی وڵات کە بەرهەمی چوار دەیە کاری بەبەرنامەی ژوورە فیکری و عەمەلیاتییەکانی ڕێژیمە و؛ ئەم متمانەیە دەبێ بگەڕێتەوە جێی خۆی. ئەوەی ئۆپۆزیسیونی لێبڕاوی ڕێژیم لە ئێستادا دەبێ هەیبێ و بیگرێتە بەر ئەوەیە: گوتاری ڕوون و شەففاف لەسەر بنەمای هزر و ئەندێشەی دێموکرات و ئەمرۆیی و، بە مەرزبەندییەکی تەواو ڕوون لەگەڵ هەموو بنەما فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامی. لە قۆناغی دواتردا یەکیەتیی بەکردەوەی هەموو هێزە شوێندانەرەکان و یەکخستنی وزەی خەباتگێری و گۆڕانخوازیی کۆمەڵگە.

لە بارودۆخی ئێستادا کە هەم نارەزایەتییەکان و خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات لە پەرەسەندن دان و هەم کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ئورووپایی لەهەمبەر ئێراندا بەرچاو دەکەوێ، لایەنە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیونی گۆڕانخواز و ڕاستەقینە پێویستە هەم دەست ببزێون، هەم دەست لە کۆمەڵێک بیرکردنەوە و سیاسەتی پێشوویان هەڵگرن. ئەوەی لە ئێستادا بەری هەموو شتێکە، ساغبوونەوە لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەشە، بەرژەوەندیی هاوبەشیش بەر لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی؛ ساغبوونەوە لەسەر مافی وەک یەک و بەرامبەری هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینی و فرەییەکانی دیکەیە لەگەڵ یەکتر، هەتا لە داهاتوودا سووڕی هەڵە سەرلەنوێ دەست پێ نەکاتەوە.

## د. ئاسۆ حەسەن زادە:

# کاری هاوبەشمان نابێ هەر بەیاننامە دەرکردن بێ!

دیمانە: مەنسوور مروەتی

> لە دۆخی ئێستای ئێراندا چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە کۆماری ئیسلامی لەبەردەم دووڕێیانی ڕووخان و گۆڕان دایە. ئەوەی بەلای خەڵکی کوردستانەوە گرینگە ئەوەیە کە ئایا پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات چەندە یەکگرتووانە ڕووبەڕووی سیناریۆکانی گۆڕان لە ئێران دەبنەوە، چ لەنێو خۆیاندا و چ ڕوو بە دنیای دەرەوە و دەسەڵات و هێزە سیاسییەکانی ئێران.
> «کوردستان» ئەو بابەتەی لە وتووێژێکدا لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاوتوێ کردوە.



**ئایا وەزعیەتی ئێستای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەهایە کە بتوانن پێکەوە و یەکدەنگ ڕووبەڕووی دۆخی ئەمڕۆ و ئایندەی ئێران ببنەوە؟**

سەرباری گرژی و نالێکییەکانی ڕابردووی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، دۆخی ئێستای نێوانیان لە جاران باشترە، بەڵام ئەویش بە هیچ جۆر لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک و پێویستییەکانی دۆخەکەدا نیە. ئاساییە کە هەموو گەلێک لە کاتی پشێوی و گۆڕاندا زۆرتر بیر لە یەکگرتن و خۆکۆکردنەوە بکاتەوە. بەڵام هەڵەیە ئەگەر بڵێین کە تەنیا لە ئەگەری ئاڵوگۆڕدا ئێمە دەبێ یەک بگرین. هەر میللەتێک کە هەڕەشەی لەسەر بێ و لە حاڵی خەبات بۆ ئازادیی خۆیدا بێ، دەبێ یەکگرتن وەک ئاسۆیەکی بێ کۆتایی لەبەردەم خۆی چاو لێ بکا. یەکگرتنیش بە دروشم و بەڵێن و ڕاگەیاندنی نیەت ناکرێ، بەڵکوو بە ڕێکار و میکانیزم و نەخشەڕێگا دەکرێ.

**باسی ئەوەت کرد کە دۆخی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئێستا لە جاران باشترە. چی هەیە کە وەک شتی باش لە پێوەندی و هاوکاریی نێوان حیزبەکاندا باس بکرێ؟**

شتی خراپ کە کۆتایی پێ دێ ئەوە بۆخۆی دەبێ بە شتی باشی حیساب بکەی. لە ڕابردوودا لایەن هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەسەر مەسایلی ئیدئۆلۆژیک لەگەڵ لایەنی دیکە گرژیی ساز کردووە و بەگشتی پلۆرالیزم لەلای ئێمە بەداخەوە ئیدەئالێکی دژوار و بەژان بووە. ئەمڕۆ گوتاری نەتەوایەتی بۆتە ئەولەوییەت. تەنانەت شێوازی چارەسەری پرسی کورد لە ئێرانیش، لەگەڵ هەموو کەموکوڕیی فۆرموولەکردنی و هەموو ڕەخنە و تێبینیەکانی بژاردەکانی کۆمەڵگە و سەرەڕای بێ متمانەییمان بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەڵام ئیجماعێکی نیسبیی لەسەر دروست بووە. پاشان پارتەکانی ئێمە لەگەڵ ئەوە کە دیاردەی زیانبەخشی تازەیان لەنێودا پەیدا بووە واتە لەتبوون و دابەشبوون، بەڵام هاوهەڵوێستی و هاوکاریی نێوانیان ئێستا زۆر زیاتر لە پێشوویە و تا ڕادەیەک بەرهەمیشی بووە.

**مەبەستت لەو بەرهەمە بە دیاریکراوی چیە؟ ئایا مەبەستت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانە؟**

ئەوە یەک لە بەرهەمەکانە. ناوەند بۆخۆی بەرهەمی ماوەیەکی زۆر دانیشتن و تەمرینی هاوفکری و هاوهەڵوێستی لەنێوان پێنج لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی حیزبە سیاسییە هەرە بەڕابردووەکانە. ئەو ناوەندە لەگەڵ ئەوەدا کە تا ئێستا شتی باشی کردوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا کراوە بە هیچ جۆر کافی نیە. چونکە جیا لەوە کە پێویستە ڕوانینێکی هاوبەش سەبارەت بە ئێستا و ئایندەی خەباتی خۆمان دروست بکا و میکانیزمی فراوانبوونەوەی خۆی و تەئسیردانانی زیاتر لەسەر خەباتی خەڵک و وەسڵ بوونەوەی زیاتر بە کۆمەڵگەی نێوخۆش دروست بکا، دەبێ کەرەستەی خەبات لەنێوان حیزبەکان خۆیان و لەنێوان حیزبەکان و کۆمەڵگەدا یەک بخا. ڕەنگە هەر ئێستا زەحمەت بێ بەرەی کوردستانی دروست بێ، بەڵام ئەگەر ناوەند هەنگاوێک بەرەو ئەوە نەنێ کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئیتلافێکی واقیعیی بلۆکی کوردی لە ئێراندا شکڵ بگرێ، ئەدی چ دەکا؟ لێرەدایە کە هەم لە بەستێنی گوتاریدا، هەم لەبواری کاری بەکردەوەدا (دیپلۆماسی، پێشمەرگە، تەشکیلات، مێدیا، حیزب و کۆمەڵگە و...) و تەنانەت بۆ بیرکردنەوەی هەر لە ئێستاوە لەو ئاریشانەی کۆماری ئیسلامی پاش ڕووخانی وەک میراتی مەنفی بۆمان بەجێ دێڵێ و لەپێناوی سالمسازیی کۆمەڵگەی دوارۆژ و مەسایلی ستراتژیکی گەلەکەمان بە چەشنێک چاو لە ڕۆڵ و ئەرکی خۆی بکا کە هەر فەسڵە لە فەسڵی پێشوو چەند هەنگاو زیاتر چووبینە پێش.

**خەڵک چاوەڕوانی دروستکردنی بەرە بوو. مادام حیزبەکان نەیانتوانیوە شتێکی وەها دروست بکەن، لە بنەڕەت ڕا ئێوە چۆن چاو لە پێکەوە کارکردن دەکەن؟**

هەر حیزبێکی ڕۆژهەڵات خۆی بە هەڵقوڵاوی بەستێنێکی مێژوویی و فیکریی تایبەت بە خۆی دەزانێ و جەهانبینی و روانینی تایبەت بە خۆی بۆ پرسی خەبات و چارەسەری مەسەلەی کورد هەیە. قەتیش نابێ چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێ هەموومان وەک یەک بیر بکەینەوە و ببینە یەک. بەڵام سەرباری ئەو جیاوازییانە کە هەر بوون و هەر دەشمێنن، دەبێ چەند شتمان لەبەر چاو بێ. یەکەم، ئێستا و لە داهاتووشدا بە پێشبینیی من هیچ پارتێکی سیاسیی ڕۆژهەڵات ناتوانێ بە تەنیا تەواوی کایەی سیاسیی کورد لە ئێران کۆنترۆڵ بکا. مادام ئیمکانی ئەو باڵادەستییە نییە، ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە: ڕێگای ئەوەڵ ئەوەیە درێژە بە تەکڕەوی و بەجیا و بەتەنیا کارکردنی خۆمان بدەین. جا مادام حیزبەکانی دیکە دەیکەن، بۆچی حیزبەکەی منیش نەیکا؟ کێشە ئەوەیە کە جیا لەوە کە ئەمە، پەڕش و بڵاوبوونی وزەی خەباتی لێ دەکەوێتەوە، مەعلومیش نییە ئەگەر ڕۆژێک گەڕاینەوە سەر خاکی خۆمان، ئەو ڕکابەری و ململانێیانە چیان لێ شین دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە خیسلەت و سروشتی سەرەکیی سیاسەت ڕکابەرییە، بەڵام بۆ ئەمڕۆی ئێمە ڕکابەریی بێ سنوور و بێ چوارچێوە زەرەرمەندەکەی هەر کورد لە ئێران بە گشتی دەبێ. دەبێ بزانین کە لە سبەینێی پاش کۆماری ئیسلامیدا کورد لە هەر حاڵدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕکابەری و ململانە لە دەرەوەی خۆی ڕا دەبێتەوە: بۆ نموونە هێزە توندڕەو و سەلەفییەکان؛ لایەنی توندڕەوی قەومی لەو شوێنانە کە دیموگرافیمان لەگەڵیان تێکەڵە؛ دەستێوەردانی هێزی پارچەی دیکەی کوردستان؛ ئەوە جیا لە پیلان و مەزنیخوازییەکانی بیری شۆڤێنیستی و ناوەندگەرا و زۆر چالشی دیکە کە تازە ئەودەم سەر وەدەر دەنێن. مادام ئێمە وەک کورد هەر ڕووبەڕووی ئەو ڕکابەرییانەی غەیری خۆمان دەبینەوە کە ڕەنگە بەشێوەی مەترسیدارتر لە رابردووش دووبارە ببنەوە، ڕێگایەکمان جگە لە بژاری دووەم لەپێش نییە. ئەویش ئەوە کە بەڕاستی قەناعەت بەوە بێنین کە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە بەتایبەتی لەسەر بناخەی ناوکە ڕەسەن و بەڕابردووەکەی بە تەفاهومێکی واقیعی و پایەدار بگا، کە هەر تاکتیک یا بۆ قۆناغێکیش نەبێ بەڵکوو هەروەک گوتم ئاسۆیەکی بێکۆتایی لەپێش خۆی دابنێ کە ڕکابەری و ململانێی نێوان حیزبەکان لە هەر حاڵدا بێ، پرسە گەورە و هاوبەشەکانی چارەنووسی گەلەکەمان پێکەوە و بە یەکدەنگی ببەینە پێش.

**حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەڕووی دنیای دەرەوە و بەڕووی ئێرانییەکاندا نەیانتوانیوە هەیئەتێکی هاوبەش دروست بکەن. بۆ نموونە جەنابت وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتەنیا سەردانی ئەمریکات کرد. دواتر حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ پێکەوە چوون، بەڵام لەویش لێک هەڵبڕان. هەمووی ئەو چالاکییانەش جۆرێک ڕکابەریی جێگای نیگەرانیی لە فەزای مەجازیدا لێ کەوتەوە. ئایا ئەمە دروستە؟**

هەتا کاتێک بەستێن و کەرەستەی هاوبەش بۆ تەعامول لەگەڵ دەرەوەی خۆمانمان نییە ناتوانین گلەیی بکەین کە بۆچی لایەنێک بەجیا ئەم دیدار و سەردانانە دەکا. حیزبەکانی ڕۆژهەڵات چ بەهۆی بەردەوامیی زێهنیەتی ڕکاربەری، چ بەهۆی جیاوازیی ڕوانین، هێشتا نەبوونە خاوەنی ئەو ئالیەت و کەرەستە هاوبەشانە. دیارە وەک حیزبەکەی خۆمان، حیزبی دێموکراتی کوردستان قسەم زۆرە کە بڵێم چەندە خۆمان ماندوو کردوە و چەندە مایەمان لە خۆمان داناوە بۆ گەیشتن بەو کەرەسە هاوبەشە، بەڵام ڕەنگە

باشتر وا بێ بەگشتی وەک کوردی ڕۆژهەڵات چاو لە بابەتەکە بکەین و خەمی لێ بخۆین.

**کاتی خۆی د. قاسملوو ڕچەشکێنی ئەوە بوو کە تەنیا حیزبیانە بیر لە دروستکردنی دیپلۆماسیی کوردی نەکاتەوە و پێشدا وەک کورد دەجوڵایەوە. ئێستا چۆن دەکرێ بە قەولی خۆت لانیکەم وەک کوردی ڕۆژهەڵات بۆ ئەو بابەتە بچین؟**

ئەوە بە لایەنێک بەتەنها ناکرێ. ئەگەر لایەنەکانی دیکە پێیان وابێ ئەو کەرەسە دەڵەمەیەی هاوکاریی نێوانمان (واتە ناوەند) بۆ ئێستا کافییە و بەوەندە قەناعەت بکەن، لایەنێک کە پێی وابێ کە پێویستە زۆرتر و خێراتر بچینە پێش، بەتەنیا ناتوانێ بەو ئامانجە گشتییە بگا. پێویستە هەموو پێکەوە بەتایبەتی ئەو لایەنانەی قورساییان زۆرترە بە تەفاهوم بگەن، ئەوەش پێویستی بە تەوازووع و خۆماندووکردنی زۆرتر و چارەسەری کێشەی شێوەی ڕوانین لە خۆمان و لە دەرەوەی خۆمان هەیە. هێندێک لایەن ئێستاش بە شێوەی ئیدئۆلۆژیک چاو لە جەمسەربەندییەکانی دنیای دەرەوە و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەکەن، شتێک کە ئێستا باوی نەماوە. ئێمە پێویستە بەدوور لە بەستراوەیی، مەسڵەحەتی میللەتی ئێمە لە کوێ بوو پێکەوە کاری لەسەر بکەین. دیارە یەکخستنی ڕوانگە زۆر شتی دیکەی پێوەندیدار بە ئامانج و شێوازی خەباتیش دەگرێتەوە. ئەو ڕوانینە هاوبەشەمان کە دۆزیەوە، ئەودەم کەرەسەی هاوبەش دەبێ بۆ ئەوە دروست بکەین کە کاری هاوبەشمان تەنیا لە بەیاننامە دەرکردندا خولاسە نەبێتەوە، بەڵکوو لە هەموو بەستێنەکانی

لەجیاتی ئەوەی سەرمایەگوزاری لەسەر لایەن یا کەسایەتییەکی بەئیستلاح مەترەحتر بکەین، تێکۆشاوین بۆ شکڵگرتنی ئەو بلۆکبەندییانە کار بکەین کە لەوێدا نێوەرۆکی ویست و داخوازەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕەنگدانەوەیان هەیە

خەبات و لە هەموو بوارەکانی تێکۆشانماندا پۆتانسیەل و کەرەسەمان هەماهەنگ و تەنانەت یەک بخەین.

**وەک گوتت پارتەکانی ڕۆژهەڵات لە هاموشۆ لەگەڵ تەیفەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا یەکگرتوو نین. حدک بۆخۆی لە شووڕای دێموکڕاسیخوازان دایە. هێندێک لایەن بەدووی سەڵتەنەتتەڵەبەکاندا دەڕۆن. هێز هەیە لەگەڵ موجاهیدینە. لەسەر ئەمە دەڵێن چی و چارە چیە؟**

نالێکی و نایەکگرتوویی بۆخۆی نەخۆشییەکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییە (دیارە شتی وا هەیە کە زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی بەناو سەراسەری لەسەری کۆکە، بۆ نموونە خەمی تەواوەتیی ئەرزیی ئێران و ئەقلیەتی ناوەندگەرا). بارتەقای ئەو ناڕوونی و پەرش و بڵاوییانەی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا دەبینرێ، ڕوانین و ڕەفتاری ئێمەش وەک کورد لەگەڵیان جیاواز و نایەکدەستە. لێرەشدا بۆ ئەوەی ڕێکاری هاوبەش بدۆزینەوە، پێویستە لەپێشدا ڕوانگە و مێتۆدی تەعامولمان بکەینە یەک. لەگەڵ ئەوەدا کە لە مانگەکانی ڕابردوودا باسی موجاهید و سەڵتەنەتتەڵەب زۆر مەترەح بووە، ئەولەوییەتی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جێیەکی دیکەیە. ئێمە بە مێتۆدێکی ماهیەتی کار دەکەین، واتە لەجیاتی ئەوەی سەرمایەگوزاری لەسەر لایەن یا کەسایەتییەکی بەئیستلاح مەترەحتر بکەین، تێکۆشاوین بۆ شکڵگرتنی ئەو بلۆکبەندییانە کار بکەین کە لەوێدا نێوەرۆکی ویست و داخوازەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕەنگدانەوەیان هەیە. ئەوەمان لە شووڕای دێموکڕاسیخوازانی ئێراندا کردووە، لەگەڵ هێندێک هەمایشی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ هەمان مەبەست لە هەوڵ داین و بەهیواین بتوانین دواتر ئەم جەمسەرانەی کە زۆرترین دەرکی پرسی ئێمەیان تێدا دەستەبەر دەبێ، پێکەوە گرێ بدەینەوە. شەڕی ئێمە لەسەر شکڵ و ناو و فۆرم نییە، بەڵکوو شەڕ لەسەر نێوەرۆکە. ئێمە هاوکات لەگەڵ یەکخستنی پایەداری نێوماڵی کورد و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دوفاکتۆیەکی دەسەڵاتی کوردی لە ڕۆژهەڵات، دەبێ بە دووور لە سنووربەندیی ئیدئۆلۆژیی و فیکری و تەنانەت بەدوور لە سنووربەندیی مێژوویی و سیاسییش بۆ چەسپاندنی کاکڵی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان تێ بکۆشین. هەربۆیە دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ هیچ تەیفێکی ئۆپۆزیسیۆن نابێ بە عەیبە دابندرێ و پێویستە کوردی ڕۆژهەڵات بە یەکگرتوویی لە هەموو مەحفەلەکاندا بچێ قسەی خۆی بکا و قورسایی بلۆکی خۆی نیشان بدا. ئەگەر قبووڵمان بێ لەگەڵ هەمووان قسە بکەین، پرسیار ئەوەیە ئەدی لەگەڵ کێهانە ڕێک بکەوین؟ لێرەشدا ئەمن لەگەڵ تابۆسازی نیم. ڕوانین و کارنامەی سەرجەم تەیفەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە چاک و خراپەوە دەرهەق بە کورد لەسەریەک زۆر دڵخواز نیتە، چونکە هەروەک گوتم لەلای زۆرینەی تەیفە بەڕابردوو و مەترەحەکان دەمارگرژی بۆ تەواوەتیی ئێران و جۆرێک لە بیری شۆڤێنیستی یا لانیکەم ناوەندگەرا زاڵە. هێندێک تەیفیش هەن کە پاشخان و ئەزموونێکی ناخۆشتر و تاڵتر لە تەعامول لەگەڵ کوردیان هەیە. ئەوانە پێویستە پێشدا حازر بن پێداچوونەوە بەو میرات و پاشخانە

لە زوڵم و ناهەقی لەگەڵ کورد بکەن. چونکە هەر بە دروشم و قسەی جوان ناکرێ متمانەیان پێ بکرێ.

**نالێکی و ناهەماهەنگیی هێزەکانی ڕۆژهەڵات شێوەکانی خەباتیش دەگرێتەوە. دەبینی مانگرتنێک دەبێ، هەر لایەنە بۆخۆی خۆی لێ بە خاوەن دەکا. یان لایەنێک لەپڕ تەئکید لە شێوازی چەکداریی خەبات دەکا و بۆخۆی بەجیا بەدوایدا دەچێ. لایەنیش هەیە وەک حدک کە وێڕای خەباتی پێشمەرگانە، سەرمایەگوزاری لەسەر خەباتی خەڵک لە نێوخۆ دەکا. ئەم نالێکی و ناهەماهەنگییە چۆن چارەسەر دەکرێ؟**

پێش هەموو شتێک لەو باوەڕەدام کە هیچ لایەنێک نابێ ئیدیعای ئەوە بکا کە مۆنۆپۆلی شێوەیەک لە خەبات لە دەست وی دایە. بۆ نموونە حیزبی ئێمە لەو دە دوازدە ساڵەدا ڕچەشکێنی چوونەوەی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات و حزووری چەکداری بووە، ئاماری شەهیدە تازەکانیشمان باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەیە. بەو حاڵەش، ئیجازە بە خۆمان نادەین بڵێین هەر ئێمە چالاکی ئەو مەیدانەین و لایەنەکانی دیکە باوەڕیان پێی نییە. ئینجا، پێویستە کایەی سیاسیی خۆمان لە تەنیا شێوازێکی خەباتدا نەبینین. خەباتی ئێمە لە هەرحاڵدا دەبێ خەباتێکی فرەڕەهەند بێ و بە یەکێک لە شێوازەکانی خەبات کارەکەمان بۆ جێبەجێ نابێ. دیارە دەکرێ هەر وەرزە بەپێی هەلومەرج و بەپێی دەرفەت و بەربەستەکان ئەولەوییەت بدەینە یەکێک لە شێوازەکانی خەبات. بەڵام ئەوەش کاتێک سەرکەوتوو دەبێ کە پێکەوە لەسەری ساغ بینەوە و بە هەماهەنگی بیکەین. بە باوەڕی خۆم دوو شت هەن کە وا باشە هیچ حیزبێک ئەمڕۆ بە تەنیا و بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە نەیکا، دەنا شتەکە بەرهەمی چاوەڕوانکراوی نابێ و هەم تێچووی ئینسانی و هەم تێچووی سیاسیی کارەکە لەسەرێ دەبێ. یەکەمیان خەباتی چەکدارییە، ئەوی دیکە وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمە. سەبارەت بە بەستێنی نێوخۆش، لەگەڵ ئەوەدا کە ریسالەتی مێژوویی پرسی کورد لە ئێران لەسەر شانی حیزبەکانە بەتایبەتی حیزبی دێموکڕات، بەڵام حیزبێک کاتێک دەتوانێ بەڕاستی کاریگەر بێ و بەرنامەی خەباتگێڕانەی خۆی جێبەجێ بکا کە پشت بە هێزی خەڵک ببەستێ و بە کۆمەڵگەی خۆی وەسڵ بێتەوە. لێرەدایە کە پێویستە ئێمە وەک حیزبەکان هەموومان لەسەر ئەوە ڕێک کەوین کە متمانە و

> ڕەنگە هەر ئێستا زەحمەت بێ بەرەی کوردستانی دروست بێ، بەڵام ئەگەر ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەنگاوێک بەرەو ئەوە نەبێ کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئیئتلافێکی واقیعیی بلۆکی کوردی لە ئێراندا شکڵ بگرێ، ئەدی چ دەکا؟

شەخسیەتی زۆرتر بدەین بە چالاکانی نێوخۆ و هانیان بدەین کە هەرچی لە دەستیان دێ بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک و بەجەماوەریکردنی خەبات هاوکاریمان بکەن. لەولاشەوە ئەوانیش دەبێ بزانن تەئسیر و ئیلهامی زیاتر لە حیزبەکان وەربگرن و لە ڕێگای ئەوانەوە باشتر بە ڕەهەندی سیاسی و مێژوویی پرسی کورد لە ئێران وەسڵ ببنەوە. کەواتە هەردوو بەستێنی شۆڕشگێڕی و مەدەنی لەبری ئەوەی بە هەڕەشە و موزاحیم و بەدیلی یەکتر ببینین، پێویستە بە تەواوکەری یەکتریان دابنێین و پێکەوەش بەرنامەڕێژیی ئەم هەماهەنگسازییە بکەین. بۆ ئەوەش دەبێ پشت بە گوتارێکی هاوبەشی هەمەلاگیر ڕوو بە نێوخۆی کۆمەڵگە ببەستین کە هەموو جۆراوجۆرییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە چ لە ڕووی فەرهەنگی و جوغرافیەوە، چ لەڕووی جنسیەتییەوە و چ لەڕووی فیکری و سیاسییەوە وە خۆ بگرێ.

**سەبارەت بە پێوەندیی نێوان حیزبەکان خۆیان، هێندێک کەس دەڵێن ئەو حیزبانەی دابەش بوون مادام ناتوانن پێکەوە کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن و یەک بگرنەوە، چۆن دەتوانن لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکاندا پێکەوە کار بکەن و لەوێدا یەکگرتوو بن. لەلایەکی دیکەشەوە کاتێک لە فەزای مەجازیدا چاو لە ڕەفتاری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکان دەکەین، بەڕاستی ئەو نیگەرانییە لای خەڵک دروست دەبێ کە سبەی ڕۆژ لە مەیدان و لەسەر خاکی وڵاتی خۆیان چەندە دەتوانن تەحەمولی یەکتر بکەن و لە بەرامبەر یەکتر ڕانەوەستن؟**

یەک لەو زەروورەتانەی حیزبەکان لەپێشیانە ئەوەیە کە لە چوارچێوەی گونجاوی خۆیدا خەسارناسییەکی ڕابردووی گرژی و نالێکییەکانیان بکەن بۆ ئەوەی لە سبەینێی ئاڵوگۆڕدا بەهۆی دووبارەبوونەوەی ئەم نێوان ناخۆشی و نالێکییانە دەرفەتەکان بۆ کورد لەبار نەچن یا ڕیزی کوردی ڕۆژهەڵات لاواز و نارێک نەبێتەوە. بۆ ئێستا دەمەوێ پێش هەموو شتێک جەخت لەسەر بەرپرسایەتیی تاک بکەم کە پێش ئەوەی شتێک بکا یا شتێک بڵێ پێویستە بیر لە دەرەنجامەکانی ڕەفتارەکەی بکاتەوە. لە بەستێنی جەمعییشدا هەر وایە و زێهنیەت و ڕەفتاری لایەنەکان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێ. بەڵام ئەوە کە مادام حیزبە پارچە بووەکان ناتوانن یەک بگرنەوە دەبێ لە یەکگرتنی وانیش بێ ئومێد بین، ئەمن وا فکر ناکەمەوە. موشکلێک هەرچەند گەورەش بێ، کاتێک

خرایە نێو زەرفێکی گەورەترەوە، لەوێدا چووکتر دەنوێنێ. دەبێ بزانین کە ژینگە و بەستێنەکان کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری سیاسیی تاکەکان و لایەنەکان هەیە. حاشای لێ ناکرێ کە دوو حیزب کە لە تەعامولی نێوانیاندا هەر لە فکری حەزف و تەزعیفی یەکتردا بن، لە چوارچێوەی فراوانتریشدا ڕەنگە تا ڕادەیەک لەسەر ئەو ئەقڵییەتە بڕۆن و ئەگەر هەست بە بەرپرسایەتی نەکەن، دەتوانن ئەوێش وێران و نەزۆک بکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی لەوێدا لایەنی دیکەش هەن و ئەساسەن سوورەتی مەسەلەکە لەوێدا جیاوازە، وردە وردە بە قەواعیدێکی دیکەی بازی ڕادێن کە دەتوانێ لە زەرەرەکانی ڕکابەری و ململانەی ڕاستەوخۆ و دوولایەنەیان کەم بکاتەوە.

**لەسەر فۆرموولی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران پێت وایە دەبێ چی بکرێ بۆ ئەوەی لەم مەسەلە ستراتژیک و ئەساسییەدا حیزبەکان هەماهەنگ بجوڵێنەوە؟**

لایەکی مەسەلەکە هەبوونی تریبوون یان ئالییەتێکی یەکگرتووی نوێنەرایەتیکردنی کوردی ڕۆژهەڵات ڕوو بە دنیای دەرەوە و هێزەکانی پێکهێنەری ئالترناتیو و دەسەڵاتە. لایەنی دیکەی کارەکە ڕوانگەمان بۆ جۆری چارەسەری پرسی کورد لە ئێرانە. پێشتر گوتم ئیجماعێکی نیسبی هەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کورد خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و تەنانەت جیابوونەوەیە، بەڵام ئەگەر ماف و مەوجودییەتی بەڕاستی لە ئێراندا تەزمین بێ، بە هۆکاری سیاسی هێشتا قابلییەتی کارکردن لەسەر فۆرموولێکی پێکەوە ژیانی گەلان لە ئێرانی تێدایە، جا ئەو فۆرموولە هەرچییەک بێ. بۆ سیاسەت و کارکردنی هاوبەشیش لەسەر ئەوە، پێم وایە دەتوانین پرەنسیپێک لەپێش خۆمان دابنێین کە بریتییە لە ئینعتاف لە فۆرموولی گشتیی ئێراندا بەڵام پێداگری سەبارەت فۆرموولی تایبەت بە کورد. مەسەلەی کورد لە ئێران هەم گرێدراوە بە باقیی ئێران هەم تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بەو مەعنایە کە کورد نابێ غافڵ بێ لە هاوچارەنووسی لەگەڵ لایەن و پێکهاتەکانی دیکەی نێو ئەو وڵاتە و نابێ ئینکاری پێویستیی دێموکراسی بکا (چونکە دێموکراسی کەمەکەشی هەر سوودی زۆرە بۆ میللەتی ئێمە). بەڵام کورد دەبێ پێش هەموو شتێک مافەکانی خۆی و دەسەڵاتی نەتەوەیی و جوغرافیایی خۆی بۆ گرینگ بێ. بۆ ئەوەش پێویستە دەستئاوەڵایی تەواوی هەبێ بۆ ئەوە کە بەدەر لە کوللی ئێران داوا بکا مەسەلەی کوردستان حەللی تایبەت بە خۆی وەربگرێ. ئەوەش هیچ دژایەتیی نییە لەگەڵ فیدرالیزم یا لامەرکەزیکردنی سەرجەم وڵات. زۆر وڵاتمان هەیە (بۆ نموونە ئیسپانیا) کە لەودا وێڕای سیستمی هاوبەشی ئیدارەی وڵات، گەل یا پێکهاتەیەک ستاتووسێکی پێ دراوە کە لە ستاتووسی پێکهاتەکانی دیکە جیاواز و لەپێشترە. ئەو ئینعتاف و دەستئاوەڵاییە هەروەها دەبێ بە مانای ئەوە بێ کە مادام کوردستان ستاتووسی موستەحەقی خۆی هەبێ، کێشەیەکمان لەگەڵ شکڵی حکومەتیی سەرجەم وڵات نییە. بۆ نموونە ئێمە لە بەرنامەی خۆماندا گوتوومانە سیستمی کۆماری و فیدرالی دەتوانێ

> لەگەڵ ئەوەدا کە خیسڵەت و سروشتی سەرەکیی سیاسەت ڕکابەرییە، بەڵام بۆ ئەمڕۆی ئێمە ڕکابەریی بێسنوور و بێ چوارچێوە زەرەرمەندەکەی هەر کورد لە ئێران بە گشتی دەبێ

دەستەبەرێکی پێکەوەژیانی دادپەروەرانە و ئاشتییانەی گەلانی ئێران بکا. مانای ئەوەیە کە وێڕای ئەرجەحییەتمان بۆ سیستمی کۆماری و فیدراڵی، شەڕی ئێمە بە پلەی یەکەم سیستمێکی حکومەتیی دیاریکراو بۆ سەرجەم وڵات نییە بەمەرجێک لە ماهییەتدا ئەو سیستمە گشتییە ژینگەیەکی لەبار بۆ جێبەجێبوون و پاراستنی مافە نەتەوایەتییەکانی ئێمە بڕەخسێنێ. لە دنیادا زۆر نموونەمان هەیە کە فیدراڵیشن و کۆمارییش نین.

**تەوافوق لەو نێوەدا چ جێگایەکی هەیە؟**

لە بەرامبەر یەکتر دانانی تەوافوق و دێموکڕاسی لەڕووی عیلمییەوە هەڵەیە. جیا لەوە کە هەموو سیستمە دێموکراتیکەکان لەڕاستیدا بەرهەمی تەوافوقی نێوان نوخبەکانی نوێنەری فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگەن، ئەم لەبەرامبەر یەکتردانانە کورتکردنەوەی دێموکڕاسی لە دێموکڕاسیی ئەکسەرییەتیدایە. دێموکڕاسیی تەوافوقی بۆخۆی یەکێک لە شکڵەکانی دێموکڕاسییە. بەرنامەی حیزبی ئێمە هەر لەدوای کۆنگرەی چاردەوە کۆمەڵێک پرەنسیپی تێدا هاتووە

## کۆڕیادی ٢٢ی پووشپەڕ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان




حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی سێشەممە ١٩ی پووشپەڕ بەبۆنەی ساڵیادی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کۆڕیادێکی پێک هێنا. لە پەنێلی یەکەمی کۆڕیادەکەدا عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتێکی کوردستان باسێکی لەبارەی هۆکارەکانی تێرۆرکرانی دوکتور قاسملوو و سەرکەوتنی ئەو پیلانە تێرۆریستییە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و؛ هەروەها ڕەوتی بەدواداچوونی پەروەندەی ئەو تێرۆرە پێشکێش کرد. لە برگەیەکی دیکەی ئەم کۆڕیادەدا کتێبی «نرخی خوێن ونەوت لە ڤییەن» ڕوونوێنی کرا کە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. لەو برگەیە لە کۆڕیادەکەدا عەلی بداغی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب لە ناوەندی ڕاگەیاندن بە وردی نێوەڕۆکی ئەو کتێبەی بە ئامادەبووان ناساند و باسی لەوە کرد کە ئەم کتێبە باسێکی نێوخۆیی پارلمانی ئوتریش بۆ باس لەسەر پەروەندەی تێرۆری ڤییەنە کە تێیدا حیزبەکانی ئۆپۆزیسیون داوا دەکەن کۆمیتەیەکی بەدواداچوونی ڕاستییەکان بۆ ئەو بابەتە پێک بێ کە دواتر بەهۆی دژایەتیی زۆرایەتیی پارلمانەوە ئەم داوایە دەنگ ناهێنێتەوە.

## بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ڤییەن لە بناری هەڵگورد



دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بناری چیای هەڵگورد لە ڕێوڕەسمێکی پێشمەرگانەدا یادی شەهید دوکتور قاسملووی ڕێبەریان بەرز ڕاگرت. لەو ڕێوڕەسمەدا برایم چوکەڵی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی فێرگەی سیاسی_نیزامیی حیزب لەسەر کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ بەشداران دوا و، بە ئاماژە بە پێگەی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوایەتیی کورددا؛ ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە تێرۆری دوکتور قاسملوو باس کرد. لە برگەکانی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا کۆمەڵێک سروود و هۆنراوەی حەماسی لەلایەن پێشمەرگەکانی حیزبەوە پێشکەش کران.

## ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان: تێرۆر و تێرۆریزمی دەوڵەتی مەحکوومە




ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ناکرێ حاشا لە داوا داخوازە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان بکرێ. ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا دەڵێ: ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژێکە بۆ مەحکومکردنی تیرۆر و تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ڕۆهەڵاتی کوردستان، لەو ڕۆژەدا دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات (لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لەکاتی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران لە پشت مێزی وتووێژ لە «ڤییەن»ی پێتەختی ئۆتریش کەوتە بەر دەستڕێژ و تێرۆر کرا. ناساندنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داهێنان و پێشنیاری ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان بووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا. ئەم ڕێکخراوەیە پێداگریی دەکاتەوە کە هەڵوێستی لەمێژینەی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆریزم و شێوەکانی و بە تایبەت تیرۆریزمی دەوڵەتی و تیرۆری نەیاران و دژبەرانی دەوڵەت هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و بە توندی مەحکوومە. ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، وێڕای مەحکومکردنەوەی چەند بارەی تیرۆرکردنی دکتور قاسملوو ڕایگەیاندوە کە بەردەوامیی تیرۆر، ئێعدام و یا زیندانیکردنی ڕێبەران و چالاکانی کۆمەڵگەی سیاسی و مەدەنیی کوردستان، بە ئامانجی حاشاکردن لە داخوازە سەرەکییەکانی گەلی کورد هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و، پێداگری لەسەر دابینکردنی ئازادی و مافی دێموکراتیک و فیدراڵ بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە.

## هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان لە ڕۆچنەی ئامارەوە

### (پارێزگای ئیلام)

وەک لە دوو بەشی پێشووی ئەو زنجیرەباسەدا هاتوە، پەرەنەسەندنی کوردستان لە جوغرافیای سیاسیی ئێراندا بەرهەمی سیاسەتی هەڵاواردن و ڕوانینی ئەمنیەتی بۆ کوردستانە. لەو نێوەدا فەرق ناکا پێکهاتەی پارێزگاکانی کوردستان لە ئێران، واتە ئیلام، سنە کرماشان و ورمێ چین و شیعەن یان سوونەن؛ بەڵکوو کوردستان و کوردبوون بەگشتی هۆکاری سەرەکیی ئەو پەراوێزخرانەیە کە ئامار و داتا ڕەسمی و حکومەتییەکان بە باشی دەیسەلمێنن.

پارێزگای ئیلام کە سەدی ١١ی هەموو پاشکەوتی نەوت و گازی ئێرانی هەیە، لە بێبەشترین و پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێرانە. بێکاری و بێدەرەتانیی ژیان لەو پارێزگا دەوڵەمەندە وای کردوە کە لاوانی بەردەوام بەرەو شار و ناوچە سەنعەتییەکانی دەرەوەی کوردستان کۆچ بکەن و دەیان کێشە و خەساری کۆمەڵایەتیی دیکە وەک خۆکوژی، ساڵانێکی زۆرە بەرۆکی ئەو بەشەی کوردستانی گرتووە.

عەلیڕەزا ڕەمەزانی، کارناسی ئابووری لە ئیلام دەڵێ تا ئێستا پرۆژەی گەورەی ئابووری لە ئیلام وەڕێ نەخراوە و چەند کارخانەیەکی بچووکی وەک پێترۆشیمیی ئیلام، پالاوگەی گاز و کارخانەی سیمانی دێهلۆران ناتوانێ وەڵامدەری ڕێژەی زۆری بێکاری لەو پارێزگایە نییە. ئەو دەڵێ زیاتر لە نیوەی پرۆژەکانی بەرهەمهێن لە پارێزگای ئیلام بەهۆی کەمیی بودجە و نەبوونی سەرمایە ڕاوەستاون و نە دەوڵەت و نە بانکەکان کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە.

لەهەموو جیهاندا بەندەرەکان و دەروازە سنوورییەکان و ئەو شوێنانەی ترانزیتی گەشتیاری ئایینی دەکەن، پڕداهاتترین و دەوڵەمەندترین شوێنەکانن، لەکاتێکدا بۆ پارێزگای ئیلام ئەوە ڕێک بە پێچەوانەیە. ئیلام هەموو تایبەتمەندییەکی توریستیی تێدایە، ناوچەیەکی سنوورییە و دوو وڵات کە دەسەڵاتی شیعەیان هەیە و لەیەکتر زۆر نزیکن، لەیەکتر گرێ دەدا. ساڵانە بە میلیۆنان کەس بۆ سەفەری زیارەتی بۆ عێراق بەئیلامدا تێپەڕ دەبن، بەڵام ئیلام لەڕووی هەژاری و ڕێژەی بێکاری و ئیعتیادی لاوانیدا لە ڕیزەکانی یەکەم دایە.

جگە لەوەش پارێزگای ئیلام و بەدیاریکراوی «مێهران» لەشەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراقدا ببووە قەڵغانی شەڕ، زۆرترین خەڵکی مەدەنی لە ئیلام کوژران و هەتا ئێستاش ئاسەواری شیمیایی و مین و پاشماوەی شەڕ بە شەقام و کۆلان و گوندەکانی پارێزگای ئیلامەوە دیارە، بەڵام هەرگیز لەلایەن بەرپرسانی ئێران ئەو تایبەتمەندییەی لەبەرچاو نەگیراوە و لە ڕیزی بودجەی ساڵانەشدا تەنانەت کەمتر لەمافی خۆی بە بەراورد بەپارێزگاکانی دیکەی بۆ تەرخان دەکرێ. زۆرترین پرۆژەی نیوەچڵ لە ئیلامدا هەن، زۆرترین بێکار و گیرۆدەی مادەی هۆشبەر لە ئیلامدان، کەمترین کار بۆ وشیاریی کۆمەڵایەتی و گرنگیدان بە کولتووری کوردی ئەو پارێزگایە دراوە.

ئەحمەد شەوهانی، نوێنەری ئیلام لە مەجلیس دەڵێ ئەم پارێزگایە بە ٥٥٠ هەزار حەشیمەتەوە زیاتر لە ١٠٠ هەزار بێکاری هەیە. بە واتایەکی دیکە لە هەر پێنج کەس یەکیان بێکارە. ئەو نایشارێتەوە کە سەدی ٩٠ی کارگە و یەکەکانی بەرهەمهێنان لە ئیلام لە کار وەستاون و تەنیا سەدی ١٠ی ئەوان، ئەویش بە کەمترین توانایانەوە کار دەکەن.

محەممەدڕەزا مروارید، پارێزگاری ئیلام دەڵێ کە هیچ هەوڵێک بۆ پەرەپێدانی ژێرخانە گەشتیارییەکانی ئەم پارێزگایە نەدراوە و هیچ چەشنە ئیمکاناتێک لە بواری گەشتیاریی لەم پارێزگایەدا بەدی ناکرێ، بەڵام هیچ کەس و لایەنێکیش لە بەرامبەر ئەم گرفتەدا خۆی بە وەڵامدەر نازانێ. قسەکانی پارێزگاری ئیلام و گلەییەکانی لە حاڵێک دایە کە بۆ خۆی پایەبەرزترین کاربەدەستی دەوڵەتە لەو پارێزگایەدا.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان لە پارێزگای بچووکی ئیلامدا زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس بە تەواوی نەخوێندەوارن.

عەلی بەیرانوەند، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە و بارهێنانی پارێزگای ئیلام دەڵێ ئەم پارێزگایە لەگەڵ کەمیی لە ڕادەبەدەری قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندن بۆ خوێندنی ١٠٠ هەزار قوتابی بەرەوڕوویە. ناوبراو دەڵێ ستانداردی بەشدارانی پۆلێکی خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا ٢٠ کەس و بۆ قۆناغی ناوەندیش ٢٥ کەسە، بەڵام هەموو کلاسەکانی خوێندن لە ئیلام لە قۆناغی سەرەتایی زیاتر لە ٣٠ کەسیان تێدا جێ کردوونەتەوە و بۆ قۆناغی ناوەندییش ٣٠ تا ٣٥ کەس.

چەند وردە ئاماری دیکە باشتر دۆخی پەرەنەسەند و پەراوێزخرانی ئەو پارێزگایەمان بۆ دەردەخا:

کارخانەی سمیتی دێهلۆران بە یەکێک لە گرینگترین پرۆژە ئابوورییەکانی پارێزگای ئیلام دادەنرێ، بەڵام نیوەچڵە و بەهۆی کەمیی بودجەوە تەواو نەکراوە. کاربەدەستان دەڵێن بڕی ٦٠ میلیارد تمەن بۆ تەواوکرانی پێویستە کە نایدرێتێ.

پرۆژەی ئاسنەڕێی پارێزگای ئیلام کە چەندین ساڵە قەرارە جێبەجێ بکرێ و هەموو ساڵێ بە بیانووی جۆراوجۆر ئەم پرۆژەیە دوا خراوە، ئێستا ماوەیەکە بە تەواوی کارەکانی ڕاگیراوە.

عەسگەری، جێگری کاروباری ئابووریی پارێزگای ئیلامیش لە پێوەندی لەگەڵ ڕێگە و بانەوەکانەوە دەڵێ بوودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئاسنەڕێی شائاباد بۆ ئیلام بڕی ٢٠٠ تا ٣٠٠ میلیۆن یۆرۆ هەڵدەگرێ و بۆ ئاسانکارییەکانی دیکەی تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە ٤٠٠ تا ٥٠٠ میلیارد تمەنی دیکەش پێویستە.

پیترۆشیمیی دێهلۆران وەک گرینگترین پرۆژەی بواری وزە لە ئێران و پارێزگای ئیلام لە دوو دەوڵەتی ڕۆحانیشدا هێشتا چارەنووسی ناڕوونە. قەراربوو ئەم پرۆژەیە ٧ ساڵ لەوەپێش دەست پێبکا، بەڵام ئێستا پاش ئەو هەمووە ساڵە هێشتا هەر لەسەر کاغەز ماوەتەوە و هیچی بۆ نەکراوە.

یارولڵا نەسیری، سەرۆکی ڕێکخراوی سەنعەت، مەعدەن و بازرگانیی پارێزگای ئیلام دەڵێ لە ١٨٣ کارگە و یەکەی پیشەسازیی داخراوی ئەو پارێزگایە تەنیا ١١٦ یەکەیان ئیمکانی بوژاندنەوەو وەگەڕخستنەوەیان هەیە و بۆ ئەو مەبەستەش هەر نەبێ چەند سەت میلیارد تمەن بودجە پێویستە.

کارناسانی بازاڕی کار دەڵێن لە ئاستیی گشتیشدا نرخی بێکاری لاوان لە پارێزگای ئیلام سەرووسەدی ٤٤ و لە کرماشان لە سەدی ٤٥ زیاترە.

# لە تاوانی ڤییەن هەتا بڕیاری مێکونووس



عومەر باڵەکی



لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا کە لە ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا و لە ژێرناوی «هۆکارەکانی پەلکێشکرانی د. قاسملوو بەرەو بۆسەی مەرگ» چاپ و بڵاو بۆوە، باسمان لەوە کرد کە چۆن کۆماری ئیسلامی لە نیازپاکیی د. قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد کەلکی خراپی وەرگرت و پیلانیان لە دژی گێڕا، بەڵام ئەوەی گرینگ بوو ئەمە بوو کە چۆن بتوانن متمانەی دوکتور قاسملوو وەدەست بێنن و بیخەنە بۆسەی مەرگەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە نییەتی ئاشتیخوازانەی خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی کەڵکیان وەرگرت. بەوەش دوو ئامانجیان دەپێکا: یەکەم کوشتنی د.قاسملوو و دووهەم چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور. بەڵام لەگەڵ ئەوەی چەند گەڕ و دانیشتن لەنێوان دوکتور قاسملوو و تیمە تێرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی بە بەشداریی مام جەلال (وەک لایەنی سێهەم) دەکرێ، کەچی لەبەر کارقایمیی مام جەلال و چەند هۆیەکی تر پیلانەکەیان بۆ ناچێتە سەر و ئەمجارەیان بەبیانووی درکاندنی نهێنیی وتووێژەکانەوە هەوڵی لادانی مام جەلال و یەکیەتیی نیشتمانی لە ڕەوتی دانوستانەکاندا دەدەن.

لە فازێ نوێی پیلانەکەدا کە لەدوای مردنی خۆمەینی دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ د. فازیڵ ڕەسووڵ، نووسەر و کەسایەتیی ڕووناکبیری کوردی باشووری کوردستان کۆدەبنەوە و وەک نێوبژیوان بۆ درێژەدانی گەڕی نوێی دانوستانەکان ئەرکداری دەکەن. دوکتور فازیڵ ڕەسووڵ دوای سەردانی دوکتور قاسملوو لە پاریس و گەیاندنی پەیامی لایەنی ئێرانی لەسەر کاتی دانوستانەکان ڕێک دەکەون و بەمجۆرە دوکتور قاسملوو بەپێی خۆی دەچێتە نێو بۆسەی مەرگەوە.

دانیشتنەکەی یەکەم کە ڕۆژی ١٢ی مانگی جولای دەبێ، لایەنی ئێرانی زیاتر بۆ کات کوشتن و شناسایی وردتری شوێنی کۆبوونەوەکە دایدەنێن و سبەینێی ئەو ڕۆژە پیلانەکەیان جێبەجێ دەکەن. دوای تێرۆرەکە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس هەموو وردەکارییەکانی جینایەتەکەی ئاشکرا، دەکا بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئوتریش شتێکی دیکەی دەویست. ئەوان لەپێناو بەرژەوەندیی ئابووریی و سەودای خۆش و پڕ خێروبێر لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دادپەروەری و سەروەریی میلیی وڵاتی خۆیشیان وەلا نا.

لە کۆبوونەوەیەکی پارلمانی ئوتریشدا کە بۆ تاوتوێی پەروەندەی تێرۆری ڤییەن پێکهاتبوو، پارلمانتارێکی فراکسیۆنی لیبراڵەکان دەڵێ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان لەهەمبەر ئێراندا نەک لەسەر بنەمای سەروەریی نیشتمانی، بەڵکوو بەرژەوەندیی ئابووریی مەوداکورت بووە و لەو بارەیەوە بەتوندی ڕەخنەی لێدەگرێ. ئەو دەڵێ ساڵی ١٣٦٣ لانس، وەزیری دەرەوەی ئوتریش یەکەم سیاسەتمەداری ڕۆژئاوایی بوو کە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ سەردانی ئێرانی کرد. هەروەها ساڵی ١٣٦٦ ئوتریش یەکەم وڵاتی ڕۆژئاوایی بوو کە «ویلایەتی»، وەزیری دەرەوەی ئێرانی بانگهێشت کرد. کاتێکیش لە ساڵی ١٣٦٨دا فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی لەلایەن ڕێبەری ئێرانەوە درا، هەموو وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا باڵوێزەکانیان لە تاران کشاندەوە، تەنیا ئوتریش نەبێ کە پێشتر بەبیانووی پشوو گەڕابوونەوە و دەوڵەت نەیویست نێوانی لەگەڵ ئێران تێک بدا.

دیارە بەدەر لە چۆنیەتیی پیلانی وردی کۆماری ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئەم تێرۆرە، کەمتەرخەمییەکانی لایەنی حیزبی دێموکراتیش ڕەخنەی جیددیی لەسەرە، بۆ نموونە نەدەبوا قایل بەوە بن کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و شەخسی مام جەلال لە دانوستانەکە دەراوێژرێن، یان کاتێک کە کۆماری ئیسلامی پێشنیاری ئەحمەد بێنبنلا، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر وەک لایەنی سێهەم لە وتووێژدا ڕەت دەکاتەوە و د. فازیڵ ڕەسووڵ پێشنیار دەکا، سەیرە دوکتور قاسملوو ناکەوێتە گومان و ئاسان بەوە مل دەدا. یان کاتێک لایەنی ئێرانی لە پڕدا کەسێکیان پێ ئیزافە دەبێ لایەنی حیزبی دیموکرات بۆ ڕازی بوون یا بۆ ئەوانیش کەسێکیان بە هەیئەتە ئیزافە نەکردووە؟ ڕەنگبێ زۆر لێکۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنە، یان ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دەسکەوتنی زانیاری لە ناوەندە ئەمنیەتییەکان ڕۆژێک ڕووناکایی بخاتە سەر ئەو تاریکییە کە چی وایکرد دوکتور قاسملوو ئەو متمانەیەی لا دروست بێ تا ئەرخەیان لەگەڵ تێرۆریستەکان دابنیشێ.

سێ ساڵ دواتر و دوای تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جێگرەوەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دیکەی لە ڕێستورانتی میکونووس و؛ پاشان لە بڕیارە مێژووییەکەی دادگای بێرلین (مێکونووس)دا بوو، کە زۆر لایەنی شاراوەی ئەم تێرۆرە دەرکەوت. لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەینە چەند وێکچوویی و خاڵی جیاوازی ئەم دوو کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی.

### خاڵە وێکچووەکان:

ـ بڕیاری هەردوو تیرۆرەکە لەلایەن کومیتەی تایبەت لە شووڕای ئەمنیەتی باڵای کۆماری ئیسلامی درابوو کە لەژێر سەرپەرستیی شەخسی ڕێبەری نیزامدا کار دەکا.

ـ هەردووک تیرۆرەکە ئامانجیان لێدان لە سەری جووڵانەوەی کورد و بە ڕوونی کەسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

ـ هەردووک تیرۆرەکە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لەسەر خاکی وڵاتانی ئورووپایی کران و لە هەردووک تیرۆرەکەدا کاربەدەستانی پلەبەرزی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە بۆ بە سەرخستنی تیرۆرەکان.

ـ لە هەردووک تیرۆرەکاندا تیرۆریستەکان بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیک هاتوچۆی وڵاتانی ئورووپاییان کردووە و لە هەر دوو تێرۆرەکەدا ئەو چەکانەی کەڵکیان لێ وەرگیراوە و دوایە دۆزراونەتەوە؛ لە لێکۆڵینەوەکاندا ڕوون بۆتەوە ئی جبەخانەی ئەرتەشی ئێرانن.

ـ لەکاتی تیرۆرەکاندا هەر دوو وڵاتی ئوتریش و ئاڵمان دوو شەریکە بازرگانیی گەورەی ئێران بوون، بە تایبەت لەباری فرۆشتنی چەکوچۆڵ و کەرەستەی نیزامیدا.

### جیاوازییەکانی تێرۆری ڤییەن و مێکونووس

ـ لە دوو وڵاتی جیاوازی ئورووپایی بەڵام هاوسنووری یەکتر کران.

ـ لە تیرۆری ڤییەندا تیرۆریستەکان، شەهیدەکانیان (قوربانییانی کردەوە تێرۆریستییەکەیان) لە نیزیکەوە ناسیوە و چەندین جار لە نیزیکەوە لەگەڵ یەکتر دانیشتنیان بووە و بکوژەکان لە ماوەیەکی زەمەنیدا هەوڵیان داوە متمانەی قوربانییەکان وەدەست بێنن. بەڵام بە پێچەوانەوە لە تیرۆری میکونووسدا تێرۆریستەکان شەهیدەکان ناناسن و هیچ پێوەندییەکی پێشتریان پێکەوە نەبووە و ئەو کاتە قوربانییەکانیان لە نیزیکەوە دیتووە کە تەقەیان لێکردوون.

ـ لە تێرۆری میکۆنوسدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کردەوە تێرۆریستییەکە لە کەسانی غیرەئێرانی و ئێرانی کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام لە تیرۆری ڤییەندا هەموو تێرۆریستەکان ئێرانی و سەر بە دامودەزگای سپای پاسدارانی ئێران بوون و بە پاسپورتی ساختە و ناوی خوازراو لەژێرناوی دیپلۆماتدا لەسەر میزی کوشتارەکە دانیشتوون.

### هەڵویستی ئوتریش و ئاڵمان و دەزگای قەزایی ئەو دوو وڵاتە

ـ دەزگای قەزایی ئوتریش دوای ئاشکرابوونی کردەوە تێرۆریستییەکە نەیتوانی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و لە ڕاستیدا وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە توانیی زاڵ بێ بەسەر دەزگای قەزاییدا؛ بەڵام دەزگای قەزایی ئاڵمان لە ڕەوتی تیرۆری میکونوسدا توانیی سەربەخۆیی خۆی بپارێزی و هەتا ئەو جێگایە چووە پێش کە توانی لە حوکمی کۆتاییدا کاربەدەستانی پلەیەک و هەرە سەرووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرماندەر و بکەری ئەسلیی ئەو تیرۆرە بە جیهان بناسێنێ. ئەوەش لە مێژووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا شتێکی دەگمەن بوو کە دادگای جینایی وڵاتێک حوکمی گرتنی دەسەڵاتدارانی وڵاتێکی دیکە بکا کە هێشتا لەسەر تەختی دەسەڵاتن.

ـ دەزگایی قەزایی ئوتریش کەوتە ژێرکاریگەریی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و ملی دا بە دیزەبەدەرخۆنەکردنی کردەوە تێرۆریستییەکە، بەڵام دەزگایی قەزایی ئاڵمان نەچووە ژێرباری هیچ هەڕەشەیەک یان بەرتیل وەرگرتنێک؛ بەڵکوو ئەو هەڕەشە و بەرتیلدانەی وەک بەڵگە بەکار هێنا بۆ سەلماندنی ئەوە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تاوانباری سەرەکین لەو کردەوە تیرۆریستییەدا.

ـ لە شوینی تیرۆرکردنی د.قاسملوو و هاوڕێیانیدا بە قسەی سەرۆکی دەزگای دژەتیرۆری ئوتریش هەموو بەڵگەکان شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە تێرۆرەکە کاری دیپلۆماتە ئێرانییەکانە، چونکە دوای کەمتر لە سەعاتێک پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکەیە و سەحراڕودی بە برینداری کەوتۆتە دەستی پۆلیس و، بوزورگیان بە پاکەتێکی پۆستی کە خوێناوییە و بەستەیەک دۆلاری ئەمریکی لە شوێنی ڕووداوەکە پۆلیس گرتوویەتی و لە یەکەم لێکۆڵینەوەدا پۆلیس بۆی دەرکەوتووە کە قسەی سەحراڕودی و بوزرگیان لە بابەت چۆنیەتیی ڕووداوەکە لەگەڵ یەکتر ناتەبان. هەروەها کەرەسەی تیرۆرەکە لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەن پۆلیسەوە دۆزرانەوە، وەک دەمانچە کە نیشانەی پەنجەی سەحرارودی لەسەر بوو و، دۆزینەوەی دوو سوێچی ماتۆرسیکلیت مۆدیل سوزەکی کە لە ڕووبەروبوونەوەی کابرای فروشیار لەگەڵ سەحراڕودیدا، کابرای فروشیار تەردەست سەحراڕودی دەناسێتەوە و، ئەوانە هەموو بەلگە بوون لە بەردەستی دەزگای قەزایی ئوتریش.

لە حاڵێکدا بۆ دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی بکەرانی تێرۆری میکۆنوس پۆلیسی ئاڵمان دەبوایە کاری زۆر ورد و دەقیق و درێژماوە بکا هەتا بتوانی سەرەداوێک لە جینایەتەکە وەدەست بێنێ، چونکە لە شوێنی ڕووداوەکە تەنیا ئاسەواری بەجێماو، تەرمی شەهیدەکان و چەند برینداریک بوو، بکەرەکان بۆی دەرچووبوون و شوێنپێیان لەدوای خۆیان بەجێ نەهێشتبوو.

ـ ڕەوتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و بڕیاردان لەسەر پەروەندەی مێکونووس زیاتر لە پێنج ساڵی خایاند، بەڵام بە پیچەوانەوە دەزگایی قەزایی و دەوڵەتی ئوتریش پەلەیان هەبوو هەرچی زووتر دوو تیرۆریستەکە، واتا سەحراڕودی و بوزرگیان بەڕێی ئێران بکرێنەوە. بۆ نمونە ڕۆژی ١٣ی مانگ جینایەتەکە ڕوو دەدا و هەر ئەو ڕۆژە ئەو دوو کەسە دەستبەسەر دەکرین، بەڵام ٢٢ی مانگ واتا تەنیا ١٠ ڕۆژ دواتر سەحرارودی لە نەخۆشخانەوە لەژێر چاوەدێریی پۆلیسی دژەتیرۆری ئوتریش دەبردرێتە فرۆکەخانە و بەرەو تاران بەری دەکرێ.

سەرچاوەکان:


ـ ئیسکۆرت بەرەوە تاران، پیتر پلیچ وەرگێرانی حەسەن کتیبی ئەیوب زادە
ـ خولیا و مەرگی قاسملووی کورد، کارۆڵ پروونهووبێر، وەرگێرانی فەتاح کاویان
ـ پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە، ڕوئیا حەکاکیان، وەرگێرانی عەبدوڵلا حەسەنزادە
ـ ترور بەنام خدا، پرویزدستمالچێ
ـ نرخی نەوت و خوێن لە ڤییەن، (باسێکی پارلمانی ئوتریش لەسەر تیرۆری د.قاسملوو، وەرگێرانی تاهیر حیکمەت
ـ قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە، قادر وریا
ـ دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مودێرن و شۆڕشگێرێکی دێموکرات، ئا: کاوە بەهرامی
ـ ئوروپاییەک لە وڵاتی کوردانداا، نەسرین قاسملوو، وەرگێرانی ناهید حوسێنی

کوردستان
• ژمارە:٧٣٠
٣١ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٢٢ی جولای ٢٠١٨

# قاسملوو وەک هێمایەک



قادر وریا



٢٩ساڵ بە سەر تیرۆری د.قاسملوودا ڕابرد. ئەمریکا دوای ٢٩ ساڵ، بۆ یەکەم جار ئەمساڵ لە سەر زمانی برایان هووک، بەڕێوەبەری سیاسەتدانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، بە ڕەسمی ڕێژیمی ئێرانی وەک ئەنجامدەری تاوانە تیرۆریستییەکەی ٢٩ساڵ لەمەوبەری ڤییەن ناوبرد.

٢٩ ساڵە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە دەوڵەتان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانیەوە، ئەوەندە بە دەنگ دادخوازیی خەڵکی کوردستانەوە نەهاتوون کە چی دیکە ڕێگە بە دەوڵەتی ئوتریش نەدەن پەروەندەی ئەم تیرۆرە دابخا. وڵاتانی ئورووپاییش کە ئوتریش یەک لە خۆیانە و لە یەکییەتییەکەیان و شوورا و پارلمانەکەیاندا ئەندامە و ڤییەن، پێتەختی ئەو وڵاتەیان کردووە بە بنکەی ژمارەیەک لە ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی ئورووپا و جیهان، پووشبەسەرکردنی ئەم تیرۆرەیان هەر وا بە لاوە ئاساییە! لەوانەشە هەتا ژماردنی پێچەوانە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست پێنەکا و دەنگی شەقبردنی پایە و کۆڵەکەکانی مانەوەی ئەو ڕێژیمە بە باشی بە گوێیان نەگا، ئەو بێدەنگی و بێتەفاوەتییەی خۆیان لە ئاست چارەنووسی پەروەندەی تیرۆری ڤییەن، هەروا بپارێزن. بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەشەی کوردستان کە قاسملوو نوێنەرایەتیی خەبات و خۆراگریی خەڵکەکەی لە پێناوی ئازادی، دیموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانیاندا دەکرد، بە تێپەڕینی ساڵەکان نەک هەر د. قاسملوو، ڕێگا و ڕێباز و ئامانجەکانی و، هەروەها تاوانی تیرۆری ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەیەی خۆیان لەبیر نەکردوە، بەڵکوو ساڵ بە ساڵ زیاتر، ئەویان کردوە بە ڕەمز و هێمای خۆیان.

د.قاسملوو تا پێش تیرۆرکرانی لە لایەن نێردراوانی ڕێژیمی ئێران، لە کۆڕ و کۆمەڵی ئێرانی، ناوچەیی و جیهانیدا، زیاتر وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، دەناسرا. بەڵام لە دوای شەهیدکرانی لە سەر مێزی وتووێژ، لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە سیمای سەرکردەی شەهیدی نەتەوەیەکی زۆرلێکراو. ڕاستە خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی، بەشی هەرە سەرەکیی خەباتی ئەو حیزبەی پێک دێنا کە قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، ئەوەش هەر ڕاستە کە پرسی نەتەوەیی و مافی نەتەوەیی بەشی هەرە دیاری هزر و ڕوانین و خەبات و تێکۆشانی د.قاسملوو لە دوو دەیەی دوایی تەمەنیاندا پێک دێنا، بەڵام ئەوانە هیچ کامیان بە ڕادەی شەهیدکرانی لە سەر مێزی وتوویژ، ئەویان نەکرد بە ڕەمزی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک. ئەوانەی لە ناوەندی دەسەلاتداریێتیی ڕێژیمی ئێران نەخشەیان بۆ تیرۆری ئەو ڕێبەرە دارشت و دوایەش لە خۆشیی سەرکەوتنی پیلانەکەیان سەرمەستانە پێکەنین، عەقڵیان لە شاقەلەکانیان کورتتر بوو. ئەوان بیریان لەوە نەکردبووە نرخێک کە بۆ لەنێوبردنی ئەو سەرکردەیە دەیدەن، کڕینی نەفرەتێکی هەتاهەتایی بۆ خۆیان و ڕێژیمەکەیان لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە. دیارە لەوە گەوجتر بوون لەم ڕاستییە تێ بگەن کە بە پیلان و دەهۆ لەنێوبردنی ڕێبەر و نوێنەری خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەیەک ئەویش لە کاتێکدا بە پێشوازیی ڕێگای ئاشتیخوازانەی چارەسەری کێشەی کورد و ڕێژیمی ئێرانەوە هاتوە، هەروا بە هاسانی بە سەریاندا تێپەڕ نابێ و، ئەگەر تاوانەکەیان لە ئوتریش و ئورووپا و ڕادەی جیهانییشدا بەرەوڕووی کێشەیەکی ئەوتۆیان نەکاتەوە، لە نێو ئەو خەڵکەی قاسملوو ڕێبەریان بوو، شوێنەواری تاوانەکەیان بە توندی بەرۆکیان دەگرێ. بە ڕێکەوت نیە، قاسملوو ٢٩ ساڵ دوای شەهید بوونی، بۆ نەوەی ئەمڕۆ نەک هەر نامۆ و ناوێکی نەناسراو نییە، بەڵکوو باوەڕ و ڕوانگەکانی، ئەو بایەخ و پەرەنسیبانەی هێنایە نێو خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی نەتەوەکەی و بە گشتی کولتوورە سیاسییە دەوڵەمەندەکەی، خۆشەویست و جێگەی ڕێزن و، تێکۆشەرانی ئەمڕۆ سەرەڕای جیاوازیی جۆر و دۆخ و شوێنی تێکۆشان، و جۆراوجۆریی حیزب و ڕێکخراوەکانیان، ئیلهامیان لی وەردەگرن.

د.قاسملوو لە مێژ ساڵە بووە بە سیمبولێک. سیمبولی خەباتێکی ڕەوا و سیمای پرسێکی لەمێژینە. پرسی ملنەدانی نەتەوەیەک بۆ بندەستی و داواکردنی مافی بە ئازادژیان. چارەنووسی خوێناویی قاسملوو، پەیامێکی تاڵ، هەر لەو کاتەدا ئەرکدارکەرانەی بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی ڕاگوێزت. پەیامەکە ئەوەیە کورد لە ئێران، ئەگەرجیابوونەوە و سەربەخۆییشی نەوێ، ئەگەر سەرەتاییترین مافەکانیشی لە توێی خودموختاری و لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکپارچەشدا داوا بکا، ئەگەر نیازی دوورکەوتنەوە لە بەرگریی چەکدارانە و نیەتی گرتنەبەری ڕێگای ئاشتیخوازانەشی هەبێ، وەلامەکەی لە لایەن دەسەلاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەر یەک شتە: بەردەوامیی بندەستی و بەرقەراریی گرتن و تیرۆر و سەرکوت. هەرچی لە ڕووداوە خوێناوییەکەی ڤییەن دوور دەکەوینەوە و پێ بە پێی ئەوەش، لە گەڵ درێژتربوونەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستەی لە تاران لە سەر کارە، ڕاستی و بابەتی بوونی ئەو پەیامە زیاتر خۆی دەردەخا. قۆڵی ئەو تیرۆریستانە بێجگە لە مار و دووپشک، مێشکی ئەو دەسەلاتدارە تاوانبارانە بێجگە لە پیلانی شووم، هیچی تریان بۆ کورد تێدا نییە. چار هەر ئەوەیە چارەنووسی د.قاسملووی هێمای ڕێبەرێکی لە ڕێی ئاشتیدا شەهیدکراو، شانبەشانی کولتوورە سیاسی و مودێڕنەکەی بکەین بە ڕێنوێنی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی خۆمان، بۆ ئەوەی بێ دوودڵی و بەوپەڕی لێبڕاوییەوە، هەتا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و ڕزگارکردنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستی، لە تێکۆشان بەردەوام بین.

***

## داوانامەی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حدک لە ئوتریش بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری ڤییەن

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە بەرەربەری ساڵیادی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی، لەنامەیەکدا داوای لە وڵاتی ئوتریش کردوە پەروەندەی تیرۆری ڤییەن وەگەڕ بخرێتەوە.

ئەو داوانامەیە لە ئوتریش و لە هەموو ئەو وڵاتانەی بەبۆنەی ساڵیادی تیرۆری ڤییەن خۆپیشان و ئاکسیۆنیان تێدا بەڕێوەچووە، ڕادەستی کۆنسوولخانەکانی ئەو وڵاتە کراوە.

**دەقی داوانامەکە بەمجۆرەوە:**

**بەڕێز جەنابی باڵوێزی ئوتریش!**

**سڵاو و ڕێز!**

ئەو نامەیەتان بۆ دەنێرین و هیوادارین بایەخی پێ بدەن.

هەروەک دەزانن نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە جیهاندا کە لە سەرەتاییترین مافی نەتەوەیی و ئینسانیش بێبەشە. کوردستان دابەش کراوە بەسەر چوار وڵاتدا کە لە نێویاندا، کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیزیکەی ١٢ میلیۆن حەشیمەتەوە، لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش چەوساوەتر و بێبەشترە، چونکە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەرەفە کە دەست لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە گەلی کورد ناپارێزێ. هەر لە ئیعدام و ئەشکەنجەوە بگرە تا تیرۆری ڕێبەرانی کورد لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا کە بۆی بکرێ. وێنەی بەرچاوی ئەم جینایەتانە تیرۆری ڕێبەری مەزنی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو بوو لە پێتەختی وڵاتەکەی ئێوە.

وەبیرتان دێنینەوە و بێگومان زۆرجاری دیکەش لە گەڵیان باس کردوون کە بۆ هەموو خەڵکی کوردستانی ئێران بە تایبەتی و دەیان میلیۆن کورد بە گشتی کردنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بایەخێکی نەتەوەیی هەیە و چاوەڕوانن ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی ئوتریش ڕێگا بدا کە ئەو پەروەندەیە ڕێگای قانوونیی خۆی بپێوێ و تاوانبارانی ئەوجینایەتە، کە گومانی تێدا نییە سەرانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەگرێتەوە بە سەزای خۆیان بگەن. با عەداڵەت لە وڵاتی ئێوەش ڕێگای خۆی بپێوێ، هەروەک چۆن لە پەروەندەی تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفەندی لە وڵاتی ئاڵمان سەرەڕای هەموو گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێگای خۆی پێوا و دادگای وڵاتی ئاڵمان ڕێگای نەدا نادادپەروەری زاڵ بێ و بە هەڵوێستێکی دادپەروەرانە شانازیەکی گەورەی بۆ وڵاتی ئاڵمان و بە تایبەت بەشی قەزاییەکەی بەدەست هێنا. سەرەڕای ئەوەش لە بەرلین چەندساڵ دواتر مۆنومێنتێکیان بۆ ڕێزگرتن لە دوکتور شەرەفکەندی و تێکۆشەرانی هاوڕێی دانا.

لە ٢٩ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیدا، زۆر ئاڵوگۆڕ ڕووی داوە، دەستی ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی زۆرتر ئاشکرا بووە، وڵاتێکی گەورەی وەک ئامریکا باسی تیرۆری دوکتور قاسملووی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە لە وڵاتی ئێوەدا کردوە. زۆر لایەن دەزانن کە پەردەپۆشکردنی ئەو جینایەتە و ناردنەوەی بکوژان لە ژێر گوشاری ڕێژیمی تاراندا بووە. کردنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو خزمەتێکی گەورە دەبێ بۆ هەمو گەلانی ئێران، ئازادیخوازان بە گشتی و نەتەوەی کوردی زوڵم لێکراو بە تایبەتی. دڵنیاتان دەکەین کە ئەوکارە لە لاوازکردن و نەهێشتنی تیرۆریزم، بە تایبەت تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کاریگەریی زۆری دەبێ. گەلانی ئێران بە حکومەتی ئاخوندەکان ڕازی نین و لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا بە کوردستانیشەوە خۆپیشاندان درێژەی هەیە. بۆ وڵاتی ئێوە دۆستایەتی کردن لەگەڵ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران هەم شانازیی زۆرترە و هەم داهاتووی ڕووناکترە، بەتایبەت کە ڕێژیمی ئیسلامی هەم لە ڕادده بەدەر جینایەتکارە و هەم داهاتوویەکی ڕوونی نییە. دوکتور قاسملو لەبەر خزمەتە گەورەکانی بە مرۆڤایەتی و بە نەتەوەی کورد، جێگایەکی گەورە ی لە نێو گەلی خۆیدا هەیە و قەت لە بیر ناچێتەوە. ئێستاش لە خۆپیشاندانەکاندا دروشمی قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە، دەنگ دەداتەوە.

لە کۆتاییدا تکا و داوامان ئەوەیە کە دەوڵەتی ئێوەش پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بکاتەوەو لە دادگایەکی ئاشکرا و عادڵانەدا، تاوانباران بناسێنێ تا چەپکە گوڵی ڕێز و پێزانینی هەمو نەتەوەی کورد و ئازادیخوازانی ئێران و جیهانتان پێ بگا.

**بە ڕێزەوە**

**کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی**

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

## بەڕێوەچوونی دوویەمین کۆبوونەوەی شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران لە ئاڵمان



شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران پێکهاتوو لە دە حیزب و ڕێکخراوی نەتەوە جیاجیاکانی ئێران ڕۆژی شەممە، ٢٣ی پووشپەڕ لە شاری «کۆڵن»ی ئاڵمان دوویەمین کۆبوونەوەی خۆی گرت.

ئەو کۆبوونەوەیە بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خۆپێشاندانەکان و تاوتوێکردنی دۆخی ئێستای ئێران و، هەوڵدان بۆ لێکنیزیکی و هاوگوتاری ئۆپۆزسیون و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هاتنە ئارای هەرچەشنە ئەگەرێک لە ئێران، درێژەی بە کارەکانی خۆی دا.

لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کاری کۆنفڕانسەکەدا خاتوو مۆنا سیلاوی، بەڕێوەبەری بەرنامەکە ڕایگەیاند کە کۆنفرانس هاوکاتە لەگەڵ تیرۆری دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەلایەن کۆنفرانسەوە تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی مەحکوم کرد و لەلایەن شووڕاوە داوای لە وڵاتانی ئوورووپایی کرد کە پێویستە پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو زیندوو بکرێتەوە.

لەو کۆنفڕانسەدا خالید حەسەنپوور، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاپۆرتی چالاکییەکانی شووڕای خوێندەوە و دواتر لە چەند پەنێلدا عەباس خورسەندی، عەبدوڵڵا موهتەدی، مستەفا شەڵماشی، دوکتور کەریم عەبدیان، زیبا سەدرولئیشرافی، حیشمەتوڵڵا تەبەرزەدی، فەرامەرز بەختیار و مەنسوور ئەسانلوو، وتاریان پێشکەش کرد و لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا بریارنامەی کۆنفراس کە ٦ خاڵی لەخۆگرتبوو، خوێندرایەوە.

شووڕای دێموکراسیخوازانی ڕۆژی شەممە، ٢٧ی خەزەڵوەری ٩٦ی هەتاوی یەکەم دانیشتنی خۆی لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە بردبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شوڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دوو حیزبی کوردین کە ئەندامی شوڕای دێموکراسیخوازانن.

# «دیالۆگی ڕەخنەگرانە» و «گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم» سووڕانەوە لە بازنەیەکی پووچدا



سمایل شەڕەفی

سیاسەتی دنیای دەرەوە بەرانبەر بە ئێران ئەوەندەی لەم چەند ساڵانەی دواییدا خوێندنەوەی دڵخۆشکەرانەی بۆ کراوە و لە سەر «هیچ و خۆڕایی» زۆری هیوا پێ بەستراوە، کەم وا هەبووە لە سەر بنەمای خوێندنەوەی بەرژەوەندییەکانی هەردوو لا (هەم ئێران و هەم دەوڵەتان) هەوڵی لێتێگەیشتنی بدرێ. بە تایبەت بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەسەر تێگەیشتنێکی ڕووکەشیانە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و شەڕی بەرژەوەندییەکان، لەسەر ئەساسی خەیاڵ و ئارەزوو، لە ڕادەبەدەر هیوایان بە «دروشمەکان»ی دنیای دەرەوە بەرانبەر ئێران خۆش دەکرد و ئێستایش زۆریان هەر لەو تەوەهووم و خۆشخەیاڵییە دان.

کۆمەڵێک ڕووداوی وەک ڕووخانی تاڵیبان لە ئەفغانستان، کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعس لە عێراق و بەتایبەت شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی لە باکووری ئافریقا و لە هەمووی گرینگتر سەرکەوتنی هەر ٨ ساڵی جارێکی لایەنی توندڕەو لە کۆشکی سپی، کاریگەرییەکی ئاشکرا و پڕڕەنگیان لە سەر جۆری بیرکردنەوەو تێڕوانینی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە نیسبەت سیاسەتی «دنیای دەرەوە» بەرانبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران داناوە. بە جۆرێک کە هەر ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆتە بەشێک لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژانە بەو خەیاڵ و ئارەزووانەوە کە ڕۆژێک دەستێکی غەیبی لە ئاسمانەوە بە ناوی ئامریکا و... دێت و ئەوان لە دەست ئەم ڕێژیمە خراپە ڕزگار دەکا!

بەڵام کە بە واقعی سەیری مەسەلەکە دەکەین، ڕووی ئەو دیوی دراوەکە شتێکی دیکەیە. هەرچەند قەت بە ئاشکرا لەلایەن کەس یان ناوەند و ئۆڕگانێکی ڕەسمیی «دنیای دەرەوە» تا ئێستا گوێمان لێ نەبووە کە باس لەوە بکا کە ئەوان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانمان بۆ دەڕووخێنن. بەڵام قسەی دیکەیان هەبووە کە مەبەستمان لێرەدا ڕاست ئەو قسانەیە کە ئەوانیش جیا لە درووشم و دەستەواژەگەلێکی زریقە و بریقەدار شتێکی دیکە نەبوون.

لەبیرمانە سەردەمانێک (سەردەمی ڕەفسەنجانی و دواتر محەممەد خاتەمی و لەوەلایش سەردەمی کلینتۆن و دواتر بووشی کوڕ) هەم ئامریکاییەکان و بەتایبەت ئورووپاییەکان بە نیسبەت سیاسەتیان بەرانبەر بە ئێران و بە قەولی خۆیان پشتیوانیکردنیان لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران، باسیان لە سیاسەتی «دیالۆگی ڕەخنەگرانە» دەکرد و بەم شێوەیە ئیدیعایان دەکرد کە هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە دیالۆگ و دانیشتنمان لەگەڵ ئێرانییەکان دەبێ، ڕەخنە لە ڕێژیمی و ڕەفتار و سیاسەتەکانیشی دەگرین! دواتر ئەم سیاسەتە گۆڕدرا بە «گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم». ئەم سیاسەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جۆرج واکێر بووش کە کۆمەڵێک گەمارۆی ئابووری لە هێندێک بواردا خستە سەر ئێران و ئورووپاییەکانیش لەم پێوەندییەدا هاوکارییان کرد. ئەوان ئیدیعایان ئەوە بوو کە ئەوان لە گەڵ ئەوەیکە دەرگای دیالۆگ لەگەڵ ئێرانییەکان داناخەن، بەڵام بە جێبەجێکردنی ئەو سزایانە، دەیانەوێ ڕێژیم ناچار بکەن تا ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ. هەرچەند ئەمریکاییەکان و ئورووپاییەکانیش مەبەستیان لە ڕەفتاری ڕێژیم کەمتر پێوەندی بە جۆری ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە لەگەڵ خەڵکەکەی بووە و زیاتر ئامانجیان دوورخستنەوەی بوو لە دەستپێڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی و کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕێژیمە لەم بوارەدا، بەڵام ئیدیعایش دەکەن کە ئەم سیاسەتە تا ڕادەیەک وڵامی داوەتەوە و بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایەشیان ئاماژە بە کەمبوونەوەی هەوڵە تێرۆریستییەکانی ئەم ڕێژیمە لە دژی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتانی ئورووپا دەکەن. بەڵام ئەگەر تەنیا ئەم ئیدیعایەیان بەڕاست لێ وەربگیردرێ _کە ئەویش نەک بەمەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم، بەڵکوو بۆ کۆتاییهێنان بە تەڕاتێن و عەیبە و شوورەیی ئەو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی لە خاکی ئەواندا دەیکرد_ هەموو لایەک کۆکن لە سەر ئەوەیکە لە بوارەکانی دیکەدا چ لە جۆری ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە لە گەڵ خەڵکەکەی لە نێوخۆی وڵات و چ لە پێوەندی لەگەڵ پێبەندنەبوونی ئەم ڕێژیمە بە بەڵێنییەکانی لە بواری ناوکیدا، نە سیاسەتی «دیالۆگی ڕەخنەگرانە» و نە سیاسەتی «گۆڕینی ڕەفتار» هیچیان نەیانتوانیوە وڵامدەر بن.

درێژە بۆ لاپەڕەی ٨

## سەعید بەگزادە:

# هەوڵ دەدەین قەت حیزبی دوو نەبین و هەمیشە قسەی کۆتایی بکەین، بەڵام ئەوەش دەبینین کە لە مەیدانی سیاسیی کوردستاندا هێزی دیکەش هەن

«دەنگی کوردیی ئەمریکا» چەند ڕۆژ پێش دەرچوونی ئەم ژمارەیەی «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ کاک سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات پێک هێنا. لەو وتووێژەدا پرسە سیاسییەکانی ڕۆژەڤی ئێران و کوردستان، پێوەندیی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و شوێنکاریان لەسەر کۆی گۆڕانکارییەکان، چەند تەوەرێکی باسەکە بوون. «کوردستان» کورتەیەک و پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستووەتەوە:



**کاک سەعید خۆپێشاندانەکانی ئێستای ئێران ڕەهەندی سیاسییان زۆرترە یا ئابووری؟**

ئەوەی کە بگەڕێینەوە بۆ دروشمەکان و دروشمەکان لە نەزەر بگرین، هەر شارەی بەپێی ئەو مەوقعیەت و ئەو وەزعیەت و ئەو دەرفەتەی بۆی دێتە پێش، لە وەسیلەیەک و لە دەرفەتێک ئیستفادە دەکا و هێندێک دروشم سەبارەت بەو حاڵەتە دێنێتە گۆڕێ کە بتوانێ ناڕەزایەتیی خۆی دەربخا، لە واقعدا کۆی ئەو کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک پرس و بابەتی سیاسی و ئابووری کە کۆمەڵگە بەهۆی کۆماری ئیسلامییەوە تووشی بووە. بەڵام لە دەرفەتەکان کەڵک وردەگرێ، وەکوو باسم کرد لە تاران دەبینی باسی بازاڕ دێ و بازاڕییەکان دێنە مەیدانەوە و باسی ئابووری دێتە پێشێ، لەلای بەشی سوننە نشینی ئێران مەلایەک تیرۆر دەکرێ و ئەوە دەبێتە دەرفەت و خەڵک دێنە دەر و ناڕەزایەتیی خۆیان دەردەبڕن، لەڕاستیدا خەڵک لە جۆرەها دروشم و شێوە کەڵک وەردەگرن و پێی دێنە مەیدان، بەڵام لە پشت هەمووی ئەوانە کۆی ناڕەزایەتییەکە کە بە نیسبەت ڕژیم پەنگی خواردووەتەوە.

**ئەوەی کە دروشمی جۆراوجۆر خەڵکی هێناوەتە سەر شەقامەکان، ئایا بەو مانایە دێ کە ڕێبەرایەتییەک نییە بۆ تەواوی ئەو خۆپیشاندانانە کە هەمووی کۆ بکاتەوە و بتوانێ لە داهاتوویەکی نیزیکدا بیانکاتە خاوەنی دروشمێکی هاوبەش؟**

باسی ئەوە کە ئایا ڕێبەرایەتێک بۆ بزووتنەوە و حەرەکەتەکان هەیە، خۆی باسێکە و، باسێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەساسەن حکوومەت چۆن هەڵسوکەوت دەکا و خۆپێشاندانەکان چۆن مەهار دەکا یا خود لەبەرابەریاندا ڕادەوەستێ. ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خۆپێشاندانەکان، دەبینین کە هەموویان خۆڕسک و ڕەمەکی نین کە لە گۆترە بێنە سەر شەقامەکان. ئەوانە هێندێک هۆکاریان لەپشتە، هێندێک ڕێکخراویان لەپشتە، بەڵام ئەوەی کە کۆی بزووتنەوەکە کۆنترۆڵ بکرێ، تا ئێستا بەو جۆرە ئۆرگانیزە نەکراوە، بۆیە زۆربەی دروشمەکان کە تا ئێستا هاتوونە گۆڕێ، وەکوو خۆشتان ئاماژەتان پێکرد، بە پێی مەوقعیەتەکان دێنە پێش و زیاتر شتی ئابووری بوون و تا ئێستا چوارچێوەیەکی گشتگیری سیاسیی وەک دەرخستن بەخۆوە نەدیتووە.

**لە بەستێنی ئەو ناڕەزایەتییانەی ئێستای خەڵکی ئێراندا حیزبە سیاسییەکانی ئێران دەتوانن ڕۆڵی زیاتر ببینن یان ڕێکخراوە مەدەنییەکان؟**

ئەو دووانە ناکرێ لێکیان جیا بکەینەوە، چ ڕێکخراوە سیاسییەکان کە وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەت حیسابن، چ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هەریەک لەوانە لە تەواوەتیی خۆیاندا مەبەستەکانیان یەکن، مەبەستیان ڕیفاه و ئاسایشی کۆمەڵگەیە، مەبەست مافە سیاسییەکانی ئەو خەڵکەیە، بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە جیا و بۆ تەواوەتیی سیستەمەکە بە جۆرێکی دیکە؛ ئەو داخوازییانە هەموو لە جێگایەکدا یەک دەگرێتەوە. بەڵام بەپێی دەرفەتەکان و ئیمکاناتەکان چ ئەوەی ئەو خەڵکە لە ژوورەوە و بە گوێرەی دەرفەتەکانی خۆیان دەیکەن و چ ئەوەی لە دەرەوە وەکوو ڕێکخراوی سیاسی و ئۆپۆزسیۆن کاری خۆیان دەکەن، هەموو پێکەوە لەسەر کۆی حەرەکەتەکان شوێندانەرییان هەیە، بەڵام ئەوانە دەبێ زیاتر تێکەڵ کرێن. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئێمە پێمان وایە کە مەسەلەی نەتەوایەتیی میللەتی کورد شتێک نییە تەنیا ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی ئەو خەڵکە بەتەنێ لە دەرەوە هیدایەتی بکەن، ئەو مافە کۆی هەموو ئەو خەڵکە دەگرێتەوە، بۆیە دەبێ هەموو تێیدا بەشدار بن. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەوڵمان داوە ئەو بەستێنە دروست بکەین کە بتوانین هەموو لایەک، ئەوانەی لە ژوورەوەشن بە حورمەتی تەواوەوە جێگاپەنجەیان لەو بزووتنەوەیەدا دیار بێ و کاری خۆیان بکەن، بێگومان ئەوە دەتوانێ شوێنداریی زۆر زیاتر بێ لەوەی کە ئێستا هەیە.

**کاک سەعید چۆن دەکرێ ئەو کارە بکرێ لەکاتێکدا جۆرێک بێمتمانەیی هەیە لە نێوان خەڵک لە ناوەوە و ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران لە دەرەوە؟**

من لەگەڵ ئەوە نیم بێ ئیعتمادییەک بەو جۆرەی باسی دەکرێ هەبێ، ئێمە لەگەڵ دوژمنێک تەرەفین کە لە هەموو ئامرازێک بۆ لێکدابڕانی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان و خەڵکەکە کەڵک وەردەگرێ، زۆریش بنکە و بونیاد و هێزی هەیە کە سوودی لێ وەردەگرێ، ئەوە بەشێکە؛ بەشێکیتری ڕاستییەک هەیە لەو نێوەدا، ئەویش ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنی ئێمە بەداخەوە بە پێی ئەو وەزعیەتەی تێی کەوتووین، حیزبە کوردییەکان تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو جێگایە کە بتوانین مەیدانی هاوکاریی خۆمان ئەوەندە بەرین بکەینەوە کە لەخۆمان هێزێک یا دەنگێک دروووست بکەین کە ئەو دەنگە ویستی کۆی ئەو کۆمەڵگەیە دەرببڕی، چ لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی چ لەسەر هەموو ڕووداوەکان. دیارە ماوەیەکە چەند حیزبێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دەرفەتەمان بۆ دروووست بووە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆڵی میحوەریشی هەیە لەو پێوەندییەدا، توانیومانە لە هێندێک ڕووداو و لە هێندێک هەڵوێستدا بە یەکەوە کار بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێمان وانییە ئەوە وەڵامدەرە، بۆیە کاری زیاتری دەوێ. ئەوەش کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆی کۆمەڵگەی ئێران، بەداخەوە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش لە پرش وبڵاوی دان، لە مەوقعیەتێکی ئاوادا نین کە بتوانن کۆی بزووتنەوەکە بە دەنگێک و هەڵوێستێک و سیاسەتێک هیدایەت بکەن، بەداخەوە ئەو کێشەیە پەلی هاویشتووە بۆ نێو چالاکانی ئێرانی و کورد لە نێوخۆی وڵاتیشدا

**کاک سەعید دەکرێ زۆر بە کورتی پێناسەیەکی ئەو کێشانەم بۆ بکەی کە لەنێو ئۆپۆزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟**

کێشەکانی حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسی نین یا زۆر کەم سیاسین، مومکینە لەسەر هێندێک ڕەهەندی خەبات لە شێوەی جۆراوجۆر کەڵک وەربگیرێ، یەکیان زیاتر گرینگی بە ڕەهەندێکی بزووتنەوەکە بدا و ئەویتر لایەنێکیتری بۆ گرینگ بێ و یا خود یەکیان بە دوو مەسیردا بۆی بڕوا بۆ ڕزگاریی ئەو میللەتە. لەو بوارەدا ڕەنگە ناکۆکییەک هەبێ بەڵام لە نەهایەتدا لە بواری سیاسیەوە زۆربەی هەرە زۆریان لێک نیزیکن. کێشەی ئێمە بەداخەوە دەگەڕێتەوە سەر ئیدارەی خۆمان و نەحاوانەوەی خۆمان، لەسەر دێموکڕاسیی دەروون حیزبی و تەشکیلاتی ناکۆکین. بەداخەوە زۆر جار قەناعەتەکانمان لێک دوورن و ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە لێک دوور کەوینەوە و لێکترازان زۆر بن و ئەو لێکترازانانەی کە لە بزووتنەوەی کوردیدا هاتوونەتە پێش، نەوعێک دڕدۆنگیی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکی هێناوەتە پێش. لەهەمان حاڵدا لەگەڵ ئەو هەموو دڕدونگییانە وەک باسم کرد ئێستا هەموو هێزەکانی کوردی بە نیسبەت پێشوو لە هەموو کاتێک لێک نیزیکترن.

**کاک سەعید ئەوەندە لێک نزیکن کە بگوترێ توانای ئەوە هەیە کە بەرەیەکی هاوبەش درووست کەن؟**

توانا بۆ درووستکردنی بەرە هەیە و قسەی لێ دەکرێ، هەر ئێستاش مەجمووعەیەک بەیەکەوە بە ناوی ناوندی هاوکارییەوە بەیەکەوە کار دەکەین، بەڵام ئەوە کافی نییە و لەبەرنامەی ئێمەشدا ئەوە هەیە کە کاری لەسەر بکەین و بتوانین ئەو ناوەندە بەرفراوانتر بکەین بۆ ئەوەی هەم دەنگ و داخوازییەکانی کورد یەک بێ و هەم بۆ هەموو ئەگەرەکان دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیش ئامادەییمان هەبێ. ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای ئێران و کۆماری ئیسلامی دەبێ پەلەی لێ بکرێ.

**وەکوو ئۆپۆزسیۆنی کوردی بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە تایبەتی چەندە ئامادەن یا چەند پڕۆژەتان ئامادەیە بۆ سەر و سەوداکردن لەگەڵ ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا لە ئێران؟**

بۆ ئێران و لەگەڵ لایەنە کوردییەکان ئێمە ئیستعداد و ئامادەیی ئەوەمان هەیە و پڕۆژە و بەرنامەی خۆشمان لەگەڵ باس کردوون بۆ ئەو هەماهەنگی پێکهێنانە، ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر حکوومەت و بۆ سەر ئایندە، حیزبی ئێمە لانیکەم دەکرێ بڵێم سێ ساڵیش دەبێ کۆمیتەی جۆراوجۆری بۆ هەموو ئەو ئەگەرانە پێک هێناوە و کاری خۆی دەکا و لە پێوەندی لەگەڵ نێوخۆی وڵات و شێوەی چالاکییەکان و هەموو ئەو ئەگەرانەی دێنە پێش، ئەو شەرایەتەی ئێمە تێیدان ناتوانین زۆر شت بە میدیایی بکەین، بەڵام حیزبێکی سیاسی ئەگەر دوور بێ لەو پڕۆژە و بەرنامانە، دەبێ حیزبێکی مردوو بێ، بۆیە ئەوندەی دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پڕۆژە و بەرنامەکانی خۆیدا ئەو ئەگەرانەی لەنەزەر گرتووە، بەڵام حیزبی دیموکڕاتی کوردستان پێی وانییە دەبێ بۆ هەموو کوردستان تەسمیم بگرێ و هەموو گۆڕەپانەکە بکاتە مەیدانی تاخت و تازی خۆی، هەوڵ دەدەین قەت حیزبی دوو نەبین، هەوڵ دەدەین یەکەم بین و قسەی ئاخر بکەین، بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەوە دەبینین کە لە مەیدانی سیاسیی کوردستاندا هێزی دیکەش هەن کە کار و بەرنامەی خۆیان هەیە، بەڵام ئێمە دەبێ ئەوەندەی دەگونجێ، هەدەف و بەرنامەکانمان هەماهەنگ بکەین و زیاتر لێک نزیک بینەوە.

**وەکوو پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چەندە پێتان وایە هەبوونی ناوەندێکی هاوبەش و نوێنەرایەتییەکی هاوبەش لە واشنگتۆن بۆ هەر هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ؟یان پێتان وایە هەر حیزبە و نوێنەرایەتیی خۆی هەبێ؟**

هەتا ئەو کاتەی هەیئەتێک درووست دەبێ کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا و دەنگی ئەو میللەتە بە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی بگەیەنێ، هەر حیزبەی حەقی خۆیەتی تێکۆشان و فەعالیەتی خۆی بکا، ئێمەش یەکێک لەو حیزبانەین کە وەکوو هەموو حیزبەکانیتر هەوڵ دەدەین ئەوەندەی پێوەندی بە ئێمەوە هەیە دەنگی ئەو میللەتە بە شوێنی خۆی بگەیەنین، بەڵام بوونی کۆڕێکی نوێنەرایەتیی یەکدەنگ کە بتوانێ نوێنەرایەتیی کۆی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا لە وڵاتە یەکگرتووەکان یا لە شوێنەکانیتر قەت بەقەت ئێستا پێویست نەبووە، هەوڵیشمان بۆ ئەوە هەیە قسەشی لێ کراوە و لە بەرنامەشدا هەیە و هیوادارم تێیدا سەرکەوتوو بین. بێگومان ئێستا نەزەری ئێمە وەک نەزەری حیزبێک وەردەگیرێ، نەزەری حیزبێکی دیکە وەک خۆیان وەردەگیرێ، قەت ئەوە ناگاتە ئەوە کە دوو کەس یا سێ کەس بێن و نوێنەرایەتیی کۆی بزووتنەوەکە بکەن و دەنگی کۆی کورد لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی باس بکەن، ئێمە لەوبارەوە بەداخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو کۆڕە پێک بێنین هەر ڕۆژێک زووتر درووست بێ، هێشتا هەر درەنگە.

**لەسەر پێکهێنانی ئەو ناوەندە هاوبەشە یا ئەو نوێنەرایەتییە هاوبەشە قسە و باس لەگەڵ «پژاک»یشدا کراوە؟ ئایا مەرجێکتان بۆیان هەیە؟**

ئێمە پێمانوایە پژاک ڕێکخراوێکە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وجوودی هەیە و ئینکار ناکرێ، بەڵام لە عەینی حاڵدا پێمان وانییە ئەو حیزبە لە بەتنی ئەو کۆمەڵگەیەدا هاتووەتە دەرێ. ئەو ڕێکخراوەیە ئەگەر بۆخۆی وەکوو ڕێکخراوێکی کوردیی سەربەخۆ و موستەقیل لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسە بکا و نیازەکانی ئەوان مەترەح بکا و خۆی ئیعلام بکا کە خۆیان سەربەخۆ تەسمیم دەگرن، ئەوە زۆر باشە و لەنێو حیزبە سیاسییەکانیشدا بە گەرمی وەردەگیرێ. بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەت نەخێر مەرج لە ئارادا نییە، بەڵکوو بۆ هاوکاری و بۆ پەیوندی و بڕیاردان دەبێ ئەو قەناعەتە هەبێ، کە خۆیان سەربەخۆ بڕیار دەدەن. ئەگەر قەرار بێ ئێمە لەگەڵ پژاک قسە بکەین و ئەوان پرسیان لە جێگای دیکە بێ، باشە خۆمان دەچین و دەگەڵ ئەو جێگایە ساخ دەبینەوە. بەڵام ئەو جێگا گەورەیە مەربووتە بە شوێنی دیکە، ڕێکخراوی پارچەیەکی دیکەی کوردستانە، کەوابوو، دروست وایە ئەو ڕێکخراوانەی لە بەتنی ئەو جامعە هاتوونە دەرێ، ئەوان لەسەر ئەو وڵاتە تەسمیم بگرن. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمانوایە هەر بەشەی کوردستان، لەگەڵ ئەوەیکە کورد یەک نەتەوەیە، عەرزەکەی بەستراوەتە بەیەک، کولتوور و فەرهەنگ و داخوازییە سیاسییەکانی هەموو یەکن، بەڵام دەبێ ڕاستییەک قبووڵ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئەو وڵاتە دابەش کراوە، هەر لایەی کێشە و مەسایلی مەربووت بە خۆی هەیە، بۆیە ئێمە پێمانوایە چۆن ئێمە ئیزن بە خۆمان نادەین نە لە کوردستانی تورکیە و نە کوردستانی عێراق و نە لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا دەخیل بین لە کێشەکانی ئەواندا یا لەسەر مەسائیلی ئەوان قسە بکەین، ئەگەر کاری خێرمان بۆ بکرێ دەیکەین دەنا واریدی کێشەکانیان نابین؛ پێمانوایە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەموو هێزەکان دەبێ ئەو ئەسڵە دە نەزەر بگرن.

**ئایا ڕاستەوخۆ ئەوەتان بە پژاک گوتووە؟ ئەگەر گوتووتانە، وەڵامی ئەوان چی بووە؟**

بەڵێ پێمان گوتوون، بەڵام با من لێرە وەڵامی ئەوان نەڵێم و ئەو بەشە بە خۆیان بسپێرین. ئەوە قسەی ئێمەیە، ئێمە حازرین دۆستایەتیان بکەین و کێشەشمان لەگەڵیان نییە، بەڵام ئەگەر قەراربێ لەسەر چارەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسە بکەین، لەگەل ئەو هێزانە ساخ دەبینەوە کە لە بەتنی ئەو جامعەدان. ئەوەش هیچ بەو مانایە نییە کە ئێمە کێشەیەکمان لەگەڵ پژاک هەیە یا نادیدەیان دەگرین. زۆرمان ڕێز و حورمەت بۆیان هەیە و هاتوچۆشمان هەیە، بەڵام بۆ تەسمیمگیریی سیاسی و بۆ تەسمیمگیری لەسەر ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ ئەو کەسانە تەسمیم بگرن کە هی ئەو کۆمەڵگەیەن، ئەگەر ئەوانیش ئامادە بوون بەو جۆرە بیر بکەنەوە و، بۆ ڕۆژهەڵات نوسخەی خۆیان، بۆخۆیان بپێچنەوە کە حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەش ئاوان نییە، هیچ کێشەیەکمان نەتەنیا لەگەڵ ئەوان نابێ، بەڵکوو ئەگەر حیزبێکی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بێ، ئامادەی هاوکارین دەگەڵیان. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمان وانییە ئەو گۆڕەپانە تەنیا هی ئێمەیە و دەبێ ئێمە تاخت و تازی تێدا بکەین. بەڵکو هەموو ئازادن و دەتوانن کاری تێدا بکەن، بەڵام دەبێ خۆیان تەسمیم بگرن.

کوردستان
ژمارە:٧٣٠
٣١ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٢٢ی جولای ٢٠١٨

# مێژوو و ڕابردوو یەک نین



حەسەن شێخانی



دەتوانین بڵێین سووژە و ئۆبژە و پێوندیی نێوانیان، بنەمای فەلسەفە پێک دێنن. هەر فیلسووفێک بە چەشنێک ئەوان پێناسە و، پێوەندیی نێوانیان شرۆڤە دەکا. لەم بارەوە بەگشتی سێ مەیل یان هێڵی سەرەکی لە کاری فەلسەفیدا بەرچاو دەکەون:

١ـ ئۆبژە لە دەرەوە و سەربەخۆ لە سووژە و لەخۆیدا، بوونی هەیە و سووژە ڕەنگدانەوە و وەرگێڕانی مەفهوومیی ئەوە. سووژە زمانی مەفهوومیی ئۆبژەیە. فەلسەفەی زانستیی پۆزیتیویزم و ئێمپیریزم لەم چوارچێوەیەدا جێ دەگرن. لێرەدا پێوانەی ئیعتباری سووژە و چەمک، یەکانگیر بوونییەتی لەگەڵ ئۆبژەی سەربەخۆی دەرەوەی سووژە. ئەمە لەمەڕ باسی مێژوویی کە بابەتی ئەم وتارەیە، ڕاستە. واتە ڕابردوو ئۆبژەیەکە کە ڕووی داوە و مێژووی موعتەبەر لەگەڵی دێتەوە و لێرەدا مێژوو لەگەڵ ڕابردوو هاوتا دەکرێ. پێوانەی ئیعتباری مێژوو هاتنەوەیەتی لەگەڵ ڕابردوو و ڕووداوەکانیدا. مێژوو دەربڕی دیسکۆرسیڤی ڕابردوو و ڕەنگدانەوەی ئەوە. مێژوو تۆماری سادە و ڕاستەوخۆی ڕابردوویە. ڕابردوو ئۆبژەیەکە کە مێژوونووس وەک چاوەدێرێکی زاڵ بەسەریدا، تۆماری دەکا و دەینووسێتەوە. ناسینی مێژوویی، ناسینێکی سەربەخۆ لە سووژەیە و تەنیا واقعیەتی ڕابردوو تێیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئیدیعای سەرەکیی ئەم هێڵە فکرییە، ئۆبژێکتیویزمی مێژووییە؛ واتە نووسینی مێژوویە لەسەر بنەمای فاکت و بەدوور و بەدەر لە کاریگەری و باندۆری زەین و زێهنییەت. ئەم بابەتە زیاتر شی دەکەینەوە و لەسەری دەوەستین.

٢ـ ئۆبژەی جیا و سەربەخۆ لە سووژە بوونی نییە. سووژەیە کە ئۆبژە دروست دەکا و لە نەبوونی سووژەدا، ئۆبژە بوونی نییە. ئەم مەیلە دەبێتە سۆبژێکتیویزم و سووژە دەکاتە خوڵقێنەر و دروستکەری ئۆبژە و، بەم پێیە تایبەتمەندیی بوونی سەربەخۆ لە ئۆبژە دەستێنێتەوە.

٣ـ هێڵی سێهەم پێوەندییەکی دووسەرە و دوولایەنە و دیالکتیکی لەنێوان سووژە و ئۆبژەدا وێنا دەکا و نە باوەڕی بە لەخۆیدابوونی ئۆبژەیە و نە ئۆبژێکتیوبوونی ئۆبژەش بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە و بە تەواوی بە دروستکراوی سووژەی نازانێ؛ بەڵکوو لە تێگەیشتن، پێناسە و فۆڕم بەخشین بە ئۆبژەدا، سووژە بەشدار و کاریگەر دەزانێ. لە هەمان کاتدا ئۆبژەش لە دروستکردنی سووژەدا، بەشدار و کاریگەر دەزانێ. نە سووژە ڕەنگدانەوەی سادە و ڕاستەوخۆی ئۆبژەیە و نە ئۆبژەش لە بوونی ئانتۆلۆژیک بێبەشە و بۆ سروشتێکی زێهنی دادەبەزێنرێ. ئۆبژە لە هەمانکاتدا کە بوونێکی سەربەخۆی ئانتۆلۆژیکی هەیە، بە فیلتێری سووژە، زمان و چەمکدا تێدەپەڕێ و تایبەتمەندییەکی چەمکی و گوتاری وەردەگرێ. ئەم هێڵە سێهەمەیە کە بنەمای ئێپیستمۆلۆژیک و مێتۆدۆلۆژیی نوێی مێژوو پێک دێنێ و چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ، مێژوو خەسڵەتێکی زێهنی، چەمکی و تیۆریک وەردەگرێ و لەم ڕوانگەوەیە کە مێژوو لەگەڵ ڕابردوو ناتوانێ یەک بێ یان هاوتا بێ. مێژوو تۆماری سادە و ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان نییە؛ ئەوەی کە لە چ پێرسپێکتیڤێکەوە، لە دەلاقەی کام زێهن، مەعریفە، تێگەیشتن و باوەڕ و ئامانجێکەوە، لێی بڕوانی، مانایەکی جیاواز وەردەگرێ. واتە مێژوو مانابەخشی و چەمکسازیی ڕابردوویە. لەبەر ئەوەی کە هیچ چەمک و کۆنسێپتێک لەگەڵ واقعیەت بەتەواوی یەکانگیر نییە و هەمیشە مەودایەک لەنێوان ئەو دووانەدا هەیە، بەم هۆیە یان بەم پێیە، هیچ مێژوویەکیش لەگەڵ واقعیەتی ڕابردوو یەک نییە. هەر مێژوویەک ئەوپەڕەکەی ڕیوایەتێکە، کە بە پێی پشتبەستن بە فاکتە مێژووییەکان و پێکهاتەی ئارگۆمێنتی و شرۆڤەیی خۆی، یەکێک لە ئەوی دیکە موعتەبەرترە. هیچ مێژوویەک خاوەنی حەقیقەتی ڕەها نییە، ئەوپەڕەکەی یەکێک لە «ڕێژیمگەلی حەقیقەت»ە. تازە مێژۆو لە یەک ڕەهەندی گرینگەوە، لەگەڵ ناسینی ئۆبژەی حازر و مەوجوود، جیاوازی هەیە؛ چونکە لەگەڵ ڕابردوو سەروکارمان هەیە و دەمانەوێ ڕووادوگەلێک بناسین کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و ئێمە شاهیدی ڕوودانیان نەبووین و بێجگە لەوەش مەودوامان لێگرتوون. ئێمە لە تێگەیشتن و شرۆڤەی پرسەکانی ڕۆژدا، واتە ئەو پرسانەی لە زەمانی ئێمەدا و لە نزیک ئێمە ڕوو دەدەن، لەگەڵ کێشە و ئاستەنگیی یەکانگیربوونی تێگەیشتن و شرۆڤە لەگەڵ واقعیەت بەرەوڕووین. لە تەتەڵەی ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژیشدا، هیچ کەس ناتوانێ ئیدیعا بکا ئەوەی دەیڵێ لەگەڵ واقعیەت (بەتەواوی) دێتەوە، چ بگا بەو ئاڵوگۆڕ و ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و تەمەمژی تێپەڕینی ڕۆژگاریان لەسەر نیشتووە و بەڵگە و ئارگۆمێتەکانیشی، بە کەموکوڕی لە دەست ئێمە دان.

ئێمە لە شرۆڤەی ڕووداوەکانی حازر و هاوکاتی خۆمان، ناچارین کە هەڵبژێرین، چونکە ناتوانین هەموو ئەوەی ڕووی داوە لە گوتار و چەمکدا بینوێنین؛ چ بگا بەو ڕووداوانەی ڕابردوو، کە زۆرێک لە ئاسەوار و بەڵگەکانیان لەنێو چوون یان بە شێوەیەکی ناتەواو بە ئێمە گەیشتوون.

مێژوو لەبارەی ڕابردوو دایە، لەگەڵ ڕابردوو یەک نییە. مێژوو خودی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ڕاپۆرت و تێگەیشتنی ئێمەیە لە ڕابردوو. مێژوو لەگەڵ فاکت و بەڵگەکانی بەجێماو لە ڕابردوو یەک نییە. لێرەدا زیاتر لەسەر ئەم بابەتە هەڵوێستە دەکەین و شی دەکەینەوە.

بەپێچەوانەی نەریتی ئێمپێریستی و بەگشتی بەپێچەوانەی نەریتی سەدەی نۆزدەیەمیی پۆزیتیویستی، کە پێی وایە فاکتە مێژووییەکان واقعیەتمەندن و بۆخۆیان گوزارش لە خۆیان دەکەن و جیاواز و سەربەخۆن لە مێنتالیتە، چەمک و کۆنسێپت، ئەو فاکتانە یان بە ڕێکەوت بە دەستی مێژوونووس دەگەن یان مێژوونووس فاکتگەلێک هەڵدەبژێرێ. کەواتە هیچ فاکتێک بەتەنیایی یان کۆی فاکتەکانیش، لەگەڵ ڕابردوو یەک و هاوتا نین. چونکە هەرگیز تەواوی ڕابردوو لە چوارچێوەی فاکتدا بەڵگەمەند و هەمیشەیی ناکرێ، بێجگە لەوەش هەندێک لە بەڵگەکەکان لە دەروەی ئیرادەی مرۆڤ، لەنێو دەچن.

فاکتەکان تا ئەو کاتەی کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە، داتای خاو و ئۆبژێکتیڤن. هەر ئەوەی کە کەڵکیان لێ وەرگیرا و لە پێکهاتەی مەتن و گوتاردا بەکارهێنران، ڕەهەندێکی چەمکی و گوتاریش وەردەگرن. مێژوو لەپاڵیەک دانانی فاکتەکان نییە؛ بەڵکوو فاکتەکان لە پێکهاتەیەکدا جێ دەگرن کە لێکۆڵەر بنیاتی دەنێ. ئەوەی کە لە کوێی ئەم بینایەدا جێ دەگرن و چ گرینگییەکیان پێدەدرێ، پێگە و شوێندانەریان جیاواز دەکا. ئەوەی کە چ خوێندنەوەیەکیان بۆ بکرێ و کامیان بەکار بێن و کامیانیش نادیدە بگیرێن، هەمووی ئەمانە خەسڵەتێکی گوتاری بە مێژوو دەدەن. ئەوەی کە دەڵێین کامیان نادیدە دەگیرێن، مسۆگەر بە مانای نادیدەگرتنی بەئەنقەستی ئەوان نییە، بەڵکوو هەندێک جار، ڕەنگە زۆر جاریش، لێکۆڵەر دەستی پێ ڕاناگەن و لێیان بێخەبەرە. زۆر جار ئەوەمان دیتوە کە بەڵگەی تازە دەرکەوتوون و مێژوویەک سەرلەنوێ نووسراوەتەوە. هەڵبەت ئەگەر تەواوی فاکت و بەڵگەکانی قۆناغێکی دیاریکراویی مێژوویی، بدۆزرێنەوە و بەکاربهێنرێن، دیسان هەموو واقعیەتی ڕابردوو نانوێنن. چونکە شکڵگرتنیان بە هەڵبژاردن بووە و بەکارهێنانیشیان هەر بەهەڵبژاردنە.

فاکتەکان بۆخۆیان دەربڕی خۆیان نین و لەسەر بنەمای ڕوانگەکانی لێکۆڵەر، خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ. تەنانەت ئەگەر فاکتێک ئەوەندەش ڕوون بێ و پێویستی بە خوێندنەوە و شیکردنەوە نەبێ، مادام لە پێکهاتەیەکی گوتاریدا جێدەگرێ و دەبێتە بەشێک لەو، بەشیش لەژێر تیشکی گشتدا مانا دەدا، کەواتە فاکتیش بەناچار خەسڵەتێکی مەفهوومی و گوتاری وەردەگرێ.

لەلایەکی دیکە نەتەنیا فاکتێک بەتەنیایی، بەڵکوو هەموو فاکتەکانی دۆزراوی قۆناغێکی دیاریکراوی ڕابردوو، دەرخەر و دەربڕی ئەو قۆناغە، بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیڤ نین. واتە ڕەنگدانەوەی ئاوێنەیی و کۆنسێپتیی ئەو قۆناغەی ڕابردوو نین. ئەم مەسەلەیە لەژێر تیشکی ئەم ئەسڵەدا کە، هیچ نوێنگەیەک هەموو واقعیەت داناپۆشێ و هەمیشە مەودایەک لەنێوان ئەو دووانەدا هەیە، واتادارتر دەبێ. ئەوەش زیاد بکەم کە هەروەک لە سەرێش گوتمان هەموو واقعیەتەکانی قۆناغێکی مێژوویی، یان بەشە جیاوازەکانی واقعیەتێکی مێژوویی، لە قاڵبی بەڵگە و فاکتدا تۆمار ناکرێن. زۆر جار دێتە پێش کە هەندێک لە بەڵگە و فاکتەکان ون دەبن. بەم پێیە و بەو شیکرنەوەیە، دەتوانین بڵێین کە نەتەنیا مێژوو هاوتای ڕابردوو نییە، بەڵکوو لەگەڵ فاکتیش یەک نییە.

خودی واقعیەت زۆر کۆمپلێکس(پێچەڵپێچ) تر لەوەیە کە لە چەمک و کۆنسێپتدا جێ بگرێ. هەموو کۆنسێپتەکان لە واقعیەتەکان سادەترن؛ چ بگا بە ڕابردوو کە مەودامان لێ گرتووە و بە شێوەیەکی لێڵ و پچڕپچڕ و ناڕون و لە دوورەوە لێی دەڕوانین. هیچ ڕیوایەتێکی مێژوویی ناتوانێ هەموو واقعیەتەکانی قۆناغیکی دیاریکراوی ڕابردوو، داپۆشێ، دەرخا و بنوێنێ و، هەر ڕیوایەتێک لە ڕوانگەیەکەوە و بەپێی ئامانجی لێکۆڵینەوەیی، لەسەر بەشگەلێکی قۆناغێکی ڕابردوو چڕ دەبێتەوە؛ تازە ئەگەر فاکتی پێویست لە دەستدا بن. ئەمەش هەوڵەکانی مێژوونووس لەپێناو ئامانجەکەیدا، لەگەڵ بەربەست بەرەوڕوو دەکا. ڕوانین بۆ ڕابردوو وەک ئەوە وایە کە لە دوورەوە و لەنێو خەڵکێکی زۆرەوە لە شوێنێکی دوور بڕوانی، کە زۆرجار سەری خەڵکی دیکە و کۆسپی دیکەت دێتە پێش چاو و ناهێڵێ شوێنی مەبەست بە چاکی ببینی. بێجگە لەوەش خۆ تۆ بەسەر شوێنەکەدا زاڵ نی تا بتوانی بەچاکی و بەتەواوی بیناسی، تۆ لە دوورەوە لێی دەڕوانی، بۆیە ئەوپەڕەکەی دەتوانی ناسینێکی ئاوێتە لەگەڵ ناڕوونی و ئەگەر و نەبوونی دڵنیایی، بەدەست بێنی. شرۆڤە و لەم نێودا شرۆڤەی مێژووییش، وەک فیلمێکە، کە هەندێک کاتی جیاواز لە واقعیەت هەڵدەبژێرێ و لەپاڵ یەکیان دادەنێ و نەزم و مانایان پێ دەبەخشێ.

هەر خوێندنەوەیەکی مێژوویی لە دیالکتیکی سووژە لەگەڵ ڕابردوو وەک ئۆبژە، پێک دێ. لەڕاستیدا مێژوو بەریەککەوتنی ئاسۆی بیر و تێگەیشتنی لێکۆڵەر و بەڵگە و فاکتەکانی ڕابردوویە کە لەسەر بنەمای ئاسۆی بیر و تێگەیشتنی ڕابردوو ئافرێندراون.

هەرچەند ئێمە لە ڕابردوو مەودامان گرتووە و دەمانەوێ تێی ڕامێنین، بەڵام ئێمە ڕابردووی خۆمانین. لێرەدا پرسی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ دێتە ئارا و ئەوەی کە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکی فیزیۆلۆژیکی نییە، بەڵکوو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و مێژووییشە؛ کە زێهن و کەسایەتیی ئەو، لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونیدا شکڵ دەگرێ و لەم بارەوە کاریگەریی نەریت، کولتوور و ڕابردووی بەسەرەوەیە. مرۆڤ مێژوومەندە. مرۆڤ ڕابردووی خۆیەتی؛ بۆ نموونە من تەنیا بریتی نیم لە پێکهاتەیەکی فیزیۆلۆژیکی کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر لە دایک بووم، بەڵکوو زۆر واوەتر، زمان، کولتوور و بیرکردنەوەم، ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە یان کاریگەریی مێژووی بەسەرەوەیە. لەجێدا خودی زمان و کولتوور و داب و نەریتەکان، کە لە کەسایەتیی مندا بەرجەستەن، بەرهەمی مێژوون یان مێژووکردن. ئێستای ئێمە، ڕابردوومان دروستی کردووە. مێژوونووسیش منداڵی ڕۆژگاری خۆیەتی و لە چوارچێوەی ئاسۆی مەعریفەی سەردەمی خۆیدا و، لەژێر کاریگەریی چەمک و پێشداوەرییەکانی سەردەمی خۆی، لە ڕابردوو دەڕوانێ و دەیەوێ لێی تێ بگا. هەر مێژوویەک لە دۆخی سیاسیی مێژوونووس، هۆگری و نۆرم و بایەخەکانی ئەو، کاریگەری وەردەگرێ. ئێمە بە ئاسۆی زانایی، گوتاری زاڵ و بە گوتەی تامس کۆهێن، بە ئۆلگووی زانستیی سەردەمی خۆمان، دەور دراوین. وەک کەسێکی دەوردراو بە ئاسۆیی زانایی سەردەمی خۆمان، لە ڕابردوو دەڕوانین. ئێمە لە ئێستا و لە داهاتووی خۆمانەوە لە ڕابردوو دەڕوانین. ڕوانینمان بۆ ڕابردوو، لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەمان کاریگەریی وەردەگرێ.

هیچ خوێندنەوەیەک ڕەها لە نۆڕم و بایەخەکانی لێکۆڵەر نییە. واتە ناسینی ڕابردوو بە فیلتێری زێهندا، بە فیلتێری بایەخ و ئەولەوییەتەکانی لێکۆڵەردا تێدەپەڕێ. لەنێوان ڕابردوو و مێژوو، فاکتۆری زێهنییەت هەیە. واتە ئۆبژەی ڕابردوو بە فیلتێری سووژەدا ڕەت دەبێ و حەتمەن کاریگەری لێ وەردەگرێ. ئێمە لە دەلاقەی ناسین و مەعریفە و شرۆڤەی خۆمانەوە، لە ڕابردوو دەڕوانین و بمانەوێ و نەمانەوێ، باندۆری لێ وەردەگرێ. لەبەر ئەوەیە کە دەگوترێ «داهاتوو سەرچاوەی ڕابردوویە». ناسینی ئۆبژێکتیڤ و بێلایەن لە مێژوو مومکین نییە. ڕابردوو بەشێکە لە پێکهاتەی بوونی ئێمە و، ئێمە ڕابردوومان لەگەڵ خۆمان هەیە؛ ڕابردوو ئۆبژەیەک نییە کە لە دەرەوەی ئێمە بێ و ئێمە وەک چاوەدێرێکی زاڵ بەسەریدا، بیناسین. واتە ناتوانین لە خۆمان، لە بوونمان، لە بایەخ، زێهنییەت، مەعریفە و کەسایەتیی خۆمان بێبینەدەر (کە هەموویان کاریگەریی ڕابردوویان لەسەرە) و لە ڕابردوو ڕامێنین. مرۆڤ بە واتایەک ڕابردووی خۆیەتی. وەک چۆن ئەگەر بمەوێ بچمە هەولێرێ، دەبێ لە کۆیەوە دەست پێبکەم، بە هەمان شێوە، بۆ ناسینی ڕابردوو و نووسینی مێژووش دەبێ لە زانایی و مەعریفە و پێرسپێکتیڤی خۆمەوە دەست پێبکەم. ئەگەر لە هیچ ڕوانگەیەکەوە و تەنیا بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیڤ، واقعیەتێک وێنا بکەین، لەوانەیە بە باشی لێی تێ نەگەین. واتە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو نەتەنیا کاریگەریی پێرسپێکتیڤ و ڕوانگە و ئامانجی لێکۆڵەر چارەهەڵنەگرە، تەنانەت پێویستیشە. هەروەک ئاماژەی پێکرا، مەیلی مێژوونووس، مەکتەبە فکرییەکان و مێتۆدۆلۆژیی مێژوویی و زمان و بەربەستەکانی لەسەر ڕێی ئەندێشەدا، لەسەر تێگەیشتن لە ڕابردوو و نووسینی مێژوو کاریگەری هەیە. بەڵگە و شیکاریی مێژوونووس، دوو کۆڵەکەی ناسینی مێژوویین. تەنانەت ئەوەی کە مێژوونووس خەڵکی کوێ و لە چ سەردەمێکدا دەژی، لەسەر پێرسپێکتیڤ و مەیلی فکریی مێژوونووس کاریگەری هەیە. بێجگە لەوانەش زمان، ستایلی دەربڕین و ئەدەبیی مێژوونووسیش، ئۆبژێکتیڤ بوونی مێژوو لەگەڵ ئاستەنگ بەرەوڕوو دەکا.

بێجگە لە نەریتی پۆزیتیویستی و ئێمپێریستی کە ئیدیعای قانوونمەند بوونی مێژوو و هاوتاکردنی لەگەڵ ڕابردوو دەکەن، مەیلگەلێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیکش هەن کە لایەنێک لە واقعیەتی ڕابردوو زەق دەکەنەوە و وەک هەموو واقعیەت پێشانی دەدەن.

بەپێچەوانەی ئەو هێڵە فکری و فەلسەفیانەی کە ڕەوتی مێژوو قۆناغبەندی دەکەن، بە چەشنێک کە مێژوو لە قۆناغێکی دیاریکراوەوە دەست پێدەکا و بە شێوەیەکی میکانیکی بە قۆناغێک کۆتایی دێ و، مرۆڤ دەبەنە پشتی شانۆی مێژوو، کە تەنیا ڕۆڵێکی لاوەکی هەیە، واتە خوێندنەوەیەکی نامێژووی و بان مێژوویی بۆ مێژوو دەکەن، مرۆڤ لە ڕەوتی مێژوودا ڕۆڵی دیاریکەری هەیە و نەتەنیا لە پشتی شانۆی مێژوو نییە، بەڵکوو لەسەر شانۆی مێژوویە و لە نووسینی مێژووشدا وەک سووژە، کاریگەری هەیە. واتە لێرەدا واسیتەیەک بە ناوی سووژە بوونی هەیە کە ڕابردوو پێیدا تێپەڕ دەبێ و فۆڕمی مێژوو وەردەگرێ. سووژە هەم لە دروستکردنی مێژوو و هەم لە نووسینیدا، مۆرکی خۆی لێ دەدا. هیچ مێژوویەک نابینین کە ئاسەوار و کاریگەرییەکانی سووژەی بەسەرەوە نەبێ. کەواتە مێژووی سەربەخۆ لە سووژە ئیمکانی نییە.

ناسین یان بە واتایەکی باشتر تێگەیشتن و خوێندنەوەی مێژوو، پێویستی بە مێتۆدۆلۆژی و ئامرازی تیۆریک و مەفهوومی هەیە. بەبێ ئەم ئامرازنە مێژوونووسی لەگەڵ کەمایەسی بەرەوڕوو دەبێ. چونکە مێژوو تەنیا ڕیزکردنی ڕووداو و لیستەیەک لە بەڵگەکان نییە. ڕووداو و بەڵگەکان وەک داتای خاو، دەخرێنە نێو پێکهاتەکی گوتاری و ئارگۆمێنتییەوە و، بەم هۆیەیە کە دەڵێین مێژوو ڕەنگێکی گوتاری و مەفهوومیشی هەیە.

بۆ ئەوەی لە ڕابردوو تێبگەین، بێگە لەو ئامرازانەی ئاماژەمان پێکردن، پێویستە لە ڕووی زێهنیشەوە خۆت لەجێی ئەکتەرەکانی ڕابردوو دابنێی؛ ئەوەی کە چۆن بیریان کردۆتەوە، بۆ ئەم ڕێکارانەیان گرتۆتە بەر، چ هەلومەرجێک ئەوانی ناچار کرد ئەم ئیمکانانە هەڵبژێرن؟ بۆ تێگەیشتن لە قۆناغێکی مێژوویی، دەبێ خۆتی بۆ ڕاگوێزی و خۆتی لەگەڵ هاوچەرخ بکەی و خۆت لەو دۆخ و هەلومەرجەدا وێنا بکەی. ئەوەی کە پێی دەڵێین هاودڵی و لە نێوەڕا دیتنی ڕابردوو. ئەوەی کە هێگێل پێی دەڵێ، فەلسەفەی مێژوو یان ئەندێشەی مێژوو. واتە بێجگە لەوەی کە لە دەرەوەڕا لە ڕابردوو دەڕوانی پێویستە لە نێوەڕاش لێی بڕوانی، بۆ ئەوەی بە باشی لێی تێبگەین. هەموو ئەو ئارگۆمێنت و شیکاریانە، پێمان دەڵێن کە مێژوو ڕەهەندێکی زێهنی یان سۆبژێکتیڤیشی هەیە و مێژوو بەبێ ئەم ڕەهەندە، بوونی نییە. ڕابردوو وەک ئۆبژە، لە سۆبژەوە تێپەڕ دەبێ و حەتمەن کاریگەری لێ وەردەگرێ. بەم هۆیە و بە پشتبەستن بەو شیکردنەوانەی سەرەوە، ئەوە دەڵێین کە مێژوو لەگەڵ ڕابردوو یەک نییە. مێژوو بەرهەمی دیالکتیکی سووژە و ئۆبژەی ڕابردوویە. ئەمە مەیلی زاڵە لە مێژوونووسی ئەمڕۆدا. مەیلێک کە ئۆبژێکتیڤیزمی مێژوویی بردۆتە ژێر پرسیار و ماڵئاوایی لەگەڵ نەریتەکانی پۆزیتیویزم و ئەزموونگەرایی و زانستگەرایی وەک ئایدۆلۆژیی ڕۆشنگەری، کردووە و سەرەڕای ئەوەی کە بەدوای حەقیقەتی مێژووییدا دەگەڕێ، بەڵام هیچ خوێندنەوەیەکیش لە ڕابردوو، وک خودی ڕابردوو لەقەڵەم نادا و بە حەقیقەتی ڕەهای نازانێ.

سەرچاوەکان:

ـ درآمدی بر فلسفە تاریخ، مایکل استنفورد، ترجمە احمد گل‌محمدی، نشر نی، چاپ چهارم، ١٣٨٩
ـ هرمنوتیک مدرن، گزینە جستارها، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٧٩
ـ ایران پیشاسرمایەداری، تاریخ نظری، عباس ولی، ترجمە حسن شمس‌آوری، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٨٠
ـ شالودەشکنی، کریستۆفر نوریس، ترجمە پیام یزادنجو، نشر شیرازە، چاپ اول، ١٣٨٠



حەسەن حاتەمی

# ئیسلامی سیاسی [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

## موجاهیدینی خەڵق و شۆڕشی فەرهەنگی

لە بەشی پێشوودا باسمان لە هەڵوێستی حیزبە سیاسییە دیارەکانی کوردستان لە هەمبەر کاندیداتۆریی مەسعوود ڕەجەوی کرد. کۆمەڵە یەک لەو حیزبانە بوو کە پشتیوانیی لە کاندیدی موجاهیدینی خەڵق کرد.

**ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)، سەبارەت بە بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری**

هاووڵاتیانی خەباتکار!

ڕێکخراوی ئێمە لەو ڕێگایەوە بە ئاگاداری هەموو لایەک ڕادەگەیەنێ کە ئێمە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، بەشداری دەکەین و دەنگ دەدەین بە ئاغای مەسعوودی ڕەجەوی، کاندیدای سازمانی موجاهیدینی خەڵق. ئاشکرایە کە بەشداریی ئێمە لەو هەڵبژاردنەدا، و داوا لە هاووڵاتیان بۆ بەشداریی چالاکانە و دانی دەنگی موسبەت بە ئاغای مەسعوودی ڕەجەوی بە مانای پەسندکردنی یاسای بنەڕەتی نییە. بەڵکوو لەبەر بەدیکردنی لایەنەکانی ئەرێنی لە بەرنامەکانی هەڵبژاردنی سازمانی موجاهدینی خەڵق و بۆ کۆکردنەوەی هەمەلایەنەی خەڵکی ئێران لە دەوری بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی، دێموکراتیک و دژی ئیمپریالیستییە.

ئێمە ڕاگەیاندن و شیکردنەوەی خۆمان، سەبارەت بە هۆیەکانی بەشداری لە هەڵبژاردن و هەڵوێستی (کۆمەڵە) لە ڕەخنە لە کەموکووڕییەکان و ناڕوونیی بەرنامەکانی هەڵبژاردنی سازمانی موجاهیدینی خەڵق بە ئاگاداری خەڵکانی وڵاتەکەمان دەگەیەنین.

**سازمانی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)(١)**
**٥٨/١٠/ ١٢**
**دەفتەری کۆمەڵە_ مەهاباد**
**٢٣٥٥ـ ٤٤٢١.**

هەروەک ئاماژەی پێکرا، مەسعوود ڕەجەوی بەهۆی دیفاع لە ئازادی و مافی گەلانی ئێران، پشتیوانیی باشی لێکرا. بەتایبەت لەلایەن گەلی کوردەوە. ئیمکانی سەرکەوتنی ئەو، لە بەربژێرەکانی دیکە پتر بوو. بۆیە کۆمەڵی فداییانی ئیسلام لە نامەیەکی سەرئاوالادا بۆ شوورای شۆڕش، دوای لابرانی هێندێک لە کاندیداکانی کرد. ئەوان نووسیان: ئەگەر وڵامیان نەدرێتەوە بۆخۆیان دەست بەکار دەبن. (٢)

پاشان لە ڕێکەوتی ٢٩ ی بەفرانباری ١٣٥٨، فدائیانی ئیسلام پرسیاریان لە ئا. خومەینی لە بارەی کاندیداکان و بیروڕای ئەوان سەبارەت بە یاسای بنەڕەتی کرد. ئەو لە وڵامدا کوتی: «کەسانێکی دەنگیان بە یاسای بنەڕەتی نەداوە، سەلاحییەتی سەرکۆمار بوونیان نییە.»(٣) بەم شێوەیە، دەستووری لابرانی ئاغای مەسعوودی ڕەجەوی درا.

موجاهیدین سەرەتا ڕاگەیاندراوێکی داکە زۆر بەدڵ ئاواڵەیی، دەستهەڵگرتنی مەسعوود ڕەجەوی لە کاندیداتۆڕیی یەکەمین خولی سەرکۆماریی قبووڵ کرد. ئەو ڕێکخراوە لەو ڕاگەیاندراوەدا، ئەوپەڕی حوسنی نییەتی خۆی نیشان دابوو و خوازیاری هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە کەش وهەوایەکی ئارادا بوو.(٤) بەڵام ڕووداوەکانی دواتر، کێشەکانی بەرەو ناکوکیی و بیروڕای جیاوازی پتر برد.

### هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕا و موجاهیدینی خەڵق

مەجلیسی شووڕای میللی، وەک دەزگای یاسادانان، شوێنکی گرینگی دیکەی ململانێی حیزب و ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتدار و دەرەوەی دەسەڵات بوو. ئەو شوێنە یەکێک لە هێماکانی دێموکراسییە و بەشداری گەل و هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیس چارەنووسی زۆربەی پێکهاتەی دەسەڵات و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی دیاری دەکا. بۆ وێنە: دەتوانین ئاماژە بە تورکیە و ئیسراییل (وەک دوو وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست) و لە عێراقی نوێی دوای ٢٠٠٤دا بکەین. بەڵام لە ئێرانێ مەجلسێکی تایبەتیان دروست کرد. بەو پێیە هەم بە موجاهیدینی خەڵق هەم بۆ حدکا_کە پێشتر باس کرا- ئیزن نەدرا بچنە نێو مەجلیسەلە. گەلی کورد بە دەنگنەدانی بە دیاردەی کۆماری ئیسلامی و موجاهیدین بە دەنگنەدان بە یاسای بنەڕەتی، بوون بە غەیرەخۆیی. جگە لەوەی فێڵێکی زۆر کرا، ئیزن بە نوێنەرانی کوردی هەڵبژێراویش نەدرا بچنە مەجلیس. لە ڕاستیدا سەپاندنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٣٥٩ بەسەر کوردستاندا، بەشێکی لەبەر پشتیوانیی زۆربەی خەڵک لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە دێموکرات، چەپ و سێکۆلارەکان بۆ مەجلیسی شووڕای میللی و بەڕێوەبەریی شووڕاکانی محەللی بوو.

### شۆڕشی فەرهەنگی و موجاهیدینی خەڵق

لە دوای هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕادا، دەسەڵاتدارانی پاوانخواز بۆ سەپاندنی ئیسلامی سیاسیی دروستکراوی خۆیان، بە بیانووی «ئیسلامیکردنی زانکۆکان» و پێکهێنانی «یەکیەتیی حەوزە و زانستگە»، پاکانە حسێبەکانیان لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسیی و کەسانی جیابیر و نامەزهەبی دەست پێکرد. مامۆستا و خوێندکارێکی زۆر گیران، بەلێشاو «پاکسازی» کران و ڕەوتی چونەدەرەوەی مێشکە باشەکان دەستی پێکرد.

زانکۆکان بۆ ماوەی پتر لە سێ ساڵ داخران. پێکهاتەی خوێندکاریی دەوڵەتی بەناوی «تحکیم وحدت» _وەک باس کرا_ وەک «شمشیری دامۆکلێس»ی ئیسلامی لەسەر سەری جیابیرانی زانستگەکان حاکم کران. دوای داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا کە وەک شۆڕشێکی گەورەتر لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، ناودێر کرا، ئەوەش بەناوی شۆڕشێکی فەرهەنگی و لەڕاستیدا، داسەپاندنی بیری ئیسلامی سیاسی و بێ نێوەرۆککردنی زانستگەکان و کتێبە دەرسییەکان کاری پێکرا. ئەگەر شێوە جیهادی یەکەم، دژی خەڵکان لە کوردستان بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، خوێنڕشتن، وێرانی، گیران و ئەشکەنجە و دەربەدەری لە بەشێک لە پێکهاتەی جوغرافیایی ئێرانی بەدوادا هات؛ جیهادی دوویەم یانی جیهادی زانستگەییش، مێشکی بەهێزی زانستیی تووشی زیانێکی گەورە کرد.

موجاهدینی خەڵقیش زەبرێکی زۆر بە ژانی لە هێرش و جیهادی زانستگەیی لێ درا. چەند کەسی کوژرا، دەیان کەسی بریندار و سەدان کەسی خوێندکاریشی زیندانی کران. ئەو ڕێکخراوەیە سەبارەت بەو ڕووداوە تاڵە دەنووسێ: بە پێی گەلاڵەیەگ لە مانگی ڕەشەممەی [١٣٥٨]دا، قەرار بوو، ئەنجومەنە ئیسلامییەکان وەک ئەهرۆمی سەرەتایی بەکار بێنن. لەژێر ئالۆگۆڕی نادروستی سیستمی زانستگەیی و ئینقلابی فەرهەنگی، هەوڵی گێرەشێوێنی و بە خاک و خوێن کێشانی زانستگەکان درا هەتا هەنگاوەکانی پیلانەکانی دوایی خۆش بکەن. لەو ڕێگایەدا، هەوڵی ئەنجامدانی پیلانی جۆراوجۆری کۆنەپەرستانەیان دا.(٥)

د. ئایەت لە قسەکانی نێو کاسێتدا، دەڵێ: «ئێستا مامۆستاکانی غەیرەموسوڵمان دەبێ پاکسازی بکرێن. ئێمە مامۆستای غەیرە ئیسلامیمان ناوێ، بچن لە شوێنێکی دیکە کاری بکەن. بەهیچ شێوە ئیزن بە کۆمۆنیستەکان نادرێ. دەمێنێتەوە موجاهیدەکان کە عینوانی ئیسلامیان هەیە. ئەوانیش بەکردەوە پێشیان دەگیرێ و ئیزنیان پێ نادرێ ئیسلامی بەو جۆرەیان بوێ. زانستگاکان دەبێ دابخرێن و بەرنامەکانی داهاتوو،کردوەکانی خەڵکی لە بەستێنی ئیدئۆلۆژی و ئیسلامی کردندا، دەچێتە پێشێ. ئەوە چوارچێوەی مەسەلەکەیە.(٦)

**سەرچاوەکان**

١ـ مجاهد شماره ١٩ ، ٢٥ دی، ص ١٠.
٢ـ مروری بر پیشینەی ٨ دور انتخابات ریاست جمهوری در ایران (رئیس جمهور نافرجام، روزنامەی ایران، شماره ٣١٣٣، یکشنبه ٢٥ اردیبهشت ١٣٨٤).
٣ـ انتخابات ریاست جمهوری اول و هفتم در وبگاه روزنامەی ایران – شماره ٢١٤٧، دوشنبه ٢٠ خرداد ١٣٨١.
٤ـ مجاهد، شمارەی ٢٠، سەشنبه ٢ بهمن ١٣٥٨.
٥ـ مجاهد، شماره ٤٩، شنبه ٦ اردیبهشت ١٣٥٩، ص٢.
٦ـ مجاهد شمارەی ٩ سال اول شنبه،٢١ خرداد ١٣٥٩

# پێشمەرگە مەندیل سپییەکان



ناسر باباخانی

### کامڵبوون

بۆ کۆچی دوایی نەمر مامۆستا مەلا ڕەشید قەرەنی زادە دەبێ خوێندنەوەیەکی تایبەتیمان هەبێ _دەبێ خوێندنەوەیەکی تایبەتیمان هەبێ_ دەنا لەنگییەک لە شرۆڤەی چەرخی تێکۆشان و خەبات دەکەوێ.

مەبەستم لە خوێندنەوەی تایبەت، دەوری «جیل»ێکی تایبەتە، کە سەر بە «چین»ێکی تایبەتن کە لێرەدا وەک «مامۆستایانی ئایینی جیلی ڕابردوو» دەتوانین پێناسەیان بکەین. دیارە بێگومان ئاست و ڕادەی شوێندانەری و قورساییان دەتوانێ جیاواز بێ، دەتوانێ کەسایەتییەکی نێوبەدەرەوە (کارەکتێری تایبەت) بێ یان کەسایەتییەکی ئاسایی (کارەکتێری گشتی).

بەبێ هیچ شک و گومانێک ڕەوتی کامڵبوونی سیاسی کۆمەڵایەتیی کارەکتێرێکی تایبەتی، وەک مامۆستایەکی پلەبەرزی ئایینی، لە کارەکتێرێکی گشتی وەک فەقێی گوندێکەوە دەست پێدەکا و لەم ڕەوتەدا جگە لە بارودۆخی سیاسیی کوردستان و بوونی هێز و لایەنی سیاسی، بەکگراوندی ئایینی ڕێبەرانی کاریزماتیکی زاتی بزووتنەوەکان، بۆ وێنە وەک نەمران شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، شێخ سەعید پیران، سەید ڕەزا، پێشەوا قازی محەممەد، مەلا مستەفا بارزانی و... زۆرترین کارتێکەریی لەسەریان هەبووە.

### پێگەی کۆمەڵایەتی

ئەگەر قایل بین بەوەی کە گوتاری نەتەوەیی گەلی کورد لە تەواوی قۆناغەکانی زەمەنیدا گوتارێکی دوورەپەرێز لە ئایین و ئایینزا بووە لەگەڵ ئەمەشدا نابێ ئەم ڕاستییە چاوپۆشی لێبکرێ کە ئەم گوتارە لە ڕەوتی بزاڤی خۆیدا بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئایینی کردووە. سووکەئاوڕێک بۆ ڕابردوو ڕەنگە بۆ شرۆڤەی باسەکەمان یارمەتیدەر بێ. ساڵانی پێشوو ئەو کات کە تەکنۆلۆژیا و مۆدێرنیسم کەلێن و قوژبنی ژیانی تاک و کۆمەڵی کوردەواری نەتەنیبۆوە، هەندێ کەسایەتی بە هۆی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتییان سەرچاوەی بڕیار بوون لە ژیانی مرۆڤی کورددا. مەلا و شێخ و سەید بە باکگراوندە ئایینییەکەیان دیارترین سیمای ئەم کەسایەتییانە بوون.

مرۆڤی کورد بەردەوام گیروگرفتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی لە چوارچێوەی مێحرابی مزگەوتەکاندا و بە بڕیاری مامۆستایانی ئایینی یەکلا دەکردەوە، یان بۆ چارەسەری زۆر گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی و تاکی پەنای دەبردە تەکیەی شێخ و خانقای سەیدان، واتە ئەم کەسایەتییانە تەنانەت ئەگەر وەک تاکیش لەباری ئاوەز و بۆچوون لە سەرووی کۆمەڵانی خەڵکیش نەبوایەن واتە وەک کارەکتێرێکی گشتی، پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان جێگەیەکی تایبەتی پێ دەبەخشین.

### «کارەکتێری تایبەت» و «کارەکتێری گشتی»

با لە کارەکتێری تایبەتەوە دەست پێبکەین کە هەندێ جار شوێندانەرییان دەگاتە ئاستێک کە دەبنە خاوەنی یەکێ لە کلیل وشەکانی گوتاری نەتەوەخوازی. بە هێنانی نموونەیەک باسەکە زیاتر شی دەکەمەوە:

یەکەم جار لە بەرگی ٦ی بیرەوەرییەکانی نەمر کەریمی حیسامی (١٩٧٩)دا چاوم بە دەستەواژەی «خەباتی شاخ و شار» کەوت. مامۆستا حیسامی باس لەوە دەکا کە لە خەرمانانی ١٩٧٩ کاتێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەهێزێکی زەبەلاح و چەکی قورسەوە لە دەروازەکانی شاری مەهاباد بوو بە تەمای گرتنی ئەو شارە، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی مەهاباد کۆ دەبنەوە تا بڕیارێک لەسەر دۆخەکە دەربکەن. بۆچوونەکان جیاواز دەبن بەڵام شەهید مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی دەڵێ: «موبارزە شکڵی زۆرن، شەڕ تاقە شکڵی خەبات نییە. من لام باشە ڕێگاکان ئازاد بکەین. ئەگەر بوو بە شەڕ، با لە چیاکان




شەڕ بکەین. حیزب [دێموکرات] تێلگرافێک بۆ خومەینی بنێرێ و بڵێ بۆ حوسنی نییەت ڕێگا چۆل دەکەین با لەشکر بێتەوە پادگان. ئەگەر پاسدار و ئەرتەش دەستدرێژییان بۆ سەر خەڵک کرد ئەودەم شەڕ دەکەین. با هێزی چەکداری پێشمەرگە بچنە چیا [شاخ] و ببنە پشتیوانی ئێمە لە شار. ئەو دەم ئەوانیش ناوێرن دەست لە شار بدەن.» (لاپەڕەی ١٦٥)

کەوابوو وەک باسم کرد داهێنانی دەستەواژەی خەباتی شار و شاخ، بەجۆرێ هی شەهید مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندییە کە خۆی مامۆستایەکی ئایینیی پایەبەرزی کوردە کە ڕاستەوخۆ لە ڕەوتی خەباتدا بەشداربووە.

با لە ڕوانگەی کارەکتێرە گشتییەکانیشەوە سەیری کارتێکەرییەکە بکەین:

ئەگەر بە شێوەیەکی هێڵی سەیری ڕابردووی خەباتی گەلی کورد بکەین لەسەر بنەمای «کارەکتێرە گشتییەکانی» بەشدار لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، دەتوانین هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کارەکتێرانە بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆژیک دیاری بکەین تا لە هەناوی ئەم بیچمانەدا، چەشنێ تیپ دیاری بکەین کە وەک سەربازی ون ژیان و تەمەنیان بوو بە سووتەمەنی و ئاوردووی شۆڕش.

کارەکتێرە گشتییەکانیی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردی بە کێ دەگوترێ؟ لە ڕاستیدا ئەم کارەکتێرانە سەر بە کۆمەڵگەی سوننەتیی کوردستان و جیلەکانی ڕابردوون کە وەک ناوێکی تایبەت لە ڕەوتی خەباتدا نادۆزرێنەوە و نابیندرێن و تەنانەت هەندێ جار لە مێژووی زارەکیشدا ونن، بۆیە دەکرێ بڵێین بە نیسبەت خودی خەبات وەک دەق، ئەمان خودی پەراوێزن، بەڵام پەراوێزێک کە هەرگیز بە دژی دەق قوت نەبوونەوە و بەڵکوو بەردەوام لە خزمەتی خەباتەکەدا بوون. بەپێچەوانەی زۆر «کارەکتێری سەرەکی» کە لەسەر دەسەڵات زۆر جاران زەبری کوشندەیان لە خەبات داوە، ئەوان هەرگیز گیرۆدەی هێز و دەسەڵات نەبوون. بۆ نموونە هەندێ لە مامۆستایانی ئایینی گوند و شارۆچکە و شارەکان بە مەندیلی سپی و کەواوپانتۆڵەوە ڕێک دێنە خانەی کارەکتێرە گشتییەکانەوە. کەواوپانتۆڵ وەک هێمای کوردایەتی و مەندیلی سپی وەک هێمای ئایینی.

جلوبەرگی کوردی (بەتایبەتی پێچ و جامانە و کەواوپانتۆڵ و پشتێند وەک نموونە) وێڕای جلوبەرگی ئایینی مامۆستایانی کورد (کە مەندیلی سپی هێمایەتی) وەک دوو پاژ لە گشتێک بۆ پێناسەیەکی نەتەوایەتی لەبەرچاو گیراوە، واتە ئەگەر چەمکی کوردایەتی وەک سیستم (گشت) سەیر بکەین دەکرێ جلوبەرگ، زمان، ئەدەب، هونەر، کلتوور و وەک پاژەکانی پێکهێنەری ئەم سیستمە شرۆڤەیان بۆ بکرێ و چەشنی پەیوەندییان بەیەکەوە و دواجار لەگەڵ کۆی سیستم دیاری بکەین، ئەمە هەمان مێتۆدی پێکهاتەخوازییە کە بۆ شرۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کەلکی لێوەردەگیرێ.

### ڕووحت شاد مامۆستا

مامۆستا مەلا ڕەشید قەرەنی زادە وەک مامۆستایەکی ئایینی نیشتمانپەروەر لە کارەکتێرێکی گشتی ڕا بوو بە کارەکتێرێکی تایبەتی، کە کوردبوون لای ئەو ببوو بە بایەخێکی نەگۆڕ، بۆیە دەسەڵات هەرگیز نەیتوانی ئەو ڕووحە یاغییە کەوی بکا. (نموونەی بەرهەست و عەینی یەکجار زۆرن کە چۆن بەرهەڵستی سیستم بۆتەوە.) دەکرێ مامۆستا مەلا ڕەشید قەرەنی زادە و کەسانی وەک شەهید مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی، شەهید مامۆستا مەلا محەممەد ڕەبیعی، مامۆستا مەلا کریم فیدایی، مامۆستا مەلا مەحموود سالکی، مامۆستا مەلا ئەحمەد عەبباسی، مامۆستا مەلا عەزیز تەئێد و... وەک پێشمەرگە مەندیل سپییەکانی کوردستان ناوزەد بکەین، ڕوو لە خەڵک و لەگەڵ خەڵک و پشت لە دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی.

# درێژەی: «دیالۆگی ڕەخنەگرانە»و»گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم» سووڕانەوە لە بازنەیەکی پووچدا

ئەگەر باس لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم سیاسەتانە بەرانبەر بە ئێران بکەین، لەگەڵ ئەوەیکە کەس ناتوانێ حاشا لە بێ مەسئولییەتیی ئەم ڕێژیمە و سیاسەتە دواکەوتوو و دوژمنکارانەکانی بەرانبەر بە خەڵکەکەی خۆی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و هەروەها تێرۆریستپەرەوەربوونی بکا، بەڵام هۆکاری دیکەی ڕاست جۆری ڕەفتاری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەوڵەتانە بەرانبەر بەم ڕێژیمە. ئەوان قەت نەیوانتوانیوە هەڵوێست و سیاسەتێکی لێبڕاو بەرانبەر بەم ڕێژیمە بگرنەبەر. نە ئەوەیکە نەیانتوانیوە، بەڵکوو ئەگەر واقعبینانە سەیری پێوەندییەکان بکەین باشتر وایە بڵێین نەیانویستووە ئەوە بکەن. هەر ئەمەیش پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو لایەنەوە هەیە کە لە سیاسەت و دنیای دیپلۆماسیدا ئەمرێکی تەبیعییە.

### دواقسە بە نموونەیەک:

لەم ڕۆژانەدا کە زیاتر لە ٨ مانگە بزووتنەوەیەکی ئێعترازی لە ئێران بەرانبەر بەم ڕێژیمە لە ئارادایە و خەڵکی ئێران زیاتر لە هەمیشە دڵی بە فشارە نێونەتەوەییەکان بۆ سەر ئەم ڕێژیمە خۆشە، لەم ڕۆژانەدا کە بە هاتنەدەریی دۆناڵد ترامپی سەرکۆماری ئامریکا لە بەرجام چاوەڕوانیی ئەوە دەکرا گەڕێکی دیکە لە گەمارۆکان لەسەر ئێران زیاد بکرێ و زیاتر سزا بدرێ، ڕاست بە پێچەوانە چاوەڕوانییەکان دەبینین کە ئورووپاییەکان چۆن بە گەرمی پێشوازییان لە حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ئێران کرد.

هەر لە جەریانی ئەم سەفەرەدا بوو کە نوێنەرانی پارلمانی ئورووپا ئیزنیان بە بانکی سەرمایەگوزاریی ئورووپا دا کە هاوکارییەکانی لە گەڵ ئێران دەست پێ بکاتەوە!

بۆیە پێویستە وەک خۆی سەیری پێوەندیی وڵاتان لەگەڵ ئێران بکرێ و پێمان وانەبێ ئەوەی بە ڕواڵەت بە یەکی دەڵێن و وەک بەربەرەکانێیەکی دوژمنکارانە بەرانبەر بە یەک ڕادەوەستن، لە پشتی پەردە و لەسەر سازان لە سەر بەرژەوەندییەکانیشیان ڕاست بەم جۆرە بن کە ئێمە ئارەزووی دەکەین.

# سیاسەتی ڕووهەڵماڵڕاوانەی ئاڵمان بەرامبەر بە ئێران



ئارۆن کلیگمەن
و: کەماڵ حەسەنپوور




ئاڵمان لە چاو گشت وڵاتیکی کۆمەڵگەی ئازاد بەڕاستی پێویست بوو، ئەرکدار بوو هەڵوێستێکی بە هێز و یەکگرتووی بەرامبەر بە ڕێژیمی قاتڵی ئێران هەبێ. سەرەڕای ئەمە بەرلین، کە بۆخۆی مەینەتبارییەکی زۆری بە دەست ڕێژیمێکی لەم چەشنە چەشتووە، لە پشتیوانیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە هەوڵی لەنێو بردنی ئیسرائیل دەدا، خۆی پاراستووە.

لە کۆتایی حەوتووی ڕابردوودا، هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە بەرلین بەتەمایە ڕێگا بە ئێران بدا کە بە کەڵکوەرگرتن لە بانکی بازرگانیی ئورووپایی_ئێرانی لە هامبورگ ٣٠٠ میلیۆن یورۆ پارەی نەغد بنێرێتەوە بۆ ئێران تا خۆ لە ئابلۆقەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بە زوویی دەسەپێندرێن دەرباز بکا. کاربەدەستانی ئیسرائیلی و ئامریکایی نیگەرانی ئەوەن کە ئێران، سپۆنسەری سەرەکیی تێرۆریزم لە دونیا، لەم پارەیە کەڵک بۆ ئامانجی تێرۆریستیی وەرگرێ. (بێگومان ئەم ئێرانییەی کە ئەم کارە جێبەجێ دەکا، عەلی تەرزەلی، کاربەدەستێکی پایەبەرزی بانکی ناوەندیی ئێران، لەبەر پشتیوانیی لە گرووپە تێرۆریستییەکان لە لیستەی ئابلۆقەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دایە.)

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هەوڵ دەدا پێش بە ئاڵمان بگرێ کە ڕێگا بە تاران بدا ئەم پارەیە بگوێزێتەوە. ڕیچارد گرێنێل، باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاڵمان، داوای لە بەرلین کرد کە لەم بارەوە بڕیاری ڕوونی هەبێ، بەڵام داواکارییەکە لە لایەن یوهان وادێفول، جێگر سەرۆکی پارلمان سەر بە حیزبی کۆنەپارێزی ڕاوێژکار ئانگێلا مێرکڵ ڕەت کرایەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆیترز وادێفول گوتی پارە گواستنەوەکە «ئەگەر بە گوێرەی یاسا ئەنجام بدرێ لەبەر هۆکاری سیاسی پێشی پێناگیرێ»، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی کابینەی مێرکڵە. نەخشە ئێرانییەکە دەتوانێ یاسایی بێ، کە دەبێ لێی بکۆڵدرێتەوە، بەڵام بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەمە، شتێکی بێشەرمانە و مەترسیدارە کە ئاڵمان لە جیات پێشگرتن، ئاسانکاریی بۆ ئەم شتە بکا.

بەرلین هەوڵی پەیتاپەیتای داوە کە درێژە بە هەڵگرتنی ئابلۆقە لەسەر ئێران بدا، کە ئەمە پێش بە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگرێ کە پاشەکشە بە دڕندەیی و شەڕەنگێزیی کۆماری ئیسلامیی بکا. بازرگانانی ئاڵمانی دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، کە بە فەرمیی پێی دەڵێن بەرجام، و لە ٢٠١٥ واژۆ کرا، سەرڕێژیان کردە ئێران، کە دەوڵەتی ئاڵمانیش گەلێک حەزی لە باشترکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکەیان بوو. پاش ئەوەی کە سەرۆک کۆمار ترامپ لە مانگی مای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ڕاگەیاند، بەڵێنی دا کە سەرلەنوێ ئابلۆقە هەڵگیراوەکان لە سەر ئێران لە ماوەی ڕێککەوتنەکە بسەپێنێتەوە، ئاڵمان لیبڕاوانە هەوڵی داوە ڕێککەوتنەکە بپارێزێ و درێژە بە بازرگانیکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی بدا. مانگی ڕابردوو دەوڵەتی ئاڵمان بەڕێوەبەرییەکی تایبەتیی دامەزراند _کە وەزارەتی ئابووری وەک «شوێنی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران» باسی لێوە کرد- بۆ ڕێنوێنیکردنی ئەم کۆمپانیایانە کە نیگەرانن بازرگانیکردن لەگەڵ ئێران لەوانەیە ببێتە هۆی ئابلۆقەی ویلایەتە یەکگرتووەکان. وەزارەتەکە دووپاتی کردەوە، هەر وەک مێرکڵ ئەم حەوتووە هەمان کاری کرد، کە ئاڵمان بە سووککردنی ئابلۆقەکانی سەر ئێران وەفادارە. مێرکڵ ئەمەشی دووپات کردەوە کە کۆمپانیاکان دەبێ بۆخۆیان بڕیار بدەن کە ئاخۆ دەیانهەوێ لە ئێران وەبەرهێنان بکەن، بێ ئەوەی کە بچووکترین ئاسەواری هەڵوێستی سەختگیرانەتر بەرامبەر بە ئێران نیشان بدا.

جەمسەرنمای ئەخلاقیی ئاڵمان چیتر بەرەو باکوور نییە. ئەو لە جیات لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، پشتیوانیی لە تیئۆکراسی ئێران دەکا، ڕووحی خۆی قوربانیی دەکا. لەبەر چی؟

بەرژەوەندیی ئابووری وێناچێ هاندەری سەرەکیی بێ، سەرەڕای ئەوەی کە گەلێک هەواڵنێر و توێژەر ئیددیعای پێچەوانەکەی دەکەن. هەرچی بێ، هەناردە و هاوردەی ئاڵمان لەگەڵ ئێران دڵۆپەیەکی دەریای کۆی گشتیی بازرگانییەکەیەتی (٠،٢٧ و ٠،٠٣٢ لە سەد لە ٢٠١٧ دا، بە نۆبە).

شیکردنەوەیەکی دیکە بۆ ڕەفتاری ئاڵمان توورەییەکەیەتی بەرامبەر بە ترامپ. داواکاریی ترامپ لە ئەندامانی ناتۆ، بە تایبەتی ئاڵمان، کە پارەی زۆرتر سەرفی بەرگریی بکەن بێگومان بەرلینی دڵڕووشاو کردووە، هەر وەک گومرگی سەر پۆڵا و فافۆن کە هەناردەی ئامریکا دەکرێ و دوژمنایەتیی گشتیی بەرامبەر بە بازرگانیی ئازاد. زۆربەی ڕێبەرانی ئورووپای خۆرئاوا لە ترامپ بێزارن، هیچیان لەمەدا ناگەنە مێرکڵ و هاوکارەکانی. لام وایە ئەوان لە پشت دەرگا داخراوەکاندا دەڵێن: «هاوڕێ بەڕێزەکەمان باراک بۆ کوێ چووە؟»، پێیان وایە ئاکار و ناسیۆنالیزمی ترامپ ساویلکانە و دواکەوتووانەیە. جگە لەمە، ڕێبەرانی ئورووپا چوونەدەرێی ئامریکا لە ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێران وەک زللەیەک لە لاچاوی خۆیان سەیر کرد، کە جەسوریی ئەوانی بۆ نەچوونە ژێر باری دەمەدەمی مەزاجیی واشینگتۆن و ترسی ئابلۆقەکانی بردە سەر.

شیکردنەوەی سێهەم زۆرتر ئاریشییە. ئەو دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هێزی سەربازیی ئاڵمان و قبووڵنەکردنی ئەوەی ڕەوایە کە هێزی سەربازیی دەتوانێ و دەبێ بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییە ناونەتەوەییەکان کەڵکی لێوەرگیرێ.

ئەمە باوەڕێکی قووڵە لە هەندێک بەشی ئورووپا، بە تایبەت ئاڵمان و یەکیەتیی ئورووپا، کە وتووێژ و ئاشتی لە ڕێگای بازرگانی و شێوازی دیکەی بەستراوەیی ئابووری، گەشە دەکەن و تاکە ڕێگای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە نێوان وڵاتانە. دەستکەوتی مەزنی سیاسی، وەک بەرجام، جایزەی هەرە نایابی ئەم بۆچوونەیە. دیپلۆماسی لەنێو بیرۆکراتە پێشکەوتووەکان، بە گوێرەی ئەم جیهانبینییە، ڕێگایەکە بۆ دوور کردنەوەی ناکۆکیی، بۆ پێشگرتن بە هاتنە ژووری ئەو وەحشییانەیە _ ئەوانەی کە باوەڕیان بە دەسەڵاتی ڕەقە _ کە لە دەروازەی شار نەیەنە ژوور. تیۆریی بناغەدانەری ئەم سیستەمە بۆچوونە ئەمەیە کە هەموو کەس، قەی ناکا چەند دوژمنکار، بە کەلوپەل، خزمەتگوزاریی، کافە و پارەی خۆرئاوایی، وەسوەسە دەبن. کەوابوو پیاوە ڕەقەکانی ئێران لە کۆتاییدا چەکەکانیان دادەنێن، لە جیاتان کەیفە بە مۆدەکانی ئورووپا هەڵدەبژێرن.

بێگومان ئەمانە گشتی قۆڕییاتە، بەڵام بۆ ساتێک گومانت نەبێ کە ڕێبەرانی ئاڵمان باوەڕیان پێیەتی، چونکە ئەگەر ڕاست نەبێ، کەوابوو ئاڵمان لە شانۆی سیاسەتی جیهانییدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە، لانیکەم بۆ چارەسەری بابەتە هەرە گرینگەکان.

ئاڵمان، وەک وڵاتانی دیکەی ئورووپا، بەم قسەیە داکۆکی لە سیاسەتەکەیان بەرامبەر بە ئێران دەکا کە تەنیا جێگرەوەی بەرجام و سازش، شەڕە. بەڵام ئێران، وەک هەر دەسەڵاتێکی ڕیویزیۆنیستی دیکە، ئەگەر بەرەوڕووی نەوێستییەوە، پشتگەرمتر دەبێ. ئەمە گشت شەڕانگێزییەکی ئێران دەگرێتەوە، لە بەرنامەی ناوکیی، تا سەرکوتکەریی نێوخۆیی، تا دەستوەردانەکەی لە ڕەشەکوژیی سورییە.

وێدەچی ئاڵمان بە گاڵتەجاڕیی هەڵوێستەکەی بەرامبەر بە ئێران نەزانێ. مێرکڵ زۆر خێرا بوو لە وەرگرتنی کۆڕەوی پەنابەری سورییەیی – سیاسەتێکی جوامێرانە هەرچەند هەڵە – پێش ئەوەی کە لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی مێرکڵ بە حەزەوە ڕێککەوتنی بازرگانیی لەگەڵ ئێران واژۆ دەکا، ناڕاستەوخۆ پشتیوانیی لە ڕێژیمێک دەکا کە سەرسەختترین پێشتیوانی ماشێنی شەڕی سەرۆک کۆمار بەشار ئەلئەسەدە؛ کە لە پلەی یەکەمدا بووە هۆی ئەوە کە پەنابەران بەرەو ئوروپا ڕابکەن!

بەرلین دەرفەتی بەدەستەوەگرتنی ڕێبەریی جیهانیی لە ڕووبەڕووبوونەوە دژی ئێران و وەستانەوە دژی دیکتاتۆریی ڕاستەقینەی هەیە. بۆ ئەم مەبەستە، ئاڵمان پێویستە دژی ڕێژیم بوەستێتەوە و پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکا کە دژی ڕێژیم خۆپیشاندان دەکەن. ئەمە بە مانای پشتیوانی لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤە، نەوەک دۆستایەتی بەدرۆ. ئاڵمانییەکان دەبێ هەروەها پرسی ئێران لە پرسە جێی ناکۆکییەکان لەگەڵ ترامپ جیا بکەنەوە بۆ ئەوەی کە کاریگەربوونی ئابلۆقەکان مسۆگەر بێ، بۆ سنووردارکردن و لە کۆتاییدا پاشەکشەکردن بە زێدەڕۆییە ئیمپێریالیستییەکانی ئێران لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناڤین، و بۆ دڵنیا بوون لەمە کە ئێران هەرگیز نەبێتە خاوەنی چەکی ناوکیی.

ئاڵمان دەبێ بە هەمان شێوە بەرامبەر بە سیاسەتی لەڕادەبەدەر دژە جوولەکەی ئێران بوەستێتەوە، لەنێویاندا حاشاکردن لە کۆمەڵکوژکرانی جولەکەکان و بڕیاری لەنێوبردنی ئیسڕائیل. پتر لە ٧٠ ساڵ پێش ئێستا، شەش میلیۆن جوولەکە لە ڕەشترین بڕگەی مێژووی مرۆڤایەتییدا قوربانی کران. ئاڵمان ئەرکێکی ئەخلاقیی هەیە کە دڵنیا بێ کە داوای ئێران بۆ لەنێوبردنی شەش میلیۆن جوولەکەی دیکە هەرگیز وەڕاست نەگەڕێ.

لە حوجرەوە



# مامۆستا مەلا حەسەن دزڵی

عادڵ مەحموودی

هەورامان زێد و نیشتمان و ژینگەی کۆمەڵێک گەورەپیاوە کە ڕەنگبێ ناویانمان نەبیستبن، ئەگەرچی ناوبانگی جیهانیشیان هەیە. مەلا حەسەن دزڵی کە لە زانکۆی ئەلئەزهەری میسر پلەی مامۆستایەتی بووە و وانەبێژی ئەم زانکۆ ئیسلامییە بوو، یەک لەوانە.

مامۆستا مەلا حەسەن دزڵی لە ساڵی ١٢٣٣ی هەتاوی لە ئاوایی (وەیسیا)ی سەربە هەورامانی تەخت لەدایک بوو. حەسەن کوڕی مەلا محەممەد کوڕی حەمەڕەزایە و خەڵکی ئاوایی (دزڵی)ن و مەلا محەممەد مامۆستای ئاوایی وەیسیا بوو. دایکی حەسەن ناوی شاپەروەرە و مەلا محەممەد و شاپەروەر هەردوکیان لە خێڵی مەردۆخییەکانن و جێپەنجەی مەردۆخییەکان لە سەراسەری کوردستاندا دیار و ڕەنگینە.

حەسەن لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە خزمەتی مەلا محەممەددا، واتە باوکی دەست بە خوێندنی پەرتووکە سەرەتاییە باوەکانی ئەوکات دەکا و دوای ماوەیەک بۆ درێژەدان بە فێربوونی زیاتر دەڕوا بۆ ئاوایی دەگاشێخانی شامیان و حاجی شێخ یۆسفی مەردۆخی و بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە و زانستەکانی سەرف و نەحو و مەنتیق دەخوێنێ. دواتر بۆ دەوڵەمەندترکردنی زانستی خۆی ڕوو دەکاتە ناوچەی موکریان و بۆ ماوەیەکی زۆر لە شارەکانی شنۆ و لاهیجان و گوندەکانی ئەو ناوچەیە دەمێنێتەوە و لە خزمەتی زۆر لە زانا بەناوبانگەکانی ئەو ناوچەیەدا درێژە بە خوێندنەکەی دەدا و خۆی پێدەگەیێنێ. فەقێ حەسەن دواتر دەگەڕێتەوە بۆ هەورامان و لەوێوە ڕێگای باشووری کوردستان دەگرێتە بەر و، ڕوو لە ناوچەی شارەزوور دەکا و بۆ ماوەیەکیش لە گوندەکانی دۆڵکانە و سەنگان دەمێنێتەوە. دوای ماوەیەکیش مانەوە لەو ناوچەیە ناوی مەلای گەورە دەبیسێت کە لە شاری هەولێر دەبێ، ئەوجار ڕێگای هەولێر دەگرێتە بەر و دەچێ بۆ ئەوێ بۆ ماوەی ساڵێکیش لە خزمەتی ئەو زاتەدا دەمێنێتەوە و دوای گەشتێکی دیکەی مەلایانە بۆ دەڤەری بارزان و سلێمانی و گەڕانەوە بۆ ناوچەی موکریان و چوون بۆ بیارە، سەرلەنوێ دەچێتەوە هەولێر و لە خزمەتی مەلای گەورەدا دوایین پلەکان دەبڕێ و لەسەر دەستی ئەو بڕوانامەی مەلایی وەر دەگرێ.

مامۆستا مەلا حەسەن لە ماوەی خوێندنەکەیدا شارەزاییەکی زۆر لە شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبیدا پەیدا دەکا و هەروەها بە هۆی ئەوەی کە لە زۆربەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا خوێندبووی، لە هەموو زاراوەکان کوردییەکاندا شارەزاییەکی تەواوی هەبووە.

مامۆستا مەلا حەسەن بە وتەی مامۆستا هەژار یەکەم شاعیری کورد بووە کە شێعری بۆ پێکەنین نووسیوە و مامۆستا قانیعیش دەڵێ ئەگەر ئەمن بەقەد مەلا حەسەن توانای شێعریم لە سەرەوە بووایە ئەوا دەرد و مەینەتییەکانی نەتەوەکەمم دەگەیاندە هەموو جیهان. هەروەها مامۆستا هێمنیش دەڵێ کاتێکە شێعرەکانی مەلا حەسەنم بیستن هەتا دوو سێ ڕۆژ زۆر کەیفخۆش بووم بەوە کە وەها شاعێرێکیشمان هەیە.

سوارە ئیلخانیزادە لەبارەی ئەو زاتەوە دەڵێ: کورد شاعیر هەست ناسک و جەفەنگی وەک مەلا حەسەنی بەخۆیەوە نەدیوە.

مامۆستا تەنیا دیوانە شێعرێکی هەیە کە بڵاو کرابێتەوە، بەڵام لە سۆنگەی زانستەوە ئەوەندە پایەبەرز بووە کە زۆربەی زانا بەناوبانگەکانی کوردستان وەکوو بلیمەتێک ناویان بردووە و شانازییان پێوە کردووە.

مامۆستا مەلا حەسەن دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی بۆ ماوەیەک لە ئاوایی سەنگان دەبێتە مەلا و دوای ئەو ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەورامان و لە ئاوایی دەگاشێخانی شامیان سەرقاڵی ئەرکی مەلایەتی دەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە گەڵ دەرەبەگەکاندا هاوڕا نابێ، لەژێر گوشاری ئەواندا ئەو دێیە بەجێ دێڵێ و دەڕوا بۆ گوندی «هانەوقوڵی» لە بناری شارەزوور کە سەر بە هەورامانی باشوورە و دواتر دەڕوا بۆ گوندی «بانیشار» و لەوێ بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە بەینی دەسەڵاتدارانی ئەودەمی ناوچەی شارەزوور و شاری هەڵەبجەدا ڕوو دەدا، مامۆستا ڕای جیاواز دەبێت لە هەموو مەلاکانی ئەو ناوچەیە. لەبەر ئەوە مامۆستا و مەلاکانی دیکە دەبرێن بۆ شاری بەغدا بۆ لای موفتیی عێراق و لەوێ مامۆستا مەلا حەسەن وتەی خۆی بە موفتی دەسەلمێنێ و مەلاکانی دی لەو بابەتەدا دەبەزن. هەر ئەوە دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی موفتیی گەورەی بەغدا و موفتی پێی دەڵێ یا ببە بە موفتیی ئەو ناوچەیە و یان ببە بە دادوەر، مامۆستاش پێی دەڵێ هیچکامیان ناکەم، بەڵام ئەگەر پێت خۆشە هاوکاریم بکەی پشتم بگرە با بچمە میسر یان بۆ مەدینە و لەوێ درێژە بە خوێندن بدەم.

کاتێک موفتی دەبینێ سەرەڕای ئەو هەموو زانیارییەی کە هەیەتی دیسان تامەزرۆی فێر بوونە، بە شایانی ئەوەی دەزانێ کە پشتی بگرێ، بۆیە کارئاسانی بۆ دەکا و ڕەوانەی زانکۆی ئەزهەری میسری دەکەن. دوای ئەوەش کە دوو ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و دەیناسن وەکوو مامۆستای ئەو زانکۆیە هەڵی دەبژێرن و بۆ ماوەی ٩ ساڵ لەوێ سەرقاڵی وانەوتنەوە دەبێ، بەڵام مامۆستا چونکە پەروەردەی شاخە سەربەرزەکانی هەورامان بوو، چیتر لەوێ ژیانی بۆ نەدەکرا و هەوای هەورامان دای لە سەری و گەڕایەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی و لە ئاوایی «هانەوقوڵی»دا دەستی کرد بە وانەوتنەوە. مامۆستا هەر لەوێ ژیانی هاوبەشی پێک هێنا و بۆ ماوەیەکی زۆر لەو گوندەدا مایەوە.

مامۆستا دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی دزڵی و هەتا کۆتایی ژیانی لەوێ دەمێنێتەوە و وەک دەگێڕنەوە زۆر بە سەختی و هەژاری ژیانی بردووەتە سەر. مەلاحەسەن ٩٠ ساڵ ژیا و بە قەناعەتەوە ژینی بردە سەر. ئەو هیچ پلە و پایەیەکی ئیداریی وەرنەگرت. بە هێزی شان و باهۆی خۆی دەژیا و سەری بۆ هیچ دەسەڵاتێک نەوی نەکرد و بەردەوام دەیگوت:

**من هەڵۆی لوتکەی بەرزای داڵانیم**
**هەرگیز وەک قاڵاو ناکەمە چینە**

لە کۆتاییدا و لە ساڵی ١٣١٢ی هەتاویدا بە هۆی نەخۆشییەوە دڵە شاعێرانەکەی مامۆستا لە لێدان کەوت و لە گۆڕستانی ئاوایی دزڵی بە خاک سپێردرا. ڕۆحی شاد.



# سەرۆکی بانکی وەبەرهێنانی ئورووپا: سەرمایەدانان لە ئێران مەترسیدارە




وێرنێر هویەر، سەرۆکی بانکی وەبەرهێنانی ئورووپا ڕایگەیاند کە سەرمایەدانان و کاری وەبەرهێنان لە ئێران و چالاکیی نێودەوڵەتیی ئەو بانکە کەوتووەتە مەترسییەوە.

وێرنێر هویەر، سەرۆکی بانکی سەرمایەگوزاریی ئورووپا لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە برۆکسێل ڕایگەیاند «سەرەڕای پشتیوانیکردنی ئێمە لە بەرجام، ئێران شوێنێکی گونجاو نییە بۆ ئێمە هەتا چالاکیی تێدا بکەین و نرخیشی بۆ بدەین.»

بانکی وەبەرهێنانی ئورووپا کە باسکی سەرمایەدانانی یەکیەتیی ئورووپایە، نیگەرانە لەوەی هاوکاریی ئێران و ئەو بانکە لەلایەن ئەمریکاوە کەوتووەتە مەترسییەوە و کاریگەریی لەسەر هەموو لقەکانی ئەو بانکە لە سەراسەری جیهاندا داناوە.

ڕۆیتێرز ڕایگەیاندوە سەرەڕای ئەوەی یەکیەتیی ئورووپا لە هەوڵی پاراستنی بەرجام دایە، بەڵام زۆربەی شیرکەت و بانکەکانی وڵاتانی ئورووپایی لە ترسی سزای ئەمریکا یان لە ئێران کشاونەتەوە، یان چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردووەتەوە؛ بەڵام شیمانەی ئەوە دەکرێ کە بانکی وەبەرهێنانی ئورووپا کە مەقەڕەکەی لە لۆگزامبورگە، پێبەندی گەمارۆکانی ئەمریکا دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ.

ئەنگێلا مێرکێل، سەدر ئەعزەمی ئاڵمان پێشتر ڕایگەیاندبوو کە هەموو ئەو شیرکەت و بانکانە ئازادن کە بڕیار لەسەر مانەوە یان کشانەوە لە ئێران بدەن.

نیزیکەی دوو حەوتوو پاش ئەوەی نوێنەرانی پارلمانی ئورووپا دەنگیان بە گەڵاڵەیەک دا، کە بانکی وەبەرهێنانی ئورووپا هاوکاریی ئێران بکا، بەڵام سەرۆکی ئەو بانکە ئاشکرای کردوە کە ئەوان وای بە باشی نازانن هیچ هاوکارییەکیان لەگەڵ ئێران هەبێ.

کوردستان
ژماره ٧٣٠
٣١ی پوشپەڕی ١٣٩٧ _ ٢٢ی جولای ٢٠١٨

هەکبەی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

# هەستی خۆشی ژیانی سەربەستی

سەرەتای مانگی گەلاوێژی هاوینی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو، دێوەڕەشەی جەماران پێشی بەتیشکی خۆر گرتبوو، هەناسەی زەوی ڕاگرتبوو، بەری بە خۆرەی ئاوی چۆم و بە نزیکبوونەوەی گەلاوێژی جوان گرتبوو کە لەو مانگەدا هیواکانی کوردە چاوی بە دنیای ڕوون کردبۆوە، دێوەی جەماران ٤ساڵ دەبوو دەستی بەسەر هەبوون و ژیاندا گرتبوو کارێکی کردبوو کە ناوچەکەی لەتاریکی دا نوقم کردبوو دنیایەکی بێ دەنگ، جووڵە لە هیچ شتێکەوە نەدەهات و نەدەبیسراو نە هەناسەی زەویش بەشنەی بەیان خۆی دەنواند. چۆم ڕووبارەکانیش هاژەیان لێ بڕابوو بۆنی مردن و ویشک بوون بە گیان لەبەر و بێ گیانی داگرتبوو سەرەڕای ئەو دێوەی جەماران خەفەتی پاییزییش نیزیک دەبۆوە ئەوەندی دیکە دنیای تاریک دەکرد. خەڵکێک کە بە هەموو ناخۆشی و دەرد و ڕەنجی کۆیلەتی لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەران و کەوتنە بەر گرمەی تۆپ و ئاور و ئاسنی کوردکوژان و لەژێر قورسایی ئەو زوڵمە زۆرەدا، چەند ساڵێک بوو هەستیان بەو ناخۆشییە لە ژیاندا کردبوو کە نە ژیانێکی سەرەتایی ئینسانی، بەڵکوو لە کوشتن و بڕین و ئاوری وێرانکەری بەهارە جوانەکەیان لە سنەی خۆڕاگر هەر ٣ ساڵ پێشتر لەبیر مابوو، داباریینی هەموو جۆرە گوللەیەک، دیاریی دێوی جەماران بوو بۆ خەڵکی کوردی زوڵملێکراو، بەتایبەتی بۆ خەڵکی ناوچەی سنەی خوێناوی. بۆیە لەو ڕۆژانەدا، هیوا بە ژیان لەژێر پەڵەهەوری چڵکنی دەسەڵاتی ئیسلامیدا شاردرابوونەوە و تۆزی مەرگ لە دێوی جەمارانەوە بە سەر خەڵکی کوردستاندا دەنیشت.

زۆری نەکێشا سەرئەنجام مزگێنیی ڕووناکی لەو هاوێنە خۆشەدا لە یەکەم ڕۆژی گلاوێژ دەبیسترا. گەرما و دەنگی باڵندەکان و جاروبار گرمەی تۆپەکانی ڕێژیم لە دەورووبەر دەبیسترا. لە قرچەی گەرمادا لەپڕ هەورێکی ڕەشی هێنا و باران داباری، بارانێکی خوناو، بە جۆرێک جموجۆڵیکی تایبەت لەنێو ئاواییدا دروست بوو، کوچە و کۆڵان بوو بە مەیدانی هاتوچۆی منداڵان و غارغارێن لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ. باران تەپوتۆزی دامرکاند و دڵۆپەکانی تۆزی خەمیان وردەوردە لە ناوچەکە دەشۆردەوە. تۆزی فەرامۆشی نەما، ڕوویەکی گەش وردە وردە هەموو ئاوایی تەنی. پێشمەرگەکان هەر چەند هەموو لەشیان ماندوویی لێ دەباری، بەڵام بە دڵێکی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی بۆ کوردستان لەنێو خەڵکی خۆیاندا ئۆقرەیان گرت و هەستیان بە تەنایی کرد. هاتنی ئەوان دڵی ژاکاوی خەڵکی زیندوو کردەوە، خەڵک باوەشیان بە ڕۆڵەکانیاندا دەکرد و بەگشتی بزەی شادی نیشتە سەر لێوی خەڵک. لەمێژ بوو پێشمەرگە نەهاتبوونەوە ئەو ناوچەیە، بۆیە ئەو هاوینە گەرمە بۆ ئەوان بوو بە بەهارێکی سەرسەوز و خەڵک هەستی بە بوونی دەسەڵاتی خۆماڵیی دەکرد کە ئەوە ئەگەر ماوەیەکی کەمیش بێ، هەستکردنە بە سەربەستیی ژیان.

ڕۆژی یەکی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کوڕانی دێموکرات لە مەڵبەندی سنەی خۆڕاگر بۆ پشوودان خۆیان بە ئاواییەکانی هانیس، خەیارە، کانی بچکۆلە و نەڕاندا کرد، ئەم حوزوور و ئامادەییە، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتی چەند ڕۆژەش بێ بەڵام ورەیەکی بەرزی بە خەڵکی بەخشی. هەرچەند لەم سەروبەندەدا، خەڵکی ئەو گوندانە ژیانێکی نەمرنەژیان هەبوو و لە ڕاستیدا بە دژواری ژیانی خۆیان دابین دەکرد، بەڵام بۆ ڕۆڵەکانیان ئامادە بوون سەر و ماڵیان دانێن و حیزبیش هەستی بەوە کردبوو کە ئەو خەڵکە خەباتگێڕە سەرەڕای کەمداهاتی و دەسکورتی، چۆنیان پێشمەرگە دەژیاند. ئەوان بە میوانداری لە پێشمەرگەکانیان هەرچی شکیان بردبایە بە سەخاوەتەوە لە ئیختیاری پێشمەرگەیان دەنا، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ئەو خزمەت و پێزانینەی هیچکات لەبیر نەکردووە و بە چاوێکی ئەمەگناسییەوە ڕوانیویەتیە ئەو زەحمەتەی خەڵکی.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە هەستیان بە بوونی پێشمەرگە لەو دەڤەرە کرد، بە هێزێکی بێ ئەژمار و بە پشتیوانیی چەکی قورس و هێلیکۆپتێر، پەلاماری بەرزاییەکانی هانیس و خەیارەی دا. پارتیزانە قارەمانەکانی دێموکرات باشیان دەزانی هەڵۆی بەرزەفڕ باشتر دەڕوانێتە دەشتایی و بە هۆی زاڵبوونی بەسەر دەڤەرەکەدا، هەمووی لە ژێر دەسەڵات و هێژموونیی خۆی دایە. بۆیە بەرەو کاتژمێر ٣ی بەیانی کەمینیان بۆ بەرزاییەکانی پشت ئاوایی نارد و لێی دامەزران. هێزی پێشمەرگە تازە خەو بە چاویاندا چوو بوو کە هەستیان بە هاتنی هێزی بەکرێگیراو کرد و هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لە کەمیندا بوون، قامک لەسەر ماشەی چەکەکانیان چاوەڕوان مانەوە تا ئەوەیکە سەعاتی ٥ی بەیانی یەکەم دەستەی بەکرێگیراوان کەوتنە کەمینەوە. ئەوەی کوژرا، کوژرا و ئەوانی دیکە بەرەو دواوە ڕایان کرد. بە بەرزبوونەوەی دەنگی تەقە، قارەمانانی دێموکرات هەموو بەرزاییەکانی کانی بچکولە و نەڕانیان گرت. شەڕ لە هەموو بەرزاییەکانی بەسەختی دەستی پێکرد بەجۆرێک تا کاتژمێر ٨ی بەیانی شەڕ ئەوەندە گەرم بوو کە توانایی کردنی سەنگەراوسەنگەر نەبوو، سەرەنجام هێزی کۆماری ئیسلامی تێک شکا و بە سەرشۆڕی کشایەوە دوایە.

هێزەکانی ڕێژیم پاش ماوەیەک خۆیان سازمان دایەوە و لە شاری سنەوە هێزێکی زیاتریان هێنا و لە سەڵواتاوا و گەزگەزارە و میاوەڕانەوە هێرشێکی پان و بەرینی دەست پێکردەوە. لە بەرامبەریشدا تێکۆشەرانی دێموکرات دەستەوەستان نەمانەوە و خۆیان سازمان داوە و چاوەڕوانی هێرشکەران مانەوە. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە جارێکی دیکە هەڵۆکانی چەمشار و کوڕەی میانە لێیان ڕاسان و زەبرێکی دیکەیان لە دوژمن وەشاند، بەمجۆرە تا سەعاتی ٨ی شەو ماوەی ١٥ سەعات شەڕی خۆڕاگری، دوژمنیان تێکشکاند و زیاتر لە ٧٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون. خوێنی ڕۆڵەکانی کورد لەو ڕۆژەدا کە بوو بە چرایەکی ڕووناکیدەری ڕێگای تێکۆشان، شەهیدبوونی ٣ پێشمەرگە و برینداربوونی ٨ پێشمەرگە بوو کە یەکێک لە بریندارەکان فەرماندەی قارەمان سەروان ئیقباڵ کەریمنژاد بوو. بەمجۆرە هەڵۆ بەرزەفڕەکانی زاگرۆس دەرسێکی باشیان بە هێزی کۆماری ئیسلامی دا و توانییان هێندەی دیکە ورەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەرز بکەنەوە و بە کۆماری ئیسلامی بڵێن پێشمەرگە هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییە و هیچ هێزێک ناتوانێ لەبنی بێنێ. پێشمەرگەکان هەر دوای ئەو عەمەلیاتە قارەمانانەیە لە ئاوایی «نەڕان» مانەوە و دوژمن نەیوێرا خۆ لە قەرەیان بداتەوە.

# تێڕوانینی یاسا و شەریعەت بۆ فێمینیزم



خەدیجە مەعزووری




ئەو وڵاتانەی کە داخراون و بە پەرەگرتوویی فەرهەنگی نەگەیشتوون، زۆر لە مانا کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لەلایان نەناسراون و ئێستاش وەک جنێو و ناو و ناتۆرە بەکار دەبرێن. لە بارەی فێمینیزمیشەوە هەر ئەو تێگەیشتنە هەیە و زۆر لە پیاوان تەنانەت ئەو پیاوانەی کە لە ڕۆژئاوا ژیاون، لەگەڵ فێمینیزم ئاشنا نین، لە ڕاستیدا هەڵسووکەوتی نەرێنییان لەگەڵیدا هەیە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە نازانن فێمینیزم چیە و هەموو لق و پۆپەکانی فێمینیزم تێکەڵ دەکەن و لێکیان جیا ناکەنەوە. ئەو وڵاتانەش کە دێموکراسییان تێدا حاکمە، لەو وڵاتانەدا فێمینیزم چۆتە نێو سیاسەت و ئابووری و کولتوور و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە شێوەیەکی گشتی قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتانە، لەگەڵ میساقەکانی مافی مرۆڤدا جیاوازییان زۆرکەمە و هەموو هاووڵاتیان بە ژن و پیاو بەهەر ڕەنگ و ڕەگەزە و ئایینێکەوە بەرامبەر بە قانوون وەک یەک و یەکسانن. قانوون لەو وڵاتانەدا وا لەبەرچاودەگیرێ و وا دادەڕێژرێ کە هاونیشتمانانی ژن و پیاو یەکسانی و بەرامبەری لەنێوان خۆیاندا بە تەواوی هەست پێبکەن. فێمینیزم بە مانای بەرامبەریی مافی ژن و پیاو و دیتنەوەی جێگای واقیعیی ژن لە کۆمەڵگەدایە، ستەم بە ژن ڕەوادیتن وەک پێشێلکردنی یاسا و مافەکانی مرۆڤ چاوی لێ دەکرێ.

قانوونی ئێران و زۆر لە وڵاتانی دەورووبەرمان زیاتر لە سەر ئەساسی شەریعەتی ئیسلامی دانراوە، بەڵام ئایا ئەو مافانەی کە بۆ مرۆڤ لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون، لە شەریعەتی ئیسلامیشدا بێ زیاد و کەم وەبەرچاوگیراوە؟

دیارە شەریعەتی ئیسلام بە گشتی باس لە مساوات لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکا و باس لە تەبایی و تەفاهوم و تەوافوق دەکا، بەڵام ژنان لە سەر هێندێک مەسەلە ڕەخنە لە شەریعەتی ئیسلام دەگرن، کە دیارە ئەم ڕەخنانە لە لایەن زانا دینییەکانەوە پاساو دەدرێنەوە و دەبینین زۆر لە مافەکانی ژنان لەگەڵ شەریعەتدا دەکەونە ناتەبایی.

چەند نموونەیەک ئاماژە پێدەکەین کە سەدان ساڵە لە وڵاتانی ئیسلامیدا ڕەچاو دەکرێ، وەک: بەشە میراتی نێرینە دوو ئەوەندەی بەشە میراتی مێیینەیە، تەڵاق کە لابردنی کۆتی هاوسەرییە بە لەقاندنی (خستنی) لە لایەن مێردەوە، خوێنبایی ژن نیوەی خوێنبایی پیاوە، دوو ژن بە شاهیدێک حیساب دەکرێن، فرەژنی بۆ پیاو ڕەوایە و... کە ئەوانە لەگەڵ فێمینیزم لە ناتەبایی دان. بۆیە زاراوەی فێمینیزمی ئیسلامی کە لە نێو ئەدەبیاتی فێمینیستیدا هاتۆتە ئاراوە، ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەر مەبەست لە فێمینیزمی ئیسلامی ئەوەیە کە چونکە ژنانی ئێمە موسوڵمانن، دەبێ جۆرێکی تایبەتی لە فێمینیزم و بەرامبەری و یەکسانی بۆ خۆیان وەبەرچاوبگرن، ئەوە بابەتێکی بێ سەمەرە. لەبەر ئەوە ژنانی یەهوودی و بوودایی و مەسیحیش دەڵێن ئێمە یەهوودی یان بوودایی و مەسیحین و دەبێ فێمینیزممان بە شێوەی خۆمان هەبێ و دەمانهەوێ بە جۆرێکی دیکە بژین.

ئارمانەکانی فێمینیزم (فێمینیزمی ڕادیکاڵ) لەگەڵ مەزهەب و ئیسلام لە ناتەبایی دایە، بەڵام «نەوال سەعداوی» فێمینیستی ناسراوی میسری لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئاڵوگۆڕە چاکسازییەکان لە مەراجیعی ئیسلامیدا دەتوانێ لە خزمەت سوود گەیاندن بە ژنان کەڵکی لێ وەربگیرێ. ستەمی سێ قات لە سەر ژنانی عەرەب هەیە (میللی، چینایەتی و جینسی) هۆی سەرەکیی بوونی ئەم ستەمانە، ئیسلام نیە، بەڵکوو پیاوسالارییە کە لە ڕادەی جیهانی و نەتەوەییدا هەیە و ئەوانە هۆی سەرەکین. لە مێژوودا تەفسیری جۆراوجۆر لە مەراجیعی جۆراوجۆری ئیسلامی لەسەر ژن هاتووە. لە حاڵێکدا نابێ تەفسیری جۆراوجۆر لە ژن بکرێ، لە یاسادا ژن دەبێ وەک مرۆڤ سەیری بکرێ و جێگای شیاوی خۆی بۆ دابنرێ و مادده قانوونییەکان دەبێ داکۆکی لە ژن بکەن، ئەوەش کاتێک دەکرێ کە مادده قانوونییەکانی «یاسای بنەڕەتی» لەگەڵ ماددەکانی مافەکانی مرۆڤدا ناتەبا نەبن.

### فێمینیزم لە یاسادا

بە گشتی ژنانی چالاک لە بواری کێشەی ژندا، هەمیشە هەوڵیان داوە کە بە حقووق و ئیمتیازاتێک بگەن کە پیاوانیش لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوورییەوە لێی سوودمەند دەبن، هەروەها ژن دەبێ جیاواز نەبی لەگەڵ بەرامبەرەکەی لە کۆمەڵگەدا؛ بەڵام بە داخەوە قانوون و شەریعەت لە زۆر بواری وەک میرات و تەڵاق و شایەتیداندا پشتیوانی لە پیاو دەکا.

ژنانی فێمینیست لە وڵاتانی دواکەوتوو بە تایبەتی لە کوردستاندا، ژنانی ڕۆژهەڵات دوای شۆڕشی ١٣٥٧ هەموو هەوڵیان ئەوە بوو قانوون حیمایەتیان بکا و ئیزن نەدرێ کەسایەتیی حقووقیی ژن ژێرپێ بخرێ و بە تایبەت دوای شووکردن نەفی بکرێ و بچنە سەر کەسایەتیی پیاوەکانیان. ڕاستە ژن بە ژیانی هاوبەش پێکهێنان تێکەڵ بە پیاو دەبێ و یەکتر تەواو دەکەن، بەڵام ژن نابێ لە بازاڕی کاردا سەربەستیی خۆی لەدەست بدا و دەبێ لێرەدا قانوون جێگای شیاوی خۆی بداتێ و تەحقیری نەکا و ژن بتوانێ سەربەست بێ بۆ کارکردن و بڕیاردان لە ماڵەوە و لە کۆمەڵگەدا.

قانوون دیاردەیەکە کە قابیلی ئاڵوگۆڕە و ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە قانووندا ئاسانترە تا گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا. ژنان خوازیاری چاکسازی لە زۆر لە بوارەکانی یاسا دان. ئەوان داوا دەکەن یاسا پشتیوانییان لێبکا لە مافی تەڵاق وەرگرتن، قانوون حەقی «حضانت» بدا بە ژن، نابەرامبەری لە کاردا نەبێ لە نێوان ژن و پیاودا ژن وەک جینسی دووهەم و زەعیف و دەستەوەستان چاوی لێنەکرێ، مافی خۆهەڵبژێران و هەڵبژاردنی هەبێ.

ئەگەر قانوون پشتی ژن بگرێ و وەک ئینسانێک و لە کۆمەڵدا و لە هەموو بوارەکاندا بیسەپێنێ و وەبەرچاونەگرانی سزابدا، وردەوردە ئەم قانوونانە دەبنە عادەت و خەڵک بە ئەرکی دەزانن وەبەرچاویان دەگرن، دیارە ئەوە دەمودەست ناکرێ و زەمانی دەوێ، بەڵام قانوون دەتوانێ کاریگەری تەواوی لەسەر کۆمەڵگە دابنێ، چونکە مرۆڤ لە سەریەتی قانوون بەڕێوە ببا و وەبەرچاوی بگرێ.

### دەرئەنجام :

فێمینیزم وەک دیفاع لە مافەکانی ژن ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرتووی دونیای ئەمڕۆیە، کە نە دەتوانین لە چوارچێوەی جوغرافیایی، فەرهەنگی و سیاسیی تایبەتیدا بەرتەسکی بکەینەوە و نە دەشتوانین وەبەرچاوی نەگرین و باسی لێ نەکەین.


بزووتنەوەی فێمینیزم لە سەرانسەری جیهاندا، وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە شێوەی نوێ هاتۆتە گۆڕێ. ئێستا زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتان و ڕێکخراوە چەپەکان بە تایبەت هێندێک لە حیزبە سەرەکییەکان بوونی فێمینیزمیان قبووڵ کردوە و ئەم بزووتنەوەیان وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ کە بۆ وەدیهێنانی مافەکانی ژن هەوڵ دەدا، بەڕەسمی ناسیوە و دانیان پێداناوە.

بزووتنەوەی فێمینیزم کەس نیە نەیناسێ و قسەی خۆی لە سەر نەبێ. بزووتنەوەیەکی گەورەیە و بە ئاشکرا و ڕاشکاوی مەسەلەکانی ژنان دێنێتە گۆڕێ و هەموو قاڕەکانی جیهانی گرتۆتەوە.

ئەم بزووتنەوەیە لە نێو چەپدا لە دایک بووە و لە وڵاتانی سەنعەتی و پێشکەوتووی ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە و ئێستا بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی سێهەمیشی گرتۆتەوە. بەڵام لە کوردستاندا ئەگەر پێشتر نەناسراو بوو، ئێستا بەو جۆرەی کە هەیە، ناسراوە، بەڵام مخابن لێرە و لەوێ بە پێچەوانە لێک دراوەتەوە و تەنانەت بێ ئەوەی بزانین فێمینیزم چیە، مانا و واتاکەی بە هەڵە کوتراوە و زیاتر بە واتای ژنسالاری لێک دراوەتەوە تا بەم شێوەیە پیاوان هان بدەن پێشی پێ بگرن و لە بەرامبەریدا ڕاوەستن و دژکردەوە نیشان بدەن و تەنانەت ناو و ناتۆرەی غەڵەتی بەسەردا ببڕن. هەڵبەت لەم باسەدا ئیشارە بەوە کراوە کە هەر گرووپێک لە فێمینیستەکان دیفاع لە کێشەیەک دەکەن کە مرۆڤ دەگرێتەوە، جا دیارە بەشێک لەو فێمینیستانە زۆر توندڕەوی دەکەن یا ئەو کێشەیەی کە بەشێکیان دیفاعی لێ دەکەن، ڕەنگە لای ئەوان ڕەوا بێ، بەڵام بۆ منی شەرقی و بەتایبەتی کورد، سەیر بێ. ڕادیکاڵ فیمینیستەکان دەڵێن بۆیە پیاو دەسەڵاتی بەسەر ژندا هەیە چونکە ژن منداڵی دەبێ، ڕێگاچارەی ئەو مەسەلەیە لەوەدا دەدۆزنەوە کە دەوڵەتەکان دەبێ لە فکری لوولەی ئازمایشگا بکەونەوە و منداڵ لەو لولانەدا پێ بگەیەنن، هەر بۆیە من دیفاع لە فێمینیزمێک دەکەمەوە کە دڕوویەک لە قالبی ژنی چەوساوەی کورد دەربێنێ، نە ئەوەی بۆخۆی ببێتە کۆسپ لە بەردەم کێشەکاندا. پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە لەم ساڵانەی دواییدا هێندێک لە ڕووناکبیرانی ژن و پیاو، چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆی کوردستان، زۆر هەنگاوی بەکەڵکیان هەڵ هێناوەتەوە بۆ ئەوەی فێمینیزم هەڵسەنگێنن و بەوجۆرەی کە هەیە و کار و چالاکی دەنوێنێ، پێناسەی بکەن. بەڵام لەوجۆرە کەسانەش هەبوون بێئەوەی بچنە قووڵایی فێمینیزمەوە، لە دژی ڕاوەستاون و بە شێوەی جۆراوجۆر لە سەریان نووسیوە و ڕوومایەکی دزێو و نائینسانییان داوەتە پاڵ ئەم دیاردەیە.

فێمینیزم لە وڵاتانی دواکەتوودا بەوجۆرەی ویستوویانە، لێکیان داوەتەوە و مانایان کردۆتەوە، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆڕی حاکمە و یان مەزهەب قسەی یەکەم دەکا. بە بڕوای من فێمینیزم دیاردەیەکی ترسناک نییە کە خەڵکی پێ بترسێنن، یا دیاردەیەکی سەیر و دزێویش نیە کە کۆمەڵ نەتوانێ تەحەمولی بکا. ئێمە ئەو لایەنانە وەبەرچاو دەگرین و پەرەی پێدەدەین کە خزمەت بە ژن و بە کێشەی ژن بکا یا لە خزمەت سەرجەم مرۆڤدا بێ و بۆ ئاسایش و تەبایی و مساوات لە کۆمەڵگە و بنەماڵەدا هەوڵ بدا.

# هەمیشە قاسملوو... هەمیشە...



نە ئاو کۆتایی بۆ هەیە و نەنووسین لەسەر ئەو
نە مانگ لەم ئاسمانە ئەبڕێ و
نە شێعری ئێمەش لەسەر ئەو
نە هەڵاڵە سوورایی ئەچێتەوە و نە خوێنی ئەو
قاسملوو بەفرێکی سوورە و... کلوو... کلوو
چوار وەرزە بەسەرماندا ئەبارێ...
جارێک ئەمانکا بە یاقووت و
جارێکی دی بە دارهەناری بەر مانگەشەو
وەکوو زەردەخەنە کاڵەکەی
پڕمان ئەکات لە سروودی نەرم نەرم
وەکوو قوڵپەی زنەی برینی لە گەرووماندا
ئەبێتە لرفەی سروودی گەرم گەرم
*
لە ماڵەکانماندا... قاسملوو
جوانترین درەختی حەوشەیە و
نازدارترین گوڵدان و ئینجانەیە و
پاکترین شووشەی پەنجەرەیە و
یەکەمین ڕەفەی کتێبخانەیە و
قوڵینەی نانە و
قەڵەم دانەو پەرداخە و
گڕوگاڵی منداڵەکانمانە ... قاسملوو!
هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا
ئەگەڕێتەوە ژوورەکانمان
ئەبێتەوە بە هەتاوی بەر هەیوان
بە پەپوولە پاییزە و
دێتەوە سەر پێخەفەکانمان
وەلێ کە دێتەوە بە دەستی بەتاڵ
نایەتەوە قاسملوو
ئەو لەگەڵ خۆیدا بە باوەش تریفە دێنێتەوە
شێعری سەوز بە دەستەوە و
سنگی ئەبێتە پوورە هەنگ و
هەنگوین لە قسەیدا و بەسەر هەژاراندا
ماڵ بە ماڵ ئەیبەخشێتەوە
ئەو هەروا خۆی تەنیا ناگەڕێتەوە
بە ئاوەڵی شەفەق نەبێ ناگەڕێتەوە
لەگەڵ نەوڕەسی سپیدا نەبێ ناگەڕێتەوە
لەگەڵ هۆرەی دوا شەهیددا نەبێ ناگەڕێتەوە
ئەو هەروا تەنیا خۆی ناگەڕێتەوە
لە سنەوە مشتێ لە خۆڵی «ئاویەر» دێنێتەوە
لە سەقزەوە فرمێسکی بێوەژنێک و
لە مەهابادەوە سروودی هەڵۆیەک و
لە کرماشانەوە بە سواری ئەسپێکی
«تاق بوستان» دێتەوە
ئەو هەموو ساڵێ
وەکوو نێرگز ئەگەڕێتەوە!
*
قاسملوو لە شتە هەرە بچووکەکاندا دەرئەکەوێ
ئەگەر باش ورد بیتەوە:
لە خانەکانی سەر باڵی پەپوولەدا
یەکێکیان ئەوە!
لە کراسی گوڵگوڵی کیژۆڵەیەکدا
هەرە سوورەکەیان ئەوە!
لە ئاگرداندا پشکۆ هەرە گەشاوەکەیان ئەوە
لە پۆلە مەلی کۆچەریی ئێوارانی هاویندا
ئەوەی لە پێشی پێشەوەیە ئەوە
ئەگەر باش ورد بیتەوە
لە بندینی ڕووبارێکی ڕووندا
ئەو ماسییەی کەوتۆتە پێش کاروانی ماسییەوە
باریکەڵە سپیەکەیان
ئەوە ئەوە!
ئەگەر باش ورد بیتەوە
لە تیرێژی ئەو هەتاوەی
ئەچێتە نێو زیندانەکانەوە... تاڵێکی گەورەی ئەوە
لە کەوانەی پەلکەڕەنگینەدا
کام ڕەنگیان لە هەموویان ڕووخۆشترە... ئەوە، ئەوە
لە شەقامە ڕاپەڕیوەکاندا کام شەقامیان
هاواری بڵندترە... ئەوە ئەوە!
قاسملوو خۆی یەکێکە و
بەڵام هەموویشیان ... ئەوە!
*
ئامادەیە... لە ناوماندا... ئامادەیە
لەسەر کورسی دڵمان دائەنیشێ
لە چاوماندا... گلێنەیە
لە دەنگماندا ژێی هاوار و زایەڵەیە
پەنجەی ئەبێ بە قەڵەم و
سنگی ئەبێ بە دەفتەر و
سەر و ملی مایکرۆفۆنی بەردەممانە و
خوێنەکەیشی چرای سووری
داگیرساوی نەوە لە دوای نەوەی
ئەو خەڵکەیە
ئامادەیە... لە (سەر)ماندا ئامادەیە
وەکوو عەشق بۆ ئازادی
وەکوو پەیام بۆ دواڕۆژ و
وەکوو باران ئامادەیە
لێرە بین و لێرە نەبین
ئەو لێرەیە
خۆی یەکێکە و هەزارانە و
هەزارانە و خۆی یەکێکە و
لەگەڵماندا ورەی شاخە و
بۆ چرکەیەک
ئەم مێژووە جێناهێڵێ
زیندوویێتی وا لە پەیامدا
نەک جەستەدا
مانەوە وا لەو زەنگەدا
کە بەردەوام لێ ئەدات و
کە بەردەوام ڕێ ئەکات و
بەردەوامیش ئاڵای خۆر و
ئاڵای شەهید و ئاڵاکەی
ئەو هەڵ ئەکا!
*
دوو باڵندە هێلانەکەیان چێ ئەکرد
پووشیان هێنا
پووش لە کازیوەی هەواری قاسملوو بوو!
دوو منداڵی سەر قۆچکەتاشی شوکاکی کۆلارەیەکیان هەڵئەدا
کۆلارەکە کاغەزەکەی
لە ڕەشنووسی بیرەوەریی قاسملوو بوو
دوو دڵداری جێژوانێ لە «بانە»دا
سوێندیان بۆ یەکتری ئەخوارد
سوێندەکەیان بە جامانە و بە کڵاوی قاسملوو بوو
دوو زیندانی لە ناو ژووری سێدارەدا
بە دەنگی بەرز گاڵتەیان بە مەرگ ئەکرد
هەرە دیاری ئەو گاڵتانە
نوکتەیەکی بەجێماوی قاسملوو بوو
لە یەکەم ڕۆژی مەشقدا
یەکەمجار بوو، دەستێک بێت و
پێشمەرگەیەک فێری تەقە بکات
ئەویش دەستی قاسملوو بوو!
لێرە چەندین مێژووی بچووک بچووک هەبوون
چیانکەو پێیان نەئەگرت
تا ڕەوڕەوەیەک پەیدا بوو
بەوەوە فێری ڕۆیشتن بوون
ئەویش ڕەوڕەوەی مێژووەکەی قاسملوو بوو!
قاسملوو لە سلێمانی بۆ یادگار
قەڵەمێکی بەجێ هێشتووە
هەموو ساڵێ لە دووی ڕێبەنداندا
ئەم قەڵەمە لەسەر گۆیژە
شێعرێک ئەنووسێ!
لەسەر شوورەی ئامەد بۆ یادگار
مەشخەڵدانێکی داناوە
هەموو ساڵێ لە یادی شێخی پیراندا
ئەم مەشخەڵە دائەگیرسێ!
قاسملوو لەوبەر «خابور»یش
بە ڕووکاری قامیشلوودا
درەختێکی خۆی ڕواندووە
هەموو ساڵێ ئەم درەختە
لە یادی پۆلێ ئەستێرەی قوربانیدا
گوڵی خوێن و
هێشووی تیشک و ئەوین ئەگرێ!
*
جووتێ شێعری نێرە و مێیەم
کە پیر نابن و هەر گەنجن
هەموو ساڵێ لە دیوانێکی تازەدا
کچیان ئەبێ و کوڕیان ئەبێ و
شاخیان ئەبێ و مانگیان ئەبێ و
ڕووبار و شەقامیان ئەبێ و
وەلێ لە نێو هەموویاندا
جوانترینیان سروودەکەی قاسملووە!

شێرکۆ بێکەس






## «کاروانی شەهیدان»

به هەوڵ و ماندووبوونی ئەحمەد قادری، پێشمەرگەی دێرین و بێژەری دەنگ و پێنووس ئاشنای حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەرگی یەکەمی «کاروانی شەهیدان» ئامادە کرا و، لەچاپ درا.

ئەو کتێبە کە باس لە ژیان و بەسەرهاتی شەهیدانی حیزبی دێموکرات دەکا، لە یەکەم بەرگیدا ژیان و سەربردەی زیاتر لە دووسەد شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بڕگە جیاوازەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات وەکوو ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ هەتا کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ هەتاویی تێدا کۆ کراوەتەوە.

«کاروانی شەهیدان» کە بەرگی یەکەمی بە تێکۆشان و شەونخۆنیی ئەحمەد قادری و، یارمەتیی دۆستان و خەمخۆرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چاپ دراوە، جیا لەوەی ئەمەگناسییە لە بەرانبەر بنەماڵەی سەربەرزی خەباتکاران و شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکرات، بەڵگەیەکی کۆکراوەیە لە مافخوازی و خەباتی خوێناویی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و، هەروەها هەوڵێکە بۆ ناساندنی شەهیدان و فیداکارانی دێموکرات بە نەوەی نوێ، هەتا "کاروانی شەهیدان"ی ڕێگای ئازادی و سەربەستی نیشتمانەکەیان باشتر بناسن.

نووسەر و ئامادەکاری کاروانی شەهیدان لە لێدوانێکیدا بۆ «کوردستان»دا ڕایگەیاند بەرگەکانی دیکەی ئەم زنجیرە کتێبە ئامادەن و لە ئەگەری دابینبوونی سەرچاوە ماڵییەکان لە چاپ دەدرێن.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 730 22 july 2018



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647507548621
Tashkilat.kdp92@gmail.com


# ڕێوڕەسمەکانی ساڵیادی تیرۆری ڤییەن لە دەرەوەی وڵات

هاتنەوەی ۲۲ی پووشپەڕ، ساڵیادی تیرۆری دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و د. فازیل ڕەسووڵ؛ بەشداربووی دانیشتنەکەی ڤییەن کە بەدەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران، جارێکی دیکە بووە هۆی وەرێخستنی چەندین کۆبوونەوە و ئاکسیۆن لە وڵاتانی ئورووپایدا. لێرە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:



## ئوتریش

لە ڤییەن، پێتەختی ئوتریش ڕۆژی هەینی، ۲۲ی پووشپەڕ لە شوێنی مێنۆمێنتی شەهیدان، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتیدەربڕین بەڕێوەچوو. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەبەشداریی دەیان کەس بەڕێوەچوو، بە دانانی چەپکەگوڵ پەیمانی وەفا لەگەڵ شەهید قاسملوو و هاوڕێیانی نوێ کرایەوە. خوێندنەوەی پەیامی حیزب و لایەنەکانی بەشدار برگەی سەرەکیی یادەکە بوون کە بریتی بوون لە: پەیامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پارتی دیمۆکراتی کورستان، حیزبی شیوعی کوردستان، یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، مەڵبەندی کوردی لە ڤییەن، پارتی دیمۆکراتی کورد لە سوریە (الپارتی)، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی سووریە، یەکیەتیی دیمۆکراتی کورد وەحدە، پەیامی پارتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە، پەیامی خاوتو سیسی دانینگەر، ڕۆژنامەنوس و دۆستی بنەماڵەی قاسملوو، وەرگێڕی کتێبی خاتو نەسرینی قاسملوو بۆ سەر زمانی ئاڵمانی؛ پەیامی ڕیکخراوی «Stop the Bomb» واتە ڕاگرتنی بۆمب، کە ڕێکخراوەیەکی ئوتریشیە و دژ بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران کار دەکا و؛ پەیامی کوردە ئێزەدییەکان.



## بریتانیا

ڕۆژی یەکشەممە، ۲٤ی پووشپەڕ لە لەندەن، لە بەردەم باڵوێزخانەی وڵاتی ئوتریش خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوەچوو. لەو خۆپیشاندانەدا نامەی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات کە پێشتر بۆ بالوێزی ئوتریش نێردرابوو خوێندرایەوە. وتاری د. سەعید شەمس و خوێندنەوەی ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ساڵیادی شەهیدانی ڤییەن و پەیام و وتاری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا چەند برگەی دیکەی ئەو خۆپیشاندانە بوون.



## دانمارک

ئاکسیۆنەکەی شاری کۆپێنهاگ ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ۲۱ی پووشپەڕ لە بەردەم باڵوێزخانەی وڵاتی ئوتریش لەو وڵاتە بەڕێوەچوو. لەو ئاکسیۆنەدا نامەی کۆمیتەی بەڕێوبەریی دەرەوەی وڵات کە بە مەبەستی هەنگاونان بۆ کردنەوەی پەروەندەی تێرۆری ڤییەن نووسراوە، خوێندرایەوە و ئاکسیۆنەکە بە خوێندنەوەی پەیام و بەرزکردنەوەی دروشم درێژەی پێدرا.



## فینلاند

ڕۆژی هەینی، ۲۲ی پووشپەڕ کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندام و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کوردانی دانیشتووی وڵاتی فینلاند، بە بەرزکردنەوەی درووشم و وێنەی ڕێبەرانی شەهید خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم باڵوێزخانەی وڵاتی ئوتریش لەو وڵاتە ڕێکخست. لەو ئاکسیۆنەدا هەیئەتێک بە نوێنەرایەتیی خۆپیشاندەران سەردانی باڵوێزخانەی ئوتریشیان کرد و نامەی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بڕیارنامەی خۆپیشاندانەکەیان ڕادەستی باڵوێزی ئوتریش کرد. لەو نامەیەدا جگە لە وەبیر هێنانەوەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە لایەن دیپلۆمات تێرۆریستانی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە، داوای سەرلەنوێ خستنەوە گەڕی پەروەندەی ئەو تێرۆرە لە کاربەدەستانی وڵاتی ئوتریش کراوە.






## نۆڕوێژ

ڕۆژی هەینی، ۲۲ی پووشپەڕی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەڵگرتنی وێنەی شەهیدانی ڤییەن و کۆمەڵێک پۆستر و پلاکارد خۆپێشاندانێکی هێمنانەیان لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئوتریش لە ئۆسلۆ، وەڕێ خست. لەو ئاکسیۆنەشدا کۆمەڵێک پەیام خوێندرانەوە و داوانامەی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندی تێرۆری ۲۲ی پووشپەڕ ڕادەستی باڵوێزخانەی وڵاتی ئوتریش کرا.





## ئاڵمان

ڕۆژی یەکشەممە، ۲٤ی پووشپەڕ شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران لە ناوەندی شاری کۆڵن لە ئەڵمان، بە بەشداریی بەرچاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاکسیۆنێکی گەورەیان پێک هێنا.
لەم ئاکسییۆنەدا سوڵتان گولاوی، بەرپرسی کۆمیتەی ئەڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی لەسەر بارودۆخی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی پێشکێش کرد و و داوای لە وڵاتانی ئورووپایی کرد تا پێش بە پشتیوانیکردنی ئێران لە گروپە تیرۆریستییەکان بگرن. لە کۆتایی ئەو ئاکسیۆنەدا شووڕای دێموکراسیخوازان لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە وڵاتانی ئورووپایی کرد تا پەروەندەی تیرۆری دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، وەگەڕ بخرێتەوە.
دێموکراسیخوازان لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە وڵاتانی ئورووپایی کرد تا پەروەندەی تیرۆری دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، وەگەڕ بخرێتەوە.

## بەر لە ماڵاوایی



# چەپکەگوڵێک لە گوڵزاری وشە و بیری قاسملوو

* وەک حیزبی دێموکرات لەوە دڵنیاین کە خەباتەکەمان سەردەکەوێ، چونکی سیاسەتێکی واقعبینانەمان هەیە، گەلەکەمان پشتیوانیمان لێ دەکا و خاوەنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانین.

* دێموکرات ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ نیە و ڕێز لە پێوەندیی نێوان نەتەوەکان دەگرێ.

* لە حیزبی دێموکراتدا ڕێ بە میلیتاریزەکردنی سیاسەت نادرێ.

* قەت حازر نین یەک شەهیدیش بدەین بۆ ئەوەی فیلمێکی باش هەڵ گرین. لە حیزبی دێموکراتدا کەس حەقی ئەوەی نییە بە هونەرمەند بلێ ئاوا بکە و ئاوا مەکە. دەتوانین سەرنجیان بۆ لای شتێکی جالب یان جوان ڕابکێشین، بەڵام نابێ ئەمریان پێ بکەین. مەسەلەن ئەوانەی لە حیزبدا کاری فیلم هەڵگرتنەوە دەکەن، کارێکی هونەری ئەنجام دەدەن، یانی لە واقیعدا هونەرمەندن. هونەریش لە حیزبی ئێمەدا ئازادە، هیچ کەس ناتوانێ بە کەسێکی هونەرمەند بلێ دەبێ ئاوا بکەی. ئەگەر شتێکی وایش هەبوو نابێ هونەرمەند بچێتە ژێر ئەو بارە. چونکی ئەگەر ئەوە قبووڵ کرا بۆ داهاتووی کوردستانی ئازادیش باش نیە. ئەگەر هەر لە ئێستاوە پێش بەو خەتایە نەگرین، سبەینێ هێندێک فەرماندە یان بەرپرس بە دەخاڵەتی بێجێ لە سەر هونەر و هونەرمەند، ناهێڵن هیچ هونەرێک گوڵ بکا.
هونەر دەبێ بۆ خزمەت بە ئینسان بێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەیکە بەتەواوەتی جێگە و پێگەی هونەر هەست پێدەکەین بەڵام ئێمە قەت حازر نین یەک شەهیدیش بدەین بۆ ئەوەی کە فیلمێکی باش هەڵگرین.

* دۆستایەتی لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوە نیە کە هەرچی دۆستەکانمان گوتیان، بڵێین بەچاوان! لەبیرمان نەچێ کە حیزبی دێموکرات خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە، ئەویش هەر ئەو سیاسەتی سەربەخۆییەیە کە گرتوویەتە بەر. یەکێک لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەر ئەو سەربەخۆییە دەبێ. ئەو سیاسەتە چەوت بووبێ و ڕاست بووبێ، دەسکردی خۆمان بووە. چونکی پێمان وایە هیچ کەس و لایەنێک بە ئەندازەی خۆمان لە واقعییاتی کۆمەڵگەی ئێمە ناگا.
ئێمە لە حیزبی دێموکراتدا ئیجازە بە هیچ دەوڵەتێکی تایبەتی و هیچ دۆستێکی نزیک نادەین لەبارەی ئێمەوە بڕیار بدا. با زۆر بە سەراحەت بگوترێ کە، ئێمە بەخاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی بڕیاردان و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین، بەڵام ئامادەین لە پێناو قازانجی میللەتەکەمان و پاراستنی سەربەخۆییمان واز لە دۆستایەتی بێنین. ئەوەی بۆ ئێمە لەم پێوەندییەدا گرینگە دوو شتە؛ یەکەمیان قازانجی میللەتەکەمانە، دووهەمیشیان سەربەخۆییمانە لە بڕیاردان.

* تا ڕیشەی تێرۆریزم لەبەین نەچێ، تێرۆریزم خاشەبڕ ناکرێ. تێرۆریزم هۆکارە نەک هۆ. تێگەیشتن لە هۆیەکانی پەرەئەستاندنی تێرۆریزم _مەبەست تێرۆریزمی سیاسییە_ وەک بێعەداڵەتی، قەیرانی کۆمەڵگە و ستەمی نەتەوایەتی، هێزو توانا و کاتێکی زۆری دەوێ.
ئەگەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە سەرچاوەی تێرۆریزم دەژمێردرێ، لەبەر ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە، ناوەندی ناکۆکی و پێکدادانی ئیستراتێژیکی سیاسی، ئابووری، نەتەوایەتی و ئایینییە. تا ئەم ناکۆکیانە لە بەین نەچن، تێرۆریزم ڕیشەکێش ناکرێ. تا ئەو کات خەبات دژی تێرۆریزم لە ئاستی نێونەتەوەییدا نەتەنیا لەگەڵ دەستە و تاقمەکان، بەڵکوو زیاتر لە گەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە هانیان دەدەن، دەبێ بکرێ. هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕێژیمی خومەینی لە سەرەوەی ئەو دەوڵەتانە دایە.

* زۆر جار باسمان لە هۆکاری سەرکەوتنەکانی حیزبی خۆمان (حیزبی دێموکرات) کردوە. گوتوومانە کە سیاسەتی ئوسوولی و واقعبینانە و بوونی هێزی پێشمەرگە و قارەمانەتیی پێشمەرگە، نوقتە قووەتی حیزبی ئێمەن. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.
سەرمایەی گەورەی حیزبی ئێمە پشتیوانیی گەلی کوردە. ڕازی تێکنەشکان و سەرکوتوویی ئێمە هەرلەوەدایە کە خەڵک حیزبەکە و هێزی پێشمەرگە بە هی خۆی دەزانێ، باوەشی بۆ دەکاتەوە و دەیپارێزێ. بۆیە بە لای منەوە قەت خەڵک و پێشمەرگە دوو لا نین و نابێ لێک جیا بکرێنەوە.
پێم خۆشە پێشمەرگە خۆشەویستەکان ئەوە بزانن و لەبیریان بێ کە چونکی تفەنگیان لەسەر شانە، نابێ خۆیان لە خەڵک بە زیاتر بزانن. ڕاستە ئێمە دەڵێن کە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە، بەڵام هێزی پێشمەرگە بۆ خزمەت بە گەل پێکهاتووە. هەرچی پێشمەرگە دەیکا دەبێ لە پێناو خەڵکدا بێ، دەبێ ئاکار و ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکەکەی جوان بێ.
حیزبی دێموکرات حیزبی گەلی کوردە، پێشمەرگەیش دەبێ لە خزمەت میللەتەکەیدا بێ. کەوابوو هەم بۆ حیزب و هەم بۆ هێزی پێشمەرگە خەڵک لە سەرەوەی هەموو شتێکە.

### خەڵک لە ڕوانگەی شەهید دوکتور قاسملووەوە

لە تەواوی نووسین و لێدوانەکانی شەهید دوکتور قاسملوودا، خەڵکی کوردستان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، گەلی کورد و میللەتی کورد، بوونێکی هەمیشەییان هەیە. خەڵکی کوردستان بۆ شەهید قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبێکی میللی، سەرەکیترین تەوەری هەموو باس و لێکدانەوەکانی بووە. لە یەک نووسین و لێدوانی ئەم ئینسانەدا، هەست بە غاییبوونی خەڵک ناکرێ.
بۆ شەهید دوکتور قاسملوو، میللەتەکەی هەموو شتێک بووە. لە گەڵ ئەوەیکە پێشمەرگە بە «باسکی بەهێزی گەل» ناو دەبا و ڕاشکاوانە دەڵێ تەنیا شتێک کە زۆری نارەحەت دەکا شەهیدبوونی پێشمەرگەکانە، بەڵام دیسانیش پێی وایە خەڵک لە سەرووی هەمووی ئەمانەوەیە. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە و بە دەنگێکی بەرز و روو بە هێزی پێشمەرگە ڕادەگەیەنێ کە «ئێوە بۆ خزمەت بە خەڵک پێک هاتوون».
کاتێک کە شەهید قاسملوو هەموو تێکۆشەرانی حیزبەکەی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە لەوەیکە «میللەتێک چاوی لێمانە»، ئیدی خۆی و سەرجەم هاوسەنگەرانی لە سەر ئەو ئەسڵە یەکلا دەبنەوە کە، خەڵک بۆ حیزبی دێموکرات لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە.